حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

## قۆناغی بنەڕەتی
## پۆلی هەشتەم



حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان



# بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

## قۆناغی بنەڕەتی

## پۆلی هەشتەم





٨

چاپی شانزەهەم ٢٠٢٢ زاینی ٢٧٢٢ کوردی ١٤٤٣ کۆچی

**ئامادەکردنی**

لیژنەیەکی هاوبەش لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە

**پێداچوونەوەی زانستی و بژارکردنی**

**بەشی مێژوو**

د.نبیل فتحی حسین

**بەشی جوگرافیا**

خالد عمر مولود - کاوە جواد عمر - محمد عبدالله اسماعیل

**سەرپەرشتی زانستی چاپ**

د.نبیل فتحی حسین - کاوە جواد عمر

**پێداچونەوەی نەخشەکان**

سردار محمد عبدالرحمن

**پێداچونەوەی زمانەوانی**

هەڵمەت انور عمر

**ئامادەکردنی چالاکییەکان**

جمال عمر عبدالله - بۆتان کریم عبدالله

**نەخشەسازی ناوەڕۆك و سەرپەرشتی هونەری چاپ**

خالد سلیم محمود

**نەخشەسازی بەرگ**

ڕەوەند سعید صابر

# پێشەکی

مامۆستای بەڕێز/ قوتابی ئازیز.. کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دوو بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، ئەویش بەشی مێژوو و بەشی جوگرافیایە، ئەمساڵ پێداچوونەوەی زانستی و بژارکردن و شێوازی دیزاین و داڕشتنەوەی گۆڕانکاری تێدا کراوە، هەر بەشەش بەسەر چەند بەند و وانەیەك دابەشکراوە بەپێی پێوەرەکانی زانستی نوێی فێربوون، بەگوێرەی وانەکان چالاکی ناوپۆل و هەڵسەنگاندن و زانیاری و چالاکی ماڵەوەی بۆ دانراوە، بۆ ئەوەی قوتابی ئەو بابەتەی دەیخوێنێت فێری بێت و پرسیاری لەلا دروست ببێت، بتوانێت بابەتەکە هەڵبسەنگێنێت.

بەشێك لە پرسیارەکان پێویستی بە گەڕان و بەدواداچوون هەیە، لە سەرچاوەی دیکەی زانیارییەکان، بۆیە پێویستە مامۆستای بەڕێز ڕەچاوی ئەو چالاکییانە بکات کە بۆ ئەم کتێبە دانراون، بەشێوەیەك قوتابی تەوەری سەرەکی فێرکردن بێت، مامۆستاش ئاراستەکار و ڕێنیشاندەر بێت.

ئێوەی بەڕێزیش لە ڕێگای سەرنج و تێبینی و پێشنیازەکانتان دەتوانن بۆ چاپی داهاتوو کتێبەکە زیاتر دەوڵەمەند بکەن.

لیژنەی پێداچوونەوە

## پێرست (بەشی مێژوو)


| بەندەکان | وانە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| یەکەم/ | یەکەم | پێگەی جوگرافیای (نیمچە دورگەی عەرەب) | ١٢ |
| بانگەوازی ئیسلام | دووەم | سیفەتەکانی پێغەمبەر (د.خ) | ١٤ |
| وپێکهێنانی دەوڵەتی | سێیەم | کۆچکردن بۆ حەبەشە | ١٧ |
| ئیسلامی | چوارەم | پەیمان (گفت)ی یەکەمی عەقەبە | ٢٠ |
| | پێنجەم | کارە گرنگەکانی پێغەمبەر (د.خ) لە (مەدینە) | ٢٢ |
| | شەشەم | هەڵوێستی جوولەکەکان | ٢٤ |
| | حەوتەم | شەڕی ئوحود | ٢٧ |
| | هەشتەم | پەیوەندی کردنی پێغەمبەر (د.خ) بە پادشا و میر و دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆی | ٢٩ |
| دووەم/ | یەکەم | ئەبو بەکری صدیق | ٣٤ |
| دەوڵەتی ئیسلامی لە | دووەم | سەرکوتکردنی بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان | ٣٧ |
| سەردەمی خەلیفەکانی | سێیەم | عومەری کوڕی خەتاب | ٣٩ |
| ڕاشیدیندا | چوارەم | فتوحاتی ئیسلامی لەسەردەمی عومەر کوڕی خەتاب | ٤١ |
| | پێنجەم | فتوحاتی ئیسلامی لە (کوردستان) | ٤٥ |
| | شەشەم | عوسمانی کوڕی عەفان | ٤٨ |
| | حەوتەم | عەلی کوڕی ئەبی تالیب | ٥١ |
| سێیەم/ | یەکەم | بنەماڵی ئومەوی | ٥٦ |
| دەوڵەتی ئیسلامی لە | دووەم | یەزیدی کوڕی موعاویە | ٥٩ |
| سەردەمی خەلیفەکانی | سێیەم | وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك | ٦٣ |
| ئومەویدا | چوارەم | هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك | ٦٥ |
| چوارەم/ | یەکەم | بنەماڵەی عەباسی | ٧٠ |
| دەوڵەتی ئیسلامی لە | دووەم | سەردەمی یەکەمی عەباسی | ٧٢ |
| سەردەمی خەلیفەکانی | سێیەم | سەردەمی دووەمی عەباسی | ٧٥ |
| عەباسیدا | چوارەم | سەردەمی سێیەمی عەباسی | ٧٧ |
| | پێنجەم | دوایین چاخی عەباسی | ٨١ |
| پێنجەم/ | یەکەم | کوردستان و سەرەتاکانی پەیوەندی کورد بە ئیسلام | ٨٦ |
| کوردستان لە سەردەمی | دووەم | هەرێمە کوردییەکان لەسەردەمی ئیسلام | ٨٨ |
| ئیسلام | سێیەم | ڕاپەڕینە کوردییەکانی سەردەمی ئیسلام | ٩١ |
| | چوارەم | میرنشین و دەوڵەتە کوردییەکان | ٩٣ |
| | پێنجەم | میرنشینی حەسنەوەیهی | ٩٥ |
| | شەشەم | میرنشینی عەنازی | ٩٨ |
| | حەوتەم | دەوڵەتی ئەیوبی | ١٠١ |
| | هەشتەم | دەوڵەتی ئەیوبی لەسەردەمی مەلیکی صالیح | ١٠٤ |

## پێرست (بەشی جوگرافیا)


| بەندەکان | وانە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| یەکەم/ کیشوەری ئاسیا | یەکەم | کیشوەری ئاسیا (شوێنی جوگرافی) | ١١٤ |
| | دووەم | بەرزی و نزمی کیشوەری ئاسیا | ١١٧ |
| | سێیەم | هەرێمەکانی ئاو و هەوای کیشوەری ئاسیا | ١١٩ |
| | چوارەم | ڕوەکی سروشتی | ١٢١ |
| | پێنجەم | ڕوبار و دەریاچەکانی کیشوەری ئاسیا | ١٢٣ |
| | شەشەم | دانیشتوان، ئابوری ئاسیا | ١٢٥ |
| دووەم/ کیشوەری ئەوروپا | یەکەم | کیشوەری ئەوروپا( شوێنی جوگرافی) | ١٣٢ |
| | دووەم | بەرزی و نزمی ڕوی زەوی | ١٣٤ |
| | سێیەم | ئاو و هەوا، ڕووەکی سروشتی | ١٣٦ |
| | چوارەم | ڕوبار و دەریاچەکان | ١٣٩ |
| | پێنجەم | دانیشتوان | ١٤١ |
| سێیەم/ کیشوەری ئەفریقیا | یەکەم | ( شوێنی جوگرافی) | ١٤٦ |
| | دووەم | بەرزی و نزمی، ئاو و هەوای کیشوەری ئەفریقیا | ١٤٨ |
| | سێیەم | ڕووەکی سروشتی، ڕوبار و دەریاچەکان | ١٥٢ |
| | چوارەم | دانیشتوان | ١٥٥ |
| | پێنجەم | چالاکی ئابووری | ١٥٧ |
| چوارەم/ کیشوەری ئەمریکای باکور | یەکەم | ئەمریکای باکور(شوینی جوگرافی) بەرزی و نزمی | ١٦٢ |
| | دووەم | ئاو و هەوا | ١٦٦ |
| | سێیەم | ڕووەکی سروشتی، ڕووبار و دەریاچەکان | ١٦٨ |
| | چوارەم | دانیشتوان | ١٧٢ |
| پێنجەم/ کیشوەری ئەمریکای باشور | یەکەم | ئەمریکای باشور(شوێنی جوگرافی) | ١٧٨ |
| | دووەم | بەرزی و نزمی | ١٧٩ |
| | سێیەم | ئاو و هەوا | ١٨١ |
| | چوارەم | ڕووەکی سروشتی، ڕوبار و دەریاچەکان | ١٨٣ |
| | پێنجەم | دانیشتوان ،چالاکی ئابووری | ١٨٦ |
| شەشەم/ کیشوەری ئوستوڕالیا | یەکەم | کیشوەری ئوستوڕالیا شوینی جوگرافی | ١٩٠ |
| | دووەم | بەرز و نزمی ، ئاو و هەوا | ١٩٤ |
| | سێیەم | سامانی ئاو | ١٩٨ |
| | چوارەم | دانیشتوان | ٢٠٠ |
| | پێنجەم | چالاکی ئابووری | ٢٠٢ |
| حەوتەم / کیشوەری بەستەڵەکی باشور | یەکەم | کیشوەری بەستەڵەکی باشور (شوێنی جوگرافی) | ٢٠٤ |

## پلانی ساڵانە

بە گوێرەی هەردوو وەرزەكە، وەرزی یەكەم بابەتی )مێژوو( و وەرزی دووەم بابەتی )جوگرافیا( دەخوێندرێت، بەند و وانەكان بەپێی ساڵنامەی خوێندن، دابەشی سەر مانگەكانی ساڵی خوێندن دەكرێت و هەر مانگێك بەپێی خشتەی بەشەوانەی هەفتانە دابەشی سەر هەفتەكان دەكرێت.

## پلانی ڕۆژانە

هەنگاوەكانی پلانێكی نموونەیی بابەتی مێژوو – پۆلی هەشت

هەنگاوەكان:

قۆناغ: هەشتەم بەروار:

بابەت: مێژوو پۆل:

وانەی:

ناونیشان: دەوڵەتی ئەییوبی )٥ خولەك(

دەستپێك: مامۆستا ئازادە لە بەكارهێنانی هەر شێوازێك بۆ ئامادەكردنی قوتابیان پێش ئەوەی بچیتە ناو بابەتی وانەكە.

١- ڕەخساندنی كەشێكی گونجاو ٢- بەستنەوەی بابەتی پێشوو بە بابەتی نوێ

٣- خستنەڕووی بابەتی وانەكە.

### ئامانجی تایبەت:

١-ڕەسەن، زێدی ئەیوبییەكان و پیاوە هەرە دیارەكانی بنەماڵەی ئەیوبی دەناسێت.

٢-ڕۆڵی )سەلاحەددینی ئەیوبی( لە مێژووی ئەیوبییەكان هەڵدەسەنگێنێ.

٣-كارەكانی )سەلاحەددینی ئەیوبی( شیدەكاتەوە.

٤-كارەكانی )مەلیكی كامیل( دەژمێرێت.

**هۆیەکانی فێرکردن:**

-پێنووسی ڕەنگا و ڕەنگ )ماجیك(.

-تەختەی سپی )وایت بۆرد(.

-نەخشە.

-بەکارهێنانی هەر ئامرازێکی دیکە لە کرداری فێرکردن کە پەیوەندی بە بابەتەکە هەبێت.

خستنەڕوو و ڕێگا و شێواز و چالاکییەکانی وانە وتنەوە: )٢٥ خولەك(

مامۆستا لە قۆناغی یەکەم گفتوگۆی لەسەر بابەتی وانەکە دەکات، دواتر قوتابیان دەکاتە چەند گرووپێك و هەر یەك لە ئەندامانی گرۆپ ئەو چالاکییانە ئەنجام دەدەن:

١-پرسیار ئامادەکردن.

٢-ڕوونکردنەوە.

٣-پێشبینییەکان.

٤-کورتکردنەوەی بەشێك لە بابەتەکە کە مامۆستا پێیان ڕادەسپێریت و گروپەکان نوێنەرێکیان دەبێت و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەنجامدانی چالاکی و ئەرکی ئەندامەکان دەکات، دوای ئەنجامدان و تەواوبوونی ئەرکی گروپەکان ڕوون کردنەوە و شیکردنەوەی پێویست سەبارەت بە بابەتی وانە دەخرێتە ڕوو.

**ڕوونکردنەوەی ئەرکەکان:** ) ٥ خولەك (

١-پرسیار ئامادەکردن: واتا دروستکردنی پرسیار لە دێرەکانی بەشێکی بابەتەکە.

٢-ڕوونکردنەوە: واتا ڕوون کردنەوە و شیکردنەوەی زاراوە قورس و نەزانراوەکان.

٣-پێشبینییەکان: واتا دوای خوێندنەوەی بەشێکی بابەتەکە پێشبینی ڕووداوەکانی داهاتوو.

٤-کورتکردنەوە: واتا دەستنیشانکردنی خاڵە سەرەکییەکانی بەشەکە و لابردنی زانیاری دووبارەکراوە و کورت کردنەوەی بەچەند وشەیەك

## نموونەی پلانی ڕۆژانەی بابەتی جوگرافیا

قۆناغ: هەشتەم　　　　ڕێكەوت:

بابەت: جوگرافیا　　　　پۆل:

وانەی:

ناونیشان: دانیشتوانی كیشوەری ئەفریقیا

دەستپێك: مامۆستا ئازادە لە بەكارهێنانی هەر شێوازێك بۆ ئامادەكردنی قوتابیان پێش ئەوەی بچێتە ناو بابەتی وانەكە.

١.ڕەخساندنی كەشێكی گونجاو

٢.بەستنەوەی بابەتی پێشوو بە بابەتی نوێ

٣.خستنەڕووی بابەتی وانەكە.

### ئامانجی تایبەت:

١.كیشوەری ئەفریقیا بناسێت.

٢.گەورەترین وڵاتی كیشوەرەكە بزانێت.

٣.ڕەچەڵەك و دابەشبوونی دانیشتوانی ئەفریقیا پۆلێن بكات.

هۆیەكانی فێركردن:

-پێنووسی ڕەنگاو ڕەنگ )ماجیك(.

-تەختەی سپی )وایت بۆرد(.

-نەخشە.

-دروستكردنی خشتە بۆ لێكچوون و جیاوازیكردن.

-بەكارهێنانی هەر ئامرازێكی دیكە لە كرداری فێركردن پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێت.

خستنەڕووی ڕێگا و شێواز و چالاكییەكانی وانەوتنەوە:　　　　)٢٥ خولەك(

مامۆستا ڕوونكردنەوەی پێویست بۆ بابەتی وانەكە دەكات دواتر قوتابیان دەكاتە گروپ، داوایان لێدەكات ڕەچەڵەك و دابەشبوونی دانیشتوانی كیشوەری ئەفریقیا بەڕێگای نەخشەی هزری )چەمكەكان( بەم شێوازە پۆلێن بكەن :　　)٥ خولەك(

## ڕەچەڵەکی دانیشتوان

ڕەش پێستەکان
ڕێژەیان (٧٠٪)
باشور و ناوەڕاست

## دابەش بوونی دانیشتوان

ناوچەی خۆرئاوای ئەفریقیا
ڕێژەیان  نزیکەی(٣٠٪)

**هەڵسەنگاندن:** (٥ خولەك)

پرسیارەکانی ناو کتێب لاپەڕە (١٤٦) جوگرافیای هەشت، بەشێوەی پرسیار و وەڵام گفتوگۆی لەسەر دەگرێت.


**پوختەی وانە:** (٥ خولەك)

لە ئێستادا ژمارەی دانیشتوانی ئەفریقیا ( ١،٣) ملیار کەسە، وڵاتی نەیجیریا بەپلەی یەکەم دێت لە زۆری ژمارەی دانیشتوان، وڵاتی ئەسیوبیا بەپلەی دووەم دێت. ڕەچەڵەکی دانیشتوانی کیشوەرەکە دەکرێتە (٤) بەش و دابەشبوونی دانیشتوانیان بەم شێوەیە ناوچەی خۆرئاوا و ناوەڕاست و خۆرهەڵات و باکور و باشوری ئەفریقیا.

**چالاکی ماڵەوە:**

لە کتێب ئاماژەی پێکراوە لاپەڕە (١٤٦) . بۆ وانەی داهاتوو گفتوگۆ و شیکردنەوە بۆ ئەرکی ماڵەوە بکرێت.

# وەرزی یەکەم
# بەشی مێژوو



مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق

# بەندی یەکەم

## بانگەوازی ئیسلام وپێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی

### ئامانجەکانی فێربوون

١- قوتابی شوێنی (نیمچە دورگەی عەرەب) و بەشێك لە شارەکانی لەسەر نەخشە دیاریدەکات.

٢- گرنگی پێگەی شاری (مەککە) هەڵدەسەنگێنێ.

٣- شارەزایی لە ژیانی موحەمەد (د.خ) پێش پێغەمبەرایەتی دەبێت.

٤- قۆناغەکانی بانگەوازی ئیسلام لەیەك جیادەکاتەوە.

٥- کارەکانی پێغەمبەر (د.خ) لە (مەدینە) هەڵدەسەنگێنێ.

٦- بەشێك لە شەڕەکانی بەرگریکردن لە ئیسلام دیاریدەکات و هۆیەکانی تێدەگات.

٧- خاڵەکانی ڕێکەوتنی (حودەیبییە) دەژمێرێت.

٨- پێغەمبەر (د.خ) وەك سمبولێك لەسەر لێبوردەیی دەناسێت.

## وانەی یەکەم/

### پێگەی جوگرافیای (نیمچە دورگەی عەرەب)

نیمچە دورگەی عەرەب، زێدی ئیسلام، دەکەوێتە لای باشوری خۆرئاوای کیشوەری (ئاسیا)، ئاوی دەریاکان لە سێ لاوە دەوری داوە: لە خۆرهەڵاتەوە (کەنداوی عەرەب) و لە خۆرئاوا (دەریای سورە) و لە باشورەوە (دەریای عەرەب) و (زەریای هیندی) و لە باکورەوە هاو سنوورە لەگەڵ (وڵاتی شام) و (عیراق).

### پێگەی (مەککە):

شاری (مەککە)، شوێنی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد (د.خ)، هەر لە کۆنەوە پلە و پایەیەکی تایبەتی هەبووە چونکە شوێنی یەکەمین ماڵی خوایە کە (کەعبەی پیرۆزە) و پێغەمبەر ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بنیاتی ناوە، هەر لەو کاتەوە بە پیرۆز ڕاگیراوە و خەڵکان لەهەموو لایەکەوە بە مەبەستی حەجکردن ڕوویان تێکردووە.

لە لایەکی تریشەوە هەڵکەوتەی شاری (مەککە) وایە کە کەوتبووە سەر ڕێگەی بازرگانی، کاروانە بازرگانییەکان لە (وڵاتی شام)ەوە بۆ (یەمەن) و بە پێچەوانەشەوە بە (مەککە) دەڕۆیشتن، بەمەش ببووە شارێکی بازرگانی و لە (قورئانی پیرۆز)یش لە سورەتی (قورەیش) ئاماژە بەوە کراوە.

لەسەردەمی (قوسەی کوڕی کیلاب)، کە یەکێکە لە باپیرانی پێغەمبەر (د.خ)، خێڵی (قورەیش) لەشاری (مەککە) نیشتەجێبووە، ئەمەش خێڵێکی عەرەبی گەورەیە لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە سەر پێغەمبەر ئیسماعیل (سەلامی خوای لەسەر بێت) کە خۆی تەرخانکرد بۆ خزمەتکردنی (کەعبەی پیرۆز).

وێنەیەکی نوێی (کەعبەی پیرۆز)



**زانیاری:**

* (وڵاتی شام) وشەیەکی مێژووییە هەر چوار وڵاتی (سوریا، لوبنان، ئوردون و فەلەستین)ی ئێستا لە خۆ دەگرێت.

## ژیانی موحەمەد (د.خ) پێش پێغەمبەرایەتی

پێغەمبەر موحەمەد (د.خ) کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی عەبدولموتتەڵیب، لە بنەماڵەی (بەنو هاشیم)ە سەر بە خێڵی (قورەیش) بووە، لە ساڵی (٥٧١ی ز) لەدایکبووە کە بە (ساڵی فیل) ناسراوە، لە بەر ئەوە لەم ساڵەدا (حەبەشییەکان) بە سەرکردایەتی (ئەبرەهە)و بەکارهێنانی ژمارەیەك لە (فیل) هێرشیان هێنایە سەر (مەککە)، بەمەبەستی داگیرکردنی و ڕوخاندنی (کەعبەی پیرۆز)، بەڵام سەرنەکەوتن و لە (قورئانی پیرۆز)یش لە سورەتی (فیل) ئاماژە بەوە کراوە.

عەبدوڵڵای باوکی کۆچی دوایی کردووە پێش لەدایکبوونی کوڕەکەی موحەمەد (د.خ). پێغەمبەر موحەمەد (د.خ) چوار ساڵی یەکەمی منداڵی خۆی لە بیابان بەسەربرد لای خێڵی (بەنی سەعد)، ئافرەتێك بەناوی (حەلیمەی سەعدییە) دایەنێتی دەکرد و ئەوە بووە هۆی پێگەیشتنی بە پتەوی و لەش ساغی و زمان پاراوی. کاتێک کەتەمەنی گەیشتە شەش ساڵ (ئامینە)ی دایکی کۆچی دوایی کرد، لەبەرئەوە (عەبدولموتتەڵیب)ی باپیری بردیە لای خۆی و سەرپەرشتی و پەروەردەکردنی گرتە ئەستۆی خۆی، بەڵام لەتەمەنی هەشت ساڵیدا باپیریشی کۆچی دوایی کرد، ئینجا (ئەبوو تاڵیب)ی مامی بردیە لای خۆی و بەخێویکرد.

پێغەمبەر موحەمەد (د.خ) لە سەرەتای لاوێتیدا شوانییەتی مەڕو ماڵاتی لە (مەککە) دەکرد، لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا کاری بازرگانی بە کرێ بۆ ژنە بازرگانی شاری (مەککە) (خەدیجەی کچی خوەیلید) کردووەو بەهۆی دڵسۆزی و دەست پاکییەکەی (خەدیجە) کرێیەکەی بۆ کردە دوو ئەوەندە و لەبەر ئاکارە دروست و بەجێیانەی و ڕەوشتە بەرزەکەی (خەدیجە) مێردی پێکرد.



هێرشهێنانی (ئەبرەهەی حەبەشی) بۆ سەر (مەککە)

### چالاکی:

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی گفتوگۆکردن، مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات سەبارەت بە: جوگرافیای (نیمچە دوورگەی عەرەب)، پێگەی (مەککە)، خێڵی قورەیش، ژیانی موحەمەد (د.خ) پێش پێغەمبەرایەتی.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەك:

١/ لەسەر دەستی کێ (کەعبەی پیرۆز) بنیاتنرا؟

٢/ بۆ چی ساڵی لەدایکبوونی پێغەمبەر د.خ بە (ساڵی فیل) ناسراوە؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست پیرۆزی شاری (مەککە) لە پێش ئیسلام بە چەند دێرێك لێکبدەرەوە، بە پشت بەستن بە کتێبخانەی قوتابخانە یان تۆڕی ئینتەرنێت.

## وانەی دووەم/ سیفەتەکانی پێغەمبەر (د.خ)

پێغەمبەر موحەمەد (د.خ) لە تەمەنی لاوێتیدا بە ڕاستگۆ و دەستپاك ناسرابوو و لە نێو خەڵکدا بە مامەڵەی ڕێك و ڕەفتار جوانی و بەجێگەیاندنی بەڵێن و سەرجەم ڕەوشتە بەرزەکان بەناوبانگ بوو، هەروەها بەوە ناسراوە کە خاوەن عەقڵێکی دروست و ڕاوبۆچوونی ڕەسەن بووە، بۆ نموونە جارێکیان لەبەر دارمانی دیوارەکانی (کەعبەی پیرۆز) بەهۆی باران بارینی زۆرەوە، خەڵکی (مەککە) بڕیاریاندا کە بەتەواوی بیڕووخێنن و دووبارە سەر لە نوێ دروستی بکەنەوە، بەڵام کە ویستیان (بەردە ڕەشەکە) لە شوێنی خۆی دابنێنەوە، ناکۆکییەکی توند کەوتە نێوانیان چونکە هەر خێڵێك دەیویست شەرەف و گەورەیی ئەم کارە بۆ ئەو بێت، هەتا پێغەمبەر موحەمەد (د.خ) توانی هەموو لایەك ڕازی بکات، کە پۆشاکەکەی بەری لەسەر زەوی دانا و بەردە ڕەشەکەی لەسەر دانا و داوای لێکردن کە هەر یەکەیان لایەکی پۆشاکەکە بگرن و بەرزی بکەنەوە، تا وەکو بگاتە ئاستی شوێنی بەردەکە، ئەو کاتە بەدەستی خۆی بەردەکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە و بە هۆشمەندی خۆی ئاگری شەڕێکی گەورەی دوور خستەوە لە نێوان خێڵە عەرەبییەکان.

## هاتنی سروش (الوحي) بۆ پێغەمبەر (د.خ)

پێغەمبـەر موحەمـەد (د.خ)، پێـش پێغەمبەرایەتـی بـە چەنـد سـاڵێکی کـەم، دەچـووە دەرەوەی شـاری مەککـە بـۆ ئەشـکەوتی (حیـراء)، کـە چیایەکـە دەکەوێتـە لای باکـووری خۆرئـاوای مەککـە)، لەوێـدا هـەر سـاڵەی بـۆ مـاوەی مانگێـك کـە مانگـی (ڕەمـەزان) بـوو، دەمایـەوە بەتەنها بیـری لـە نیشـانەکانی گەورەیـی خـوای پـەروەردەگار و دەسـەڵاتە بێسـنورەکەی لـە دروسـتکردنی بوونـەوەر و گـەردون دەکـردەوە. لەسـەر ئـەم حاڵـەش بـەردەوام بـوو تاکـو دەوروبـەری سـاڵی (٦١٠ی ز)، کاتێـک پێغەمبـەر (د.خ) تەمەنـی چـل سـاڵی تەواوکـرد، وەحـی (سـروش)ی لـەلای خـوا بـۆ هـات و ئـەم ئایەتـە پیرۆزانـەی بـۆ خوێنـدەوە:

«اقـرأ باسـم ربِّـكَ الـذي خَلَـق، خَلَـقَ الإنسـان مـن عَلَـق، اقـرأ وربُّـكَ الأكـرم، الـذي عَلَّـمَ بالقلـم، عَلَّـمَ الإنسـان مـا لـم يعلـم».



ئەشکەوتی (حیراء)

## بانگەوازی ئیسلام

بانگەوازی ئیسلام لە ژیانی پێغەمبەر (د.خ) بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە:

### قۆناغی یەکەم/ بانگەوازی نهێنی:

پێغەمبەر موحەمەد (د.خ)، دوای هاتنە خوارەوەی سروش بۆی بە فەرمانی خوا دەستیکرد بە بانگکردنی خەڵك بۆ پەرستنی (الله)، کە خودایەکی تاك و تەنیا و وازهێنان لە بتپەرستی. ئەو کارەش بە نهێنی بوو لە ترسی کاردانەوەی خراپی (قورەیش)ە بتپەرستەکان و ماوەی سێ ساڵی خایاند لە (مەککە)و لەو ماوەیە نزیکەی چل کەس لە ژنان و پیاوان باوەڕیان بە بانگەوازی پێغەمبەر (د.خ) هێنا، یەکەمیان (خەدیجە)ی هاوسەری بوو، ئینجا (عەلی کوری ئەبی تالیب)ی ئامۆزای، یەکەم کەسیش لە کۆیلەکان کە موسڵمان بوو (بیلال کوری ڕەباحی حەبەشی)بوو. موسڵمانەکان لەم ماوەیەدا بە نهێنی چاویان بەیەك دەکەوت و لە ماڵی (ئەرقەم کوری ئەبی ئەرقەمی مەخزوومی) کۆدەبوونەوە کە تیایدا پێغەمبەر(د.خ) ئایەتەکانی (قورئانی پیرۆز)ی پێ ڕادەگەیاندن و دوور لە چاوی بتپەرستەکانی(قورەیش) ئامۆژگاری دەکردن.

### قۆناغی دووەم/ ئاشکراکردنی بانگەواز:

لە دوای سێ ساڵ لە بانگەوازی نهێنی، خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەر (د.خ) کرد بۆ ئاشکراکردنی بانگەوازەکەی و ڕووبەڕووبونەوەی بتپەرستەکان بە پێی ئایەتی **«فاصدع بما تُؤمر وأعرض عن المشركين، إنَّا كفيناك المستهزئين»**.

ئەم قۆناغە سەرەتای ئەشکەنجەدانی پێغەمبەر (د.خ) و شوێن کەوتووانی بوو کە چەند شێوەیەکی لەخۆ گرت وەك: گرتن و ڕاوەدوونان و لێدان و سوکایەتی پێکردن... هتد، بەڵام هەموو ئەو دژایەتیکردنە وای لە موسڵمانان کرد کە زیاتر پێداگیری بکەن لەسەر دڵسۆزی بۆ ئایینەکەیان.

**چالاکی:**

قوتابیان دەکرێنە کۆمەڵە گرووپێك، بەشێك لە گروپەکان پرسیار دروست دەکەن و بەشێکی تر وەڵام دەدەنەوە، سەبارەت بەم بابەتانە: سیفەتەکانی پێغەمبەر (د.خ)، هاتنی سرووش (الوحي) بۆ پێغەمبەر (د.خ)، قۆناغی (نهێنی) بانگەوازی ئیسلام، قۆناغی (ئاشکراکردنی بانگەواز).

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابییان دەكات وەك:

١/ پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) لە تەمەنی لاوێتیدا بە چ بەناوبانگ بوو؟

٢/ پێغەمبەر (د.خ) بیری لە چ دەكردەوە كاتی دەرچوونی بۆ ئەشكەوتی (حیراء)؟

## چالاكی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست بە بۆچوونی خۆت و بە هاوكاری یەكێك لە ئەندامانی خێزانەكەت چۆن پێداگیریكردنی موسڵمانان لەسەر دڵسۆزی بۆ ئایینەكەیان هەڵدەسەنگێنی بەرامبەر بە دژایەتیكردنی بتپەرستەكان؟

## وانەی سێیەم/ كۆچكردن بۆ (حەبەشە)

بەهۆی زیادبوونی بەردەوامی ئازار و مەینەتییەكانی هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) لەسەر دەستی بتپەرستەكانی شاری (مەككە)، پێغەمبەر(د.خ) لە ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتی، داوای لێكردن كە كۆچ بكەن بۆ (حەبەشە) كە پادشاكەی مەسیحییەكی دادپەروەر بوو. كۆچكردووان لە ڕێگای (دەریای سوور)ەوە چونە (یەمەن)، ئینجا لەوێوە بە سواری كەشتی بازرگانی پەڕینەوە بۆ (حەبەشە). هەرچەندە بتپەرستەكانی (قورەیش) ویستیان دەستیان پێیان بگات و بیانگێڕنەوە بەڵام هەوڵەكانیان بێ سوود بوو. نەجاشی پادشای حەبەشە، زۆر ڕێزی لە موسڵمانە كۆچكردووەكان گرت و بەڵێنی پاراستن و حەوانەوەی پێدان كە بەخۆشی و بە ئارامی لە وڵاتەكەی گوزەران ببەنە سەر. هەرچەندە بتپەرستەكانی (قورەیش) هەوڵیان دا كە قەناعەت بە (نەجاشی) بهێنن، ئەمەش لە ڕێگای وەفدێك بوو كە (عەمروی كوری عاص) سەركردایەتی دەكرد، بۆ ئەوەی داڵدەی موسڵمانە كۆچكردووەكان نەدات و بیانگێڕێتەوە بۆ (مەككە) ، بەڵام هەوڵەكانیان بە ئاكام نەگەیشت، جێگای ئاماژەیە ئەم كۆچكردنەی موسڵمانان بۆ (حەبەشە)، بە یەكەم كۆچكردن دادەنرێت لە مێژووی ئیسلامدا.



نەجاشی داواكاری وەفدی (قورەیش) بە گەڕاندنەوەی كۆچكردووەكان بۆ (مەككە) ڕەتدەكاتەوە

**زانیاری:**

(حەبەشە) وڵاتێکە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کیشوەری (ئەفریقیا)، خەڵکەکەی لەسەر ئایینی (مەسیحی) بوون، (نەجاشی) نازناوی پادشاکانی بوو، ئێستا ناسراوە بە (ئەسیوبیا).

## دابڕینی گشتی:

کاتێك هەواڵی ڕێزلێنانی (نەجاشی) لە موسڵمانە کۆچکردووەکان گەیشتە (قورەیش)، گەورە پیاوانیان زۆر دڵگران بوون و بڕیاریاندا ڕێگایەکی دیکە بگرنە بەر بۆ ئازاردانی پێغەمبەر (د.خ) و شوێن کەوتووانی، ئەویش بڕیاری پچڕاندنی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو لەگەڵ (بەنو هاشم) و بەرەبابی (عەبدولموتتەلیب). بە پێی ئەو بڕیارە کە نووسرایەوە و لەناو (کەعبەی پیرۆز) هەڵواسرا، تاکو هەموو لایەك پابەندبن بە ناوەرۆکەکەی، هەموو جۆرە مامەڵەیەك و کڕین و فرۆشتن و بازرگانی و ژنوژنخوازی قەدەغەکرا لەگەڵ ئەم دوو بەرەبابە. ئەوەبوو ئەندامانی ئەم دوو بەرەبابە بە پیاوو ئافرەت و منداڵیانەوە دوور خرانەوە بۆ دۆڵەکانی (ئەبو تالیب) و ئابڵۆقەیان خرایە سەر. ئەم دابڕینە، ماوەی سێ ساڵی خایاند، لەم ماوەیەدا موسڵمانەکان دەردو مەینەتیەکی زۆریان چێشت، بەڵام نەبووە هۆی لاوازکردنی بیروباوەڕەکەیان.

## دەرچوونی پێغەمبەر (د.خ) بۆ (تائیف):

پێغەمبەر (د.خ) دوای ئەوەی کە بینی، ئیتر دانیشتوانی (مەککە)، ئەستەمە باوەڕی پێ بهێنن، بیری کردەوە کە بانگەوازەکەی بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی (مەککە) و بە هاوڕێیەتی (زەید کوڕی حاریسە) بەرەو شاری (تائیف) ڕۆیشتن، بە ئومێدی ئەوەی کە خێڵی (سەقیف)، گەورەترین خێڵە نیشتەجێکانی ئەم شارە، باوەڕی پێبهێنن، بەڵام خەڵکی (تائیف) کاردانەوەکی خراپیان نواند بەرامبەری وداوایان لێکرد بە زووترین کات شارەکەیان جێ بهێڵێ. بەم شێوەیە ئەم هەوڵەی پێغەمبەر (د.خ) لە بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە دەرەوەی (مەککە) سەری نەگرت.

**زانیاری:**

* (دۆڵەکانی ئەبو تالیب) ناوچەیەکە لە (مەککە)، دەکەوێتە نزیك چیای (ئەبو قوبەیس)، پێش ئیسلام شوێنی نیشتەجێبوونی (بەنو هاشیم) بوو.

* (تائیف) یەکێکە لە شارە بەناوبانگەکانی (حیجاز)، دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی (مەککە)، بەناوبانگە بە بەروبومە کشتوکاڵییەکانی و کەش و هەوایە خۆشەکەی.

## بانگهێشتکردنی خێڵە عەرەبییەکان بۆ بە ئیسلام بوون

پێغەمبەر (د.خ) بەباشی زانی، بانگەوازەکەی بە شاندی خێڵە عەرەبییەکانی دەرەوەی (مەککە) ڕابگەیەنێت کە بە مەبەستی حەجکردنی ساڵانە، لە وەرزی حەجدا سەردانی (مەککە)یان دەکرد و داوای لێکردن کە واز بێنن لە بتپەرستی و تەنها خودایەکی تاک و تەنیا بپەرستن و هاوبەشی بۆ پەیدا نەکەن، هەروەها داوای پشتیوانی کردن و سەرخستنی لێکردن بەسەر بتپەرستەکانی (قورەیش). هەڵوێستی شاندی خێڵە عەرەبییەکان جیاواز بوو: هەندێکیان بە شێوەیەکی نارێك و ناشیرین بانگەوازەکەیان ڕەتکردووە و هەندێکیشیان باوەڕیان پێی هێناو دڵیان نەرم بوو.

لەو کاتەی کە پێغەمبەر (د.خ) لە شوێنێك پێیدەوترێت (عەقەبە) بوو، چاوی بە کۆمەڵێك لە کەسایەتی سەر بە هەر دوو خێڵی (ئەوس) و (خەزرەج)ی دانیشتووی (یەثریب) کەوت و داوای ئیسلام بوونی لێکردن، ئەوانیش ئیسلام بوون. پاش گەڕانەوەیان بۆ شاری (یەثریب) دەنگ و باسی پێغەمبەر (د.خ) و پەیامەکەیان بۆ کەسو کارو نزیکەکانی خۆیان باسکرد.

### چالاکی:

مامۆستا بە شێوازی ڕۆڵ بینین ڕۆڵ بە قوتابییان دەدات بۆ نمایشکردنی کۆچکردنی موسڵمانان بۆ (حەبەشە)و دواتر قوتابییان گفتوگۆ دەکەن لەسەر بابەتەکە بە هاوکاری مامۆستا.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەك:

١/ چۆن موسڵمانە کۆچکردووەکان گەیشتنە (حەبەشە)؟

٢/ بۆ چی بڕیاری دابڕینی گشتی لەناو (کەعبەی پیرۆز) هەڵواسرا؟

### چالاکیماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست بە بۆچوونی خۆت و بە هاوکاری یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت چۆن فەرمانی پێغەمبەر (د.خ) بەناردنی موسڵمانان بۆ (حەبەشە) و لەهەمان کات هەڵوێستی (نەجاشی) بەرامبەریان، بیرۆکەی (پێکەوەژیان) دەردەخات؟

## وانەی چوارەم/

### پەیمان (گفت)ی یەکەمی عەقەبە (٦٢١ی ز):

لە ساڵی دوازدەمی پێغەمبەرایەتی، لە وەرزی حەجدا دوازدە کەس لە خەڵکی (یەثریب) کە سەر بە هەردوو خێڵی (ئەوس) و (خەزرەج) بوون، بۆ حەج هاتبوون بۆ (مەککە)، لە شوێنێك پێیدەوترێت (عەقەبە)، چاویان بە پێغەمبەر (د.خ) کەوت و لە گەڵی کۆبوونەوە و بەڵێن و پەیمانی پشتگیریان پێدا کە ناسراوە بە (گفتی یەکەمی عەقەبە). پێغەمبەریش (د.خ) یەکێك لە هاوەڵانی خۆی کە ناوی (موصعەب کوڕی عومەیر) بوو، لەگەڵی ناردن بۆ (یەثریب)، بۆ ئەوەی فێری (قورئان)یان بکات و لە ئیسلام شارەزایان بکات.

### پەیمان (گفت)ی دووەمی عەقەبە (٦٢٢ی ز):

لە ساڵی سیانزدەمی پێغەمبەرایەتی، هەر لە وەرزی حەجدا، چەند کەسێك لە خەڵکی (یەثریب) کە تازە موسڵمان بوو بوون، لە هەردوو خێڵی (ئەوس) و (خەزرەج) هاتنە (مەککە)، پێغەمبەر (د.خ) هەر لە (عەقەبە) لەگەڵیان کۆبۆوە و چەند ئایەتێکی (قورئانی پیرۆز)ی بۆ خوێندنەوە و هانیدان لەسەر باوەڕهێنان بە ئیسلام، ئەوانیش بانگەوازەکەیان وەرگرت و پەیمانیان پێدا، کە بەرگری لێبکەن، هەروەها پێشنیازیان کرد کە کۆچ بکات بۆ شارەکەیان وە بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێدەکەن.

ئەم پەیمانەش بە (گفتی عەقەبەی دووەم) ناسراوە، کە ڕێ خۆشکەر بوو بۆ کۆچکردنی موسڵمانان بۆ (یەثریب). بێگومان کە هەڵوێستی نوێنەرانی (ئەوس)و (خەزرەج) بوە هۆی بەرزکردنەوەی ورەی موسوڵمانان و هاندانیان بۆ کۆچکردن بۆ (یەثریب).

### کۆچکردن بۆ (مەدینە):

کاتێك (قورەیش) بەمەی زانی کە کەسانێکی دانیشتووی (یەثریب) پەیمانی پشتگیریان بە پێغەمبەر (د.خ) داوەو باوەڕیان بە بانگەوازەکەی هێناوە، زۆر شڵەژان و ئازاردانی موسڵمانانیان زیاتر کرد. لەبەر ئەوە پێغەمبەر (د.خ) فەرمانیدا بە شوێنکەوتووانی، ڕێگەی (یەثریب) بگرنەبەر و کۆچ بکەن بۆ ئەم شارە. لەسەر ئەم فەرمانە، موسڵمانان بە تاك و بە کۆمەڵ، دوای خۆ ئامادەکردن، بە نهێنی و دوور لە چاوی (قورەیش)، هەنگاویان نا بەرەو کۆچکردن، تا وای لێهات موسڵمانێك لە (مەککە) نەمایەوە جگە لە پێغەمبەر (د.خ) و (ئەبو بەکری صدیق) و (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) نەبێ.

## هەوڵدانی قورەیش بۆ لەناوبردنی پێغەمبەر(د.خ)

دوای ئـەوەی قورەیـش دڵنیـا بـوو لـە باشـی و خۆشـگوزەرانی موسـڵمانەکان لـە (مەدینـە)، گـەورە پیـاوان کۆبوونەوەیەکیـان گرێـدا لـە (دارولنـەدوە) و بڕیاریـان دا کـە لـە هـەر خێڵێك لاوێکـی بوێـرو چاونەتـرس دیـاری بکرێـت و بـە هەموویـان بچنـە سـەر پێغەمبـەر (د.خ) و لـە شـەوێکی تاریکـدا بیکـوژن و خوێنەکەشـی ون بێـت لەنێـو خێڵـەکان، تاکـو بەرەبابـی پێغەمبـەر (د.خ) نەتوانـن شـەڕی تـەواوی خێڵـەکان بکـەن و ناچاربـن کـە بـە قەرەبـوو (خوێنـدان) ڕازی بـن، بـەڵام ئـەم پلانـە سـەرکەوتوو نەبـوو چونکـە لـە شـەوی بڕیاردانـی بـۆ کۆچکـردن، پێغەمبـەر (د.خ) لـە جێگـەی خـۆی نەخەوتبـوو بەڵکـو داوای لـە (عەلـی کـوڕی ئەبـی تاڵیـب)ی ئامـۆزای کردبـوو لـە جێگـەی ئـەو بخەوێـت.

پێغەمبـەر (د.خ) لەگـەڵ (ئەبـو بەکـر) بـە دوو قۆڵـی لـە (مەککـە)وە بـەرەو (یەثریـب) دەرچـوون، لەگـەڵ ڕێنیشـاندەرێك بـۆ ئـەوەی ڕێگایەکـی تـری (یەثریب)یـان نیشـان بـدات جیـا لـەو ڕێگایـەی کـە زانـراو بـوو، تاکـو بـێ بـاوەڕان بـە ڕێگاکەیـان نەزانـن و پـاش چەنـدان ڕۆژ گەیشـتنە (یەثریـب)و خەڵکەکـەی زۆر بـە گـەرم و گـوڕی پێشـوازیان لێکـردن.

پـاش کۆچکردنـی پێغەمبـەر (د.خ) بـۆ (یەثریب)، نـاوی ئـەم شـارە گـۆڕا بـۆ (مەدینـە) و بـوو بـە پایتەختـی دەوڵەتـی ئیسـلامی، ئەمـەش بۆتـە هـۆکاری دەرکەوتنـی گرنگـی زیاتـری شـارەکە.

### زانیاری:

(دارولنـەدوە)، (خانـەی کۆڕتیاگرتـن)، ئـەم شـوێنەیە کـە پیـاو ماقوڵانـی شـاری (مەککـە) تیایـدا کۆدەبوونـەوە بـۆ ڕێکخسـتن و بەڕێوەبردنـی کاروبـاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری شـارەکە، لەسـەر دەسـتی (قوسـەی کـوڕی کیـلاب)، دامەزرا.

### چالاکی:

قوتابیـان بـە گـروپ شـیکردنەوە و ڕوونکردنـەوە بـۆ ئـەم بابەتانـە دەکـەن: (گفتـی یەکەمـی عەقەبـە)، گرنگـی (گفتـی دووەمـی عەقەبـە)، هۆیەکانـی کۆچکـردن بـۆ (مەدینـە)، هەوڵدانـی قورەیـش بـۆ لەناوبردنـی پێغەمبـەر (د.خ).

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات وەك:

١/ بۆ چی پێغەمبەر (د.خ) یەکێك لە هاوەڵەکانی کە ناوی (موصعەب کوڕی عومەیر) بوو ناردە (مەدینە)؟

٢/ بۆ چی گرنگی (مەدینە) زیاتر بوو پاش کۆچکردنی پێغەمبەر (د.خ)؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابـی خۆشەویسـت بـە بۆچوونـی خـۆت و بـە هـاوکاری یەکێـك لـە ئەندامانـی خێزانەکـەت، واتـای (کۆچکـردن) چ دەگەیەنێـت وە چ جیـاوازی هەیـە لـە گـەڵ گەشـتکردن؟ ئەمـە بـە چەنـد دێرێـك ڕوونبکـەوە.

## وانەی پێنجەم/ كارە گرنگەكانی پێغەمبەر (د.خ) لە (مەدینە)

### یەكەم/ دروستكردنی مزگەوت:

پێغەمبەر (د.خ) لە ڕێگای كۆچكردن بۆ (مەدینە)، كاتێك كە نزیك بوو لەم شارەوە گەیشتە دێی (قوباء) كە (١٠)كم لە (مەدینە)وە دوورە، لەوێدا لەگەڵ (ئەبو بەكر) لایانداو چوار ڕۆژ تیایدا مانەوە، سەرەتا مزگەوتێكی دروستكرد كە بە مزگەوتی (قوباء) ناسراوە. دوای ئەوە درێژەی بە سەفەرەكەی دا تاكو گەیشتە (مەدینە)، یەكەم كاریشی كە لەوێ ئەنجامیدا، دروستكردنی مزگەوت بوو، كە بە هاوكاری موسڵمانانی كۆچكردوو و موسڵمانانی پشتیوان دروستكرا. پێغەمبەر (د.خ) خۆیشی بەشداریكرد لە كاركردن بۆ دروست كردنی مزگەوتەكە. زۆری نەبرد ئەو مزگەوتەی سەرەتا بە شێوەیەكی سادەو ساكار دروستكرا، بوو بە مەڵبەندێكی ڕوحی و سیاسی بۆ ئەنجامدانی نوێژ و عیبادەتەكانی دیكە و بەڕێوەبردنی كاروباری سیاسی و سەربازی دەوڵەتە نوێیەكە.

**زانیاری:**

* (موسڵمانانی كۆچكردو) زاراوەیەك ئەم كۆمەڵە موسڵمانانە دەگرێتەوە كە باوەڕیان بە پێغەمبەر (د.خ) هێنا و لەسەر فەرمانی لە شاری (مەككە) كۆچیانكردووە بۆ (مەدینە).
* (موسڵمانانی پشتیوان) زاراوەیەك ئەم كۆمەڵە موسڵمانانە دەگرێتەوە كە خەڵكی شاری (مەدینە)ن باوەڕیان بە پێغەمبەر (د.خ) هێنا و بەخێرهاتنیان كرد لە شارەكەیان و هاوكاریان كرد و بەرگریان لە ئیسلام كرد.

تابلۆیەك بۆ مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) لە (مەدینە) لە ساڵی (١٨٥٧)ی ز



**دووەم/ دروستكردنی برایەتی لە نێوان (كۆچ كردووان) و (پشتیوانان):**

هەنگاوی دووەمی پێغەمبەر (د.خ) لە (مەدینە)، چارەسەركردنی ئەو قەیرانە دارایی و گوزەرانییە بوو كە لە ئەنجامی بەجێهێشتنی ماڵ و حاڵەوە دروستبببوو بوو لای كۆچكردووانی (مەككە)، بە مەبەستی ڕێكخستنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و دڵنەوایی كردنی كۆچكردووان و ڕەواندنەوەی تەنهایی و بێ حاڵیان، پێغەمبەر (د.خ) فەرمانیدا كە هەر كۆچكردووێك و پشتیوانێك ببنە برای یەكتر لە پێناوی خوا. بەمەش یەكێتی موسڵمانان پتەوتر و ڕیزەكانیان توندوتۆڵتر دەبێت و بەمەش هەر پشتیوانێك كۆچكردویەكی كردە برا و هاوبەشی خۆی لە موڵك و ماڵی.

**سێیەم/ دەستوور (بەڵگەنامە)ی مەدینە:**

گرنگترین هەنگاوە لە مێژووی ئیسلام لە (مەدینە)، هەنگاوی سێیەمی پێغەمبەر (د.خ) دارشتنی بەڵگەنامەیەك بوو بۆ ڕێكخستنی پەیوەندییەكان لە نێوان ئەندامانی كۆمەڵگەی ئیسلامی بە كۆچكردوو پشتیوانەوە، لە لایەكی تریشەوە لە نێوان موسڵمانەكان و ئەو كۆمەڵانەی تر كە لە (مەدینە) نیشتەجێ بوون بەتایبەتیش (جولەكەكان). ئەم بەڵگەنامەیە چەند خاڵێكی زۆر گرنگی تێدابوو، دەتوانین بەكورتی هەندێك لە بەندەكانی بخەینە ڕوو:

١- هەموو موسڵمانان یەك (ئوممەت)ن.

٢- پاراستنی هەر كەسێك و چینێك كە دەیەوێت بە شێوەیەكی ئاشتیانەو بە گیانێكی هاوكارانە لەگەڵ موسڵمانان بژین و قەدەغە كردنی هەر جۆرە ستەمێك دەرحەقیان.

٣- پێویستە موسڵمان و ناموسڵمان هاوكاری یەك بن و پشتی یەك بگرن بۆ دوور خستنەوەی هەر مەترسییەك لەسەر دەوڵەت.

٤- موسڵمان و ناموسڵمان، نابێت دوژمنانی دەوڵەت بپارێزن و یارمەتیان بدەن.

٥- پێویستە دەوڵەت هەر ناموسڵمانێك سەربخات ئەگەر دووچاری ستەم هات و دەستدرێژی كرایە سەر هەر وەك چۆن موسڵمان سەردەخات و دەیپارێزێت.

٦- هیچ كەسێك بە تاوانی كەسێكی تر ناگیرێت و سزا نادرێت.

### چالاکی:

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی پرسیار و وەڵام، مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستە قوتابیان دەكات سەبارەت بە: دروستکردنی مزگەوتی (قوباء)، دروستکردنی مزگەوتی (مەدینە)، دروستکردنی برایەتی لە نێوان (کۆچ کردووان) و (پشتیوانان)، بەندەکانی (بەڵگەنامەی مەدینە).

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەكات وەك:

١/ دروستکردنی مزگەوت بە هاوکاری موسڵمانانی کۆچکردوو و پشتیوان چ دەردەخات؟

٢/ کام لە بەندەکانی بەڵگەنامەی (مەدینە) ئاماژە بە بیرۆکەی (هاوکاریکردن) دەكات؟

### چالاکی ماڵەوە:

ئایا ئەم خاڵانەی کە باسی ناموسڵمانان دەكات لە بەڵگەنامەی (مەدینە) دیوی ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام دەردەخات کە ئایینێك بڕوای بە پێکەوەژیان هەیە و ڕەگەزپەرستی و توندوتیژی ڕەتدەکاتەوە؟ ئەمە بە چەند دێڕێك ڕونبکەوە بە بۆچوونی خۆت و بە هاوکاری یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت.

## وانەی شەشەم / هەڵوێستی جوولەکەکان

جوولەکەکانی (مەدینە)و دەوروبەری، تەواو نیگەران بوون لە هاتنی پێغەمبەر (د.خ) بۆ شارەکە و یەکبوونی ڕیزی موسڵمانەکان و ئاشتبوونەوەی هەردوو خێڵی (ئەوس) و (خەزرەج) لەسەر دەستی پێغەمبەر (د.خ) کە بەر لە ئیسلام زۆر ناکۆك و دوژمن بوون. جوولەکەکان لە سەروماڵی خۆیان نەدەترسان، دوای ئەوەی کە پەیمانیان پێدرا بە پێی (بەڵگەنامەی مەدینە)، بەڵام ترسی ئەوەیان هەبوو کە ئیسلام لەناویان بڵاو بێتەوەو پلە و پایەی ئەوان دابەزێت. لەبەرئەوە چەندین ڕێگەیان گرتە بەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێغەمبەر (د.خ) و پەیامەکەی، وەکو پڕو پاگەندە و بوختان هەڵبەستن و پیلان گێڕان و ئاژاوە نانەوە لە نێوان (ئەوس) و (خەزرەج) و هەوڵدان بۆ زیندو کردنەوەی دوژمنایەتی پێش ئیسلامیان.

## بەرگریکردن لە ئیسلام

خوای گەورە ڕێگایدا بە پێغەمبەر (د.خ) و موسڵمانان شەڕ بکەن، بە پێی ئایەتی پیرۆزی **«أذن للذین یُقاتَلون بأنهم ظُلموا وإنّ الله علی نصرهم لقدیر, الذین أُخرجوا من دیارهم بغیر حق إلا أن یقولوا ربُّنا الله»**. ئەم ڕێگادانەش لەبەر ئەوە بوو، کە موسڵمانان ستەمیان لێ کراو و لەسەر خاك و ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکرابوون بە ناحەق، هەر لەبەرئەوەی تەنها خوایان بە پەروەردگاری خۆیان دەزانی. لەبەرئەوە و دوابەدوای جێگیربوونی پێغەمبەر (د.خ) لە (مەدینە) زنجیرەیەك لە شەڕ و پێکدادان لە نێوان موسڵمانەکان لە لایەك و (قورەیش) و هاوپەیمانەکانی لە خێڵە عەرەبییەکان لە لایەکیتر ڕوویدا، لەوانەش:

### ١- شەڕی بەدری گەورە (٢ی ك/٦٢٣ی ز):

هۆکاری ئەو شەڕە ئەوە بوو کە پێغەمبەر (د.خ) هانی هاوەڵەکانیدا بۆ ڕێگاگرتن لە کاروانێکی بازرگانی (قورەیش) لەو کاتەی لە شامەوە دەگەڕایەوە (مەککە)، نەك بە مەبەستی شەڕ بەڵکو لەبەر ئەوەبوو چونکە (قورەیش) موسڵمانەکانیان لە (مەککە) دەربەدەر کردبوو و دەستیان گرتبوو بەسەر هەرچی ماڵ وخانوو کە بەجێیان هێشتبوو، بە ئومێدی ئەوەی قەرەبووی بەشێکی ئەو زەرەر و زیانانەیان بکەنەوە، بەدەست بەسەرداگرتنی ئەو کاروانە بازرگانییەی (قورەیش) کە بە سەرکردایەتی (ئەبو سوفیان) بوو. هەرچەندە کاروانەکە دەربازبوو، موسڵمانەکان دەستیان پێی نەگەیشت، کەچی ئەو سوپایەی کە پێشتر (ئەبو سوفیان) داوای کردبوو لە (مەککە)وە بە هانایەوە بچن، هەر سوور بوو لەسەر درێژەدان بە بەرەو پێش چوونی و ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازیی لەگەڵ موسڵمانەکان. لە ئەنجامی ڕووبەڕوو بوونەوە لە نێوان هەردوولا لە شوێنێك پێیدەوترێت (بەدر)، ئاکامی شەڕەکە بە سەرکەوتنی موسڵمانەکان کۆتایی هات، سەرەڕای ئەو نابەرامبەرییەی لە نێوان هەردوو هێزدا هەبوو، چونکە بیروباوەڕێکی پتەویان هەبوو دەیانزانی لەسەر حەق دەجەنگن و بەرگری لە خۆیان دەکەن، بەم سەرکەوتنە گەورەیەش موسڵمانان ورەیان بەرزتر بۆوە زیاتر بڕوایان بە خۆیان بۆ دروستبوو.



تابلۆی (شەڕی بەدر) هەروەك لە كتێبی (جامیعولتەواریخ)دا هاتووە

## زانیاری:

(شـەڕی بـەدر) ناوەکـەی لـە شـوێنەکەی هاتـووە، کـە بیرێکـی بەناوبانگـی تێدایـە بـە نـاوی (بـەدر)، دەکەوێتـە نێـوان هـەردوو شـاری (مەککـە) و (مەدینـە).

## چالاکی:

جێبەجێکردنـی سـتراتیژیەتی گفتوگۆکـردن، مامۆسـتا چەنـد پرسـیارێك ئاراسـتە قوتابیـان دەکات سـەبارەت بـە: هەڵوێسـتی جووەکانـی (مەدینـە) بەرامبـەر بـە پێغەمبـەر (د.خ)، هۆیەکانـی (شـەڕی بـەدر)، ئەنجامەکانـی (شـەڕی بـەدر).

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات وەك:

١/ جوولەکەکانی (مەدینە) لە چ دەترسان؟

٢/ شەڕی (بەدر) ناوەکەی لە چ هاتووە؟

## چالاکی ماڵەوە:

هەڵسـەنگاندنی خـۆت ڕوونبکـەوە بـۆ پاسـاوەکانی موسـڵمانان بـۆ ڕێـگا گرتـن لـە کاروانـی بازرگانـی (قورەیـش) کـە بۆتـە هـۆی شـەڕی (بـەدر). وەڵام بـدەوە بەچەنـد دێرێـك.



شوێنی شەڕی بەدر لەکاتی ئێستادا

## وانەی حەوتەم/

### ٢- شەڕی ئوحود (٣ی ك/٦٢٤ی ز):

هۆیەکەی ئەم شەڕە ئەوە بوو بتپەرستەکانی (قورەیش) ویستیان تۆڵەی شکستەکەی (بەدر) بکەنەوە، ڕاستەوخۆ دوای (بەدر) دەستیانکرد بەخۆ ئامادەکردن و بە هێزێکی گەورە و بە پاڵپشتی ژمارەیەك لە هاوپەیمانانیان بەرەو شاری (مەدینە) بەڕێ کەوتن. لە لایەکی تر هێزی موسڵمانەکان بەرەو گۆڕەپانی (ئوحود) بەڕێ کەوتن، پشتیان لە (کێوی ئوحود) بوو ڕووشیان لە دووژمن. شەڕ دەستییێکرد و موسڵمانانیش سەرکەوتن، بتپەرستەکانیش ژمارەیەکیان لێ کوژراو ئەوانیتریش پاشەکشەیان کرد، بەڵام کاتێك کە کەتیبە تیرهاوێژەکەی موسڵمانان کە لەلای (کێوی ئوحود) سەنگەریان گرتبوو، ئەم دیمەنەیان بینی، وایانزانی ئیتر شەڕ کۆتایی هاتووە و پێویست ناکات لە پێگەکانی خۆیان بمێننەوە، بۆیە زۆربەیان دابەزین بۆ گۆڕەپانی شەڕەکە، بۆ کۆکردنەوەی ئەو کەلوپەل و دەستکەوتەی دوژمن دوای خۆی بەجێی هێشتبوو، سەرەڕای ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) ئاگاداری کردنەوە کە شوێنی خۆیان بەجێنەهێڵن. کاتێك هێزێکی بتپەرستان ئەم دیمەنەیان بینی لە دواوە بۆیان سووڕانەوە و هێرشێکی لە ناکاویان کردە سەر و توانیان بە کتوپڕی ئەنجامی شەڕەکە لە بەرژەوەندی خۆیان یەکلا بکەنەوە و (٧٠) کەس لە موسڵمانان شەهید بکەن کە لە نێوانیاندا (حەمزە کوڕی عەبدولموتتەلیب)ی مامی پێغەمبەر (د.خ) بوو. کەواتە هۆکاری سەرەکی ئەم شکستە دەگەڕێتەوە بۆ پابەندنەبوونیان بە فەرمان و ڕاسپاردەکانی پێغەمبەر (د.خ) و حەز کردن لە کەلوپەل و دەستکەوتی شەڕ (غەنائم).



وێنەی (حەمزەی کوڕی عەبدولموتتەلیب) مامی پێغەمبەر (د.خ) لە یەکێك لە تابلۆکانی کتێبی (حەمزە نامە)

### زانیاری:

(شەڕی ئوحود) ناوەکەی لە چیای (ئوحود) هاتووە، یەکێك بوو لە چیاکانی (مەدینە)، دەکەوێتە باکووری شارەکە.

## ڕێککەوتنی حودەیبییە (٦ی ك/٦٢٧ی ز):

لە ساڵی (٦ی ك/٦٢٧ی ز) پێغەمبەر (د.خ) ویستی سەردانی (مەککە) بکات بۆ بەجێهێنانی (عومرە)، واتە سەردانی (کەعبەی پیرۆز) و سووڕانەوە بە دەوریدا کە کاتی حەج نەبێ، ئەوەبوو بە یاوەری (١٤٠٠) کەس لە هاوەڵانی، لە مانگی (ذي لقعدە) کە یەکێکە لەو مانگانەی شەڕکردن تیایدا قەدەغەیەو پیرۆزی خۆی هەیە، بەڕێ کەوتن، بۆ ئەوەی کە خەڵکی (مەککە) تێبگەن کە ئەوان بۆ شەڕ نەهاتوون. بەڵام بتپەرستەکانی (قورەیش) ئامادە نەبوون ڕێگایان پێ بدەن کە (عومرە)ی خۆیان بکەن، و لە دوای گفتوگۆ لە نێوان شاندی (قورەیش) بە نوێنەرایەتی (سوهەیلی کوڕی عەمر) و پێغەمبەر (د.خ)، گەیشتنە ڕێککەوتنامەیەك بە (ڕێککەوتنامەی حودەیبییە) ناسراوە، ئەم خاڵانە لە خۆ دەگرێت:

١- وەستانی شەڕ لە نێوان هەردوو لا بۆ ماوەی (١٠) ساڵ.

٢- دەبێت پێغەمبەر (د.خ) هەر کەسێك بگێڕێتەوە لە (قورەیش) کە بەبێ ئاگاداری سەر پەرشتکارەکەی موسڵمان بووبێت.

٣- هەر موسڵمانێك ئەگەر ڕیزی موسڵمانان بەجێ بهێڵێت، (قورەیش) پابەند نییە بە گێڕانەوەی بۆ لای پێغەمبەر (د.خ).

٤- هەر کەس و لایەنێك سەرپشکە کە ببێتە هاوپەیمانی (قورەیش) یاخود ببێتە هاوپەیمانی پێغەمبەر (د.خ).

٥- پێغەمبەر (د.خ) و هاوڕێیانی دەبێ بگەڕێنەوەو (عومرە) نەکەن، بەڵکو لە ساڵی داهاتوودا بۆیان هەیە کە بێنە ناو (مەککە)و ماوەی سێ ڕۆژ تیایدا بمێننەوە، و جگە لە شمشێری ناو کالان هیچی تریان پێ نەبێت.

**زانیاری**

(ڕێککەوتنامەی حودەیبییە) ناوەکەی لە شوێنی (حودەیبییە) هاتووە، کە شوێنێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای (مەککە).

**چالاکی:**

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی دۆزینەوە، لە ڕێگای ئاڕاستەکردنی قوتابیان بۆ خوێندنەوەی هەر دوو بابەتی: شەڕی ئوحود و ڕێککەوتنی حودەیبییە، دواتر ڕێگایان پێبدرێت بۆ دەرئەنجام و شیکردنەوەی گرنگترین ئەو شتانە کە تیایدا هاتووە.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابییان دەکات وەك:

١/ شەڕی ئوحود ساڵی چەند ڕوویدا؟

٢/ کێ نوێنەرایەتی شاندی (قورەیش)ی کرد لە (ڕێککەوتنی حودەیبییە)؟

چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست، بە بۆچوونی خۆت و بەهاوکاری یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت، دەکرێت لەکاتی شەڕدا لەگەڵ دوژمنان ڕێنماییەکانی سەرکردە جێبەجێنەکرێت؟ ڕوونیبکەوە بە چەند دێڕێك.

## وانەی هەشتەم/

### پەیوەندی کردنی پێغەمبەر (د.خ) بە پادشا و میر و دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆی

لەبەر ئەوەی ئایینی ئیسلام پەیامێکە، تایبەت نییە بە عەرەب، بەڵکو بەپێی چەندەها ئایەتی (قورئانی پیرۆز) بۆ هەموو خەڵکانە بێ جیاوازی ڕەنگ و ڕەگەز و زوبان: **«وما أرسلناك إلَّا كافَّة للناس بشيرا ونذيرا ولكنَّ أكثر الناس لا يعلمون»، «قل يا أيها النَّاس إني رسول الله إليكم جميعا».**

لەم ڕوانگەیەوە، پێغەمبەر (د.خ) چەندەها نامەی نارد بۆ پادشا و میر و دەسەڵاتدارانی هاوسەردەمی وەکو (هیرەقل) قەیسەری ڕۆم و (پەروێز) کیسرای فارس و (نەجاشی) پاشای حەبەشە و (موقەوقیس) گەورەی قیبتییە (مەسیحییەکان)ی میسر... هتد، ناوەڕۆکی تێکڕای ئەو نامانە داواکردن بوو لەو دەسەڵاتدارانە بڕوابێنن و بێنە ناو ئایینی ئیسلام.

### فەتحی مەککە (٨ی ك/٦٢٩ی ز)

ڕێککەوتنی حودەیبییە بواریدا بە هەردوولا: (قورەیش)و پێغەمبەر (د.خ)، لە دروستکردنی هەر هاوپەیمانیەتیەك لەگەڵ خێڵەکانی عەرەب، لەبەر ئەوە (بەنو بەکر) بوونە هاوپەیمانی (قورەیش)، و (خوزاعە)ش بوونە هاوپەیمانی پێغەمبەر (د.خ)، بەڵام لە ساڵی (٨ی ك/٦٢٩ی ز)، خێڵی (بەکر) دەستدرێژییان کردە سەر (خوزاعە)و (قورەیش) یارمەتی چەك و دارایی دا بە (بەکر). کاتێك کە ئەم هەواڵە بە پێغەمبەر (د.خ) گەیشت زۆر تووڕە بوو و خۆی ساز و ئامادەکرد بۆ شەڕکردن لەگەڵ (قورەیش)، بەڵام ئەم کارەی بە نهێنی بوو بۆ ئەوەی (قورەیش) خۆیان ئامادە نەکەن بۆ شەڕ و خوێن بڕژێ و کوشتار ڕووبدات لە شاری (مەککە)ی پیرۆز.

پێغەمبەر (د.خ) بە یاوەری (١٠٠٠٠) کەس لە (مەدینە) دەرچوون بەرەو (مەککە)، لە ڕێگاشدا ژمارەیەك لە خێڵە عەرەبییەکان پەیوەندیان پێوە کردن، کاتێك کە نزیك بوونەوە لە (مەککە)، بتپەرستەکانی (قورەیش) زۆر ترسان لە تۆڵە سەندنەوە، بەڵام پێغەمبەر (د.خ) دانیشتوانی شارەکەی دڵنیاکردەوە ئەوان ئازادن و لێیان دەبوورێت، سەرەڕای ئەو هەموو تاوانەی کە دەرهەق بە پێغەمبەر (د.خ) و موسڵمانان ئەنجامیان دابوو.

## حەجی ماڵئاوایی (١٠ی ك/٦٣١ی ز):

حەجـی ماڵئاوایـی تاکـە حـەج بـوو کـە پێغەمبەر (د.خ) لـە ژیانـی پێغەمبەرایەتـی بـە ئەنجامـی گەیانـدووە، ئـەوەش لـە سـاڵی (١٠ی ك/٦٣١ی ز) بـوو.

کاتێـك موسـڵمانان بیسـتیان کـە پێغەمبـەر (د.خ) بـە نیـازە لـەو سـاڵە حـەج بـکات، لـە هەمـوو لایەکـی (نیمچـە دورگـەی عـەرەب) روویـان لـە (مەککە) کـرد، بـۆ ئـەوەی بەشـداری لەگەڵـدا بکـەن، کـە ژمارەیـان لـە (١٠٠٠٠٠) کـەس زیاتـر بـوو. ئـەوەی گرنگـە لێـرەدا ئـەو وتـارە بـوو کـە پێغەمبـەر (د.خ) بـۆ ئامادەبووانیـدا، کـە دوا وەسـیەت و راسـپاردەی بـوو، چونکـە سـاڵ نەسـووڕایەوە کۆچـی دوایـی کـرد.

ئـەوەی کـە پێغەمبـەر (د.خ) زۆر جەختـی لەسـەر کـردەوە لـە وتارەکـەی بریتیبـوو لـە هاندانـی موسـڵمانان لەسـەر پابەندبـوون بـە فەرمـان و فێرکاریەکانـی ئیسـلام و نەگەڕانـەوە بـۆ سـەردەمی نەفامـی و خوێنـی یەکتـر حـەڵاڵ نەکـردن و نەخواردنـی ماڵـی یەکتـر بەهیـچ شـێوەیەك، هەروەهـا داوای لێکـردن کـە مافـی ئافرەتـان بپارێـزن و بـە باشـترین شـێوە هەڵسـوکەوتیان لەگەڵـدا بکـەن و بەبیـر موسـڵمانانی هێنایـەوە کـە ئـەوان هەموویـان یـار و یـاوەری یەکتـرن و پێویسـتە دەسـت بگـرن بـە (قورئانـی پیـرۆز) و ڕەوشـتی پێغەمبـەر (د.خ) بـۆ ئـەوەی سـەربەرزی دنیـا و قیامـەت بـن.

### چالاکی:

قوتابیـان دابەشـدەبن بـۆ چـوار گـروپ بـۆ ئـەوەی گفتوگـۆ بکـەن دەربـارەی ئـەم بابەتانـە: نامەکانـی پێغەمبـەر (د.خ) بـو پادشـاو میـر و دەسـەڵاتدارانی سـەردەمی خـۆی، ناوەڕۆکـی تێکـڕای ئـەو نامانـە کـە پێغەمبـەر (د.خ) بـو پادشـاو میـر و دەسـەڵاتدارانی سـەردەمی خـۆی نـارد، حەجـی ماڵئاوایـی، وتـاری پێغەمبـەر (د.خ) لـە حەجـی ماڵئاوایـی.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆسـتای بابـەت چەنـد پرسـیارێك ئاراسـتەی قوتابیـان دەکات وەك:


١/ نامەکانـی پێغەمبـەر (د.خ) بـۆ دەسـەڵاتدارانی هاوسـەردەمی چ تایبەتمەندیێـك دەداتـە بانگـەوازی ئیسـلام؟

٢/ هۆیەکانـی خـۆ ئامادەکردنـی پێغەمبـەر (د.خ) بـۆ شـەڕکردن لەگـەڵ (قورەیـش) سـاڵی(١٠ی ك/٦٣١ی ز) چـی یـە؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابـی خۆشەویسـت، بـە بۆچوونـی خـۆت و بەهـاوکاری یەکێـك لـە ئەندامانـی خێزانەکـەت، لێبوردەیـی چ دەگەێنێـت؟ ڕوونیبکـەوە بـە چەنـد دێرێـك.

## نیمچە دورگەی عەرەب پێش ئیسلام★




★ ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر – سردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین حزشناو – ٢٠١٠ ( بە دەستکارییەوە )

## پرسیارەكان

پ١/ شاری (مەككە) هەر لە كۆنەوە پلەوپایەیەكی تایبەتی هەبووە... ئەمە ڕوون بكەرەوە؟

پ٢/ پێغەمبەر (د.خ) چ داوایەكی ئاڕاستەی شاندی خێڵە عەرەبییەكانی دەرەوەی (مەككە) كرد؟

پ٣/ كارە گرنگەكانی پێغەمبەر (د.خ) لە (مەدینە) بژمێرە وباسی یەكێكیان بكە؟

پ٤/ وتاری پێغەمبەر (د.خ) لە حەجی ماڵئاوایی جەختی لەسەر چ كردەوە؟

پ٥/ وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١/ لەتەمەنی چەندساڵی وەحی (سروش) لەلای خوا هات بۆ پێغەمبەر (د.خ)؟

١. ٣٩. ٢. ٤٠. ٣. ٤١. ٤. ٤٢.

٢/ بە هاوڕێیەتی كێ پێغەمبەر (د.خ) بەرەو شاری (تائیف) ڕۆیشتن؟

١. عەلی كوڕی ئەبی تاڵیب. ٢. بیلال كوڕی ڕەباحی حەبەشی. ٣. زەید كوڕی حاریسە. حەمزە كوڕی عەبدولموتتەڵیب.

٣/ بە پێی (ڕێككەوتنی حودەیبییە) بۆ ماوەی چەند ساڵ شەڕ وەستا؟

١. پێنج ساڵ. ٢. سێ ساڵ. ٣. دە ساڵ. ٤. یەك ساڵ.

٤/ لە چ ساڵێك پێغەمبەر (د.خ) توانی شاری (مەككە) فەتح بكات؟

١. ٧ی ك. ٢. ١٠ی ك. ٣. ٩ی ك. ٤. ٨ی ك.

پ٦/ پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بكە:

١. دارولنەدوە. ٢. موسڵمانانی كۆچكردو. ٣. موسڵمانانی پشتیوان. ٤. حەجی ماڵئاوایی.

پ٧/ هۆی ئامانەی خوارەوە ڕوون بكەرەوە:

١/ كەتەمەنی پێغەمبەری (د.خ) گەیشتە شەش ساڵ (عەبدولموتتەڵیب) باپیری بردیە لای خۆی و سەرپەرشتی و پەروەردەكردنی گرتە ئەستۆی خۆی؟

٢/ بڕیاری (خەدیجە كچی خوەیلید)، ژنە بازرگانی شاری (مەككە)، كە مێردی بە پێغەمبەری (د.خ) بكات؟

٣/ پێغەمبەر (د.خ) فەرمانیدا كە هەر كۆچكردووێك و پشتیوانێك ببنە برای یەكترو لە پێناوی خوا؟

٤/ پێغەمبەر (د.خ) مانگی (ذي لقعدە)ی هەڵبژارد بۆ سەردانی (مەككە) و بەجێهێنانی (عومرە)؟

# بەندی دووەم

## دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا

## (١١ - ٤١ی ك/ ٦٣٢ - ٦٦١ی ز)

### ئامانجەکانی فێربوون

١- قوتابی ناوی خەلیفەکانی ڕاشیدین و ماوەی حوکمڕانیان دەزانێت.

٢- مانای چەمکی (خەلافەت) تێدەگات.

٣- هۆیەکانی بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان و ئەنجامەکانی سەرکوتکردنی هەڵدەسەنگێنێ.

٤- سەرەتاکانی فتوحاتی ئیسلامی دەزانێت و هۆکارەکانی شیدەکاتەوە.

٥- کارەکانی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب) و فتوحاتی سەردەمەکەی هەڵدەسەنگێنێ.

٦- چۆنیەتی گەیشتنی ئیسلام بۆ کوردستان دەزانێت.

٧- قۆناغەکانی کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز لەیەك جیادەکاتەوە.

٨- کێشەکانی هەردوو سەردەمی و (عوسمانی کوڕی عەفان) و (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) تێدەگات.

## وانەی یەکەم/

پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) لە ساڵی (١١ی ك/ ٦٣٢ی ز)، سیستەمێکی فەرمانڕەوایی تازە لە دەوڵەتی ئیسلامی سەریهەڵدا، ئەویش سیستەمی (خەلافەت) بوو، چوار خەلیفە لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (د.خ) دەسەڵاتیان وەرگرت و لەسەر ڕێوشوێنی پێغەمبەر (د.خ) فەرمانڕەواییان کرد، ئەوانەش: (ئەبو بەکری صدیق) و (عومەر کوڕی خەتتاب) و (عوسمانی کوڕی عەفان) و (عەلی کوڕی ئەبی تالیب). بە هەوڵ و کۆششی ئەو خەلیفانە سنووری دەوڵەتی ئیسلامی فراوانی بەخۆیەوە دیت و پەیامی ئیسلام لە دەرەوەی (نیمچە دوورگەی عەرەب) بڵاوبۆوە و لەبەر پابەندی ئەم خەلیفانە بە ڕێبازی پێغەمبەر (د.خ) پێیان دەڵێن خەلیفەکانی ڕاشیدین.

### ناوی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا و ماوەی حوکمڕانیان

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١-ئەبو بەکری صدیق ١١-١٣ی ك/ ٦٣٢-٦٣٤ی ز | ٢-عومەری کوڕی خەتاب ١٣-٢٣ی ك/ ٦٣٤-٦٤٣ی ز | ٣-عوسمانی کوڕی عەففان ٢٣-٣٥ی ك/ ٦٤٣-٦٥٥ی ز | ٤-عەلی کوڕی ئەبی تالیب ٣٥-٤٠ی ك/ ٦٥٥-٦٦٠ی ز |

**زانیاری:**

(خەلافەت) سیستەمێکە بەمانای سەرپەرشتیکردنی گشتی بۆ کاروباری ئایینی و دنیایی موسڵمانان، پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) پەیرەو کرا لە ساڵی (١١ی ك/٦٣٢ی ز).



ناوی خەلیفەکانی ڕاشیدین لەسەر دراوێك نەخشێنراوە کە دەگەڕێتەوە سەردەمی جەلائیری

## ئەبو بەکری صدیق (١١-١٣ی ك/ ٦٣٢- ٦٣٤ی ز):

ئەبـو بەکـر عەبدوڵـلا کـوڕی عوسـمان کـوڕی عامـری تەمیمـی، لـە شـاری (مەککـە) لەدایکبـووە، بـە پیشـەی بازرگانییـەوە خەریـك بـووە، دۆسـتایەتی لەگـەڵ پێغەمبـەر (د.خ) هەبـووە، بـەر لـەوەی کـە سروشـی لـە لایـەن خـواوە پێبـگات، یەکـەم کـەس لـە پیـاوان (ئەبـو بەکر) بـووە کە بـاوەڕی بـە پێغەمبـەر (د.خ) هێنا و موسـڵمان بـووە.

کـە پێغەمبـەر (د.خ) لـە سـاڵی (١١ی ك / ٦٣٢ی ز) کۆچـی دواییکـرد، بارودۆخـی دەوڵەتـی ئیسـلامی وای دەخواسـت کـە یەکێـك ببێـت بـە جێنشـینی و کاروبـاری دەوڵەتـی ئیسـلامی لەسـەر ڕێوشـوێنی ئـەودا بەڕێوەببـات، لەبـەر ئـەوەی لـە هەمـان ئـەو ڕۆژەی کـە پێغەمبـەر (د.خ) کۆچـی دواییکردبـوو، بەشـێك لـە گـەورە (پشـتیوانەکان) و (کۆچکـردووەکان) کۆبونـەوە لـە (سـەقیفەی بەنـی سـاعیدە)، پـاش گفتوگـۆ و ڕاگۆڕینـەوە گفتیـان دا (ئەبـو بەکـری صدیـق) وەك جێنشـینی (خەلیفـە)ی پێغەمبـەر (د.خ). بـەو گفتـەش دەگوتـرێ (گفتـی تایبـەت)، چونکـە تایبـەت بـوو بـە چەنـد هاوەڵێکـی پێغەمبـەر (د.خ) کـە جیـاوازە لەگـەڵ (گفتـی گشـتی)، کـە گشـتگیرە و هەمـوو موسـڵمانان دەگرێتـەوە.

## بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان:

کـە پێغەمبـەر (د.خ) ماڵئاوایـی کـرد، بەشـێك لـە خێڵەکانـی (نیمچـە دورگـەی عـەرەب) کـە باوەڕیـان پێهێنابـوو، وایاندەزانـی کـە ئاییـنـی ئیسـلام کۆتاییهـات، بۆیـە بەشـێکی زۆریـان لـە ئاییـنـی ئیسـلام هەڵگەڕانـەوە، لـە مێـژووی ئیسـلامدا ناویـان بـە (بزوتنـەوەی هەڵگـەڕاوەکان) هاتـووە. هەروەهـا هەندێـك کـەس لـە پیـاوان و ئافرەتـان دەرکەوتـن کـە بانگـەوازی پێغەمبەرایەتیـان بـۆ خۆیـان دەکـرد و هانـی ئـەو هەڵگەڕاوانەیـان دەدا بـۆ دژایەتیکردنـی ئاییـنـی ئیسـلام، لەوانـەش: (موسـەیلەمەی کـەززاب) و (ئەسـوەدی عەنسـی) و (تولەیحـەی کـوڕی خوەیلیـدی ئەسـەدی)... هتـد.

### زانیاری:

(سـەقیفەی بەنـی سـاعیدە) شـوێنێکە خەڵکـی (مەدینـە)ی تێـدا کۆدەبێتـەوە، دەکەوێتـە بەشـی باکـووری خۆرئـاوای مزگەوتـی پێغەمبـەر (د.خ)، کـە هـۆزی (بەنـی سـاعیدە)ی تێـدا نیشـتەجێبووە.

## هۆکارەکانی بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان:

١/ عەرەبەکانی (نیمچە دوورگەی عەرەب) شانازیان بە تیرەگەری دەکرد، بەڵام کە ئایینی ئیسلام بڵاو بووەوە، ناکۆکی و دەمارگیری نەهێشت، کە پێغەمبەر (د.خ) کۆچی دواییکرد، ئەو عەرەبانە هەڵگەڕانەوە بۆ پیادەکردنی دابونەریتە کۆنەکانیان، وایانزانی کە ئایینی ئیسلام کۆتاییهات.

٢/ هەندێك خێڵ هەبوون لایەنگیری پێغەمبەر (د.خ) بوون لەسەر ئاستی پەیوەندی کەسێتی و سیاسی، بەڵام کە پێغەمبەر (د.خ) کۆچی دواییکرد، ئەو پەیوەندی و لایەنگیرییەیان بۆ ئیسلام نەما.

٣/ زەکاتدان هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ هەڵگەڕانەوە بە تایبەتی لە خێڵەکانی (یەمەن) و (یەمامە) کە ئامادەنەبوون زەکات بدەن. بەشێك لە خێڵەکان ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند کە لە ژێر ئایینی ئیسلام بمێننەوە بەمەرجی نەدانی زەکات.

**زانیاری:**

(یەمامە) ناوچەیەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی (نیمچە دورگەی عەرەب)، بەناوبانگە بە کشتوکاڵ، سەرچاوەی سەرەکی گەنمی (مەککە) و (تائیف) بوو.

**چالاکی:**

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی گفتوگۆکردن، مامۆستا چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات سەبارەت بە: ناوی خەلیفەکانی ڕاشیدین، چۆنیەتی بوونی (ئەبو بەکر) بە خەلیفە، جیاوازی لە نێوان (گفتی تایبەت) و (گفتی گشتی)، بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان، ناوی ئەو کەسانە کە بانگەوازی پێغەمبەرایەتیان دەکرد پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ)، هۆکارەکانی بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان.



ناوچەی (یەمامە)

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەكات وەك:

١/ كام خەلیفەی ڕاشیدی كەمترین ماوە حوكمڕانی كرد؟

٢/كام خەلیفەی ڕاشیدی ئاماژەی پێكرا لە بەندی یەكەمی كتێبەكە كە ئامۆزای پێغەمبەر (د.خ) بوو؟

## چالاكی ماڵەوە:

بە بۆچوونی خۆت و بە هاوكاری یەكێك لە ئەندامانی خێزانەكەت، ئایا هەڵوێستی بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەكان بە پاشگەزبوونەوە لە بەشێك لە فەرمان و ڕێنماییەكانی ئیسلام، ڕاست یاخود هەڵە بوو و بۆ چی؟ ئەمە بە چەند دێڕێك ڕوونبكەوە.

## وانەی دووەم/

### سەركوتكردنی بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەكان

خەلیفە (ئەبو بەكر) لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هەڵگەڕاوەكان هەستیكرد كە مەترسی بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلامی هەیە، بۆیە بەدوو ڕێگا هەوڵی سەركوتكردنی ئەم بزووتنەوەیدا:

١/ سەرەتا بەكاری دانوستان دەستپێكرد، وەك ناردنی هەندێك نێردراوی خۆی بۆ ناوچە جیاجیاكانی (نیمچە دوورگەی عەرەب) و داوای لە هەڵگەڕاوەكان كرد كە بگەڕێنەوە بۆ ناو كۆمەڵگەی ئیسلام.

٢/ ڕێگای دووەم بریتی بوو لە ئامادەكردنی لەشكر و دیاركردنی فەرماندەكانی، هەر سەرلەشكرێك ناوچەیەكی لە (نیمچە دوورگەی عەرەب)ی پێسپێردرابوو بۆ گێڕانەوەی بۆ ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلا می.

سەركوتكردنی بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەكان دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی گەڕاندەوە زۆربەی ناوچەكانی (نیمچە دورگەی عەرەب)، یەكەیەكی سیاسی دروستكرد لە نێوان خێڵەكانی، باوەڕ بەخۆبوون و توانای سەركەوتنی تەواوی دا بە موسڵمانان و هەندێك سەركردەی سەربازی دروستكرد كە ڕۆڵێكی گرنگیان لەدواتر بینی لە بزوتنەوەی فتوحاتی ئیسلامی.



تابلۆیەكی فارسی باسی كوژرانی (موسەیلەمەی كەززاب) دەكات دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی كۆچی/دەیەمی زایینی

## فتوحاتی ئیسلامی لەسەردەمی خەلیفە ( ئەبو بەکری صدیق )

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە (مەدینە)دا، پەیامی ئیسلام لە هەموو (نیمچە دوورگەی عەرەب)ی بڵاوبووەوە و یەکەیەکی ئایینی و ڕامیاری لە دەوڵەتی ئیسلامی دروست بوو. خەلیفە (ئەبو بەکر) دەستیکرد بە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە بریتیبوون لە دوورخستنەوەی بتپەرستەکان لە (نیمچە دوورگەی عەرەب) و گەیاندنی پەیامی ئیسلام بە وڵاتانی جیهان. سەرەتا خەلیفە (ئەبو بەکر) وای بە چاك زانی کە لەشکری ڕۆمە بێزەنتییەکان لە (وڵاتی شام) دووربخاتەوە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١/ نزیکی لەشکری ڕۆمە بێزەنتییەکان لە دەوڵەتی ئیسلامی.

٢/ ڕۆمە بێزەنتییەکان دەستیان هەبوو لە هاندانی خەڵك بۆ هەڵگەڕانەوە و دژایەتی کردنی ئیسلام.

٣/ ڕۆمە بێزەنتییەکان دەسەڵاتیان بەسەر ئەو ڕێگا بازرگانیانەدا دەڕۆیشت کە بەرەو (عیراق) و (میسر) دەچوون.

خەلیفە (ئەبو بەکر) هانی خەڵکی (نیمچە دوورگەی عەرەب)یدا بۆ پشتیوانی کردنی موسڵمانان بۆ ڕزگار کردنی (وڵاتی شام) لەدەست ڕۆمە بێزەنتییەکان، بۆ ئەو مەبەستەش دوو لەشکری ئامادەکرد بۆ رزگارکردنی (فەلەستین)و (ئوردن)، هەر وەها لەشکری موسڵمانان توانی دەستبەسەر ناوچەکانی باشووری عیراقدا بگرێت، بەڵام بەهۆی کۆچی دواییکردنی خەلیفە (ئەبو بەکر) لە ساڵی (١٣ی ك/٦٣٤ی ز) پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی ڕاستەقینە دواخرا تا سەردەمی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب).

### چالاکی:

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی پرسیار و وەڵام، مامۆستا چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات سەبارەت بە: دەستکەوتی واتایی (معنوي) سەرکوتکردنی بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان، ڕاسپاردەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە خەلیفە (ئەبو بەکر) ویستی جێبەجێ بکات، مەترسییەکانی ڕۆمە بێزەنتییەکان لسەر دەوڵەتی ئیسلامی.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەك:

١/ چۆن خەلیفە (ئەبو بەکر) هەوڵی سەرکوتکردنی بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان دا لە ڕێگای دانوستان؟

٢/ بۆ چی خەلیفە (ئەبو بەکر) وای بە چاك زانی کە لەشکری ڕۆمە بێزەنتییەکان لە (وڵاتی شام) دووربخاتەوە؟

### چالاکی ماڵەوە:

دەکرێت تەنها هێز بەکار بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان و بۆ چی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەند دێرێك بدەرەوە بە هاوکاری یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت.

## وانەی سێیەم/

### عومەری کوڕی خەتاب (١٣ - ٢٣ی ک/ ٦٣٤ - ٦٤٣ی ز):

عومەری کوڕی خەتاب کوڕی نوفەیل، لە شاری (مەککە) لەدایکبووە، باوکی (عومەر) کەسایەتیەکی دیارو پلە و پایەیەکی هەبوو لەناو قورەیش. (عومەر) پێش ئیسلام بوونی خوێندنەوە و نووسینی بە دروستی دەزانی، سەردەمی لاوێتی بە شوانی لای باوکی بردۆتە سەر، پێغەمبەر (د.خ) نازناوی(فاروق) ی لێناوە، چونکە جیاوازی کرد لە نێوان ڕەوا (کە ئیسلامە) و نا ڕەوا (کە بتپەرستی)بوو.

### کارەکانی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب):

لە سەردەمی خەلیفە (عومەر)دا فتوحاتی ئیسلامی گەیشتە لووتکە، دەوڵەتی ئیسلامی (وڵاتی شام) و (عێراق) و (کوردستان) و (ئێران) و (میسر)یشی گرتەوە، بۆیە فراوانبوونی دەوڵەتی ئیسلامی وای دەخواست کە سیستەمێك هەبێت بۆ ڕێکخستن و گەشەپێدانی دامودەزگاکانی دەوڵەت، بە هۆی تێکەڵبوونی کۆمەڵگەی ئیسلامی بە شارستانی نەتەوەکانیتر لە ڕێگای فتوحاتەوە، کە وای کرد موسڵمانەکان لە خاکی نەتەوەکانیتر نیشتەجێبن و ئەوانیش تێکەڵ بە کۆمەڵگەی ئیسلامی ببن، چ بەهۆی موسڵمان بوونەوە، یان بەهۆی بەرژەوەندیەکانی سیاسی و پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری.

### ١/ ڕێکخستنی دیوانەکان و مووچەی سەربازان:

لەگەڵ فراوانبوونی سنوری دەوڵەتی ئیسلامی، سەروەت و سامانێکی زۆر لە دەوڵەتی ئیسلامی کەڵەکە بوو، بە تایبەتیش لە (عێراق)، کە گەنجینەی (ساسانیەکان) کەوتە دەست موسڵمانەکان، ئەو سەروەت و سامانانە پێویستی بەوە هەبوو ڕێکبخرێت، بە سیستەمێکی دادپەروەرانە بەسەر سەربازەکان دابەش بکرێت، چونکە سەربازەکان پیشەیەکیتریان نەبوو بۆ دابینکردنی بژێویان، بۆیە خەلیفە (عومەر) دیوانی سەربازی (دیوان الجند)ی دانا، ناوی سەربازەکانی لە ناو تۆمار کرد و مووچەکانیانی دیاریکرد.

### ٢/ سیستەمی دارایی:

لەگەڵ کەڵەکەبوونی سەروەت و سامان لە دەوڵەتی ئیسلامی، ئەو بارودۆخە وای خواست سیستەمێك دابمەزرێت بۆ ڕێکخستنی داهات و خەرجییەکان، خەلیفە (عومەر) سیستەمێکی هێنایە کایەوە بەناوی (بەیتولمال) بۆ پاراستنی ماڵ و موڵك و ڕێکخستنی داهات و خەرجییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی کە وەك (وەزارەتی دارایی) سەردەمی ئێستا بوو، گرنگترین داهاتەکانی بریتی بوون لە: زەویانە یان موڵکانە (خەراج)، سەرانە (جیزیە)، زەکات.

**زانیاری:**

(خەراج) باجێكە دەوڵەتی ئیسلامی سەپاندی، ساڵانە لە بەرهەمی زەوی وەردەگیرێت، بە شێوەی بەروبومی كشتوكاڵی یان بە پارە.

(جیزیە) باجێكە دەوڵەتی ئیسلامی سەپاندی بەسەر ناموسڵمانان (وەك مەسیحی وجولەكە و زەردەشتییەكان) كە لە دەوڵەتی ئیسلامی دەژین بەرامبەر بە هەندێك ماف و جیاوكەكان.

### ٣/ ڕێكخستنی كارگێڕی:

لەپاش فراوانبوونی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی خەلیفە (عومەر)، ئەم دەوڵەتە دابەش بوو بۆ چەند یەكەیەكی بەڕێوەبردن، ئەویش بۆ ئاسانكردنی بەڕێوەبردنی كاروباری دەوڵەت بووە وەك چاودێریكردنە سەر داهات و یەكلاكردنەوەی كێشەكانی كۆمەڵگا.

خەلیفە (عومەر) لەسەر هەر ویلایەتێك فەرمانبەرێكی دانا، بۆ هەڵسوڕانی كاروباری ویلایەتەكە، پێیدەوترا سەردار (والی)، هەرسێ دەسەڵاتی یاسایی و ڕاپەڕاندن و قەزایی لە دەست دابوو، بۆ جێبەجێكردنی كارەكانی پشتی بە ڕاوێژكارەكان دەبەست.

### ٤/ ساڵنامەی كۆچی:

بەر لە دانانی ساڵنامەی كۆچی، عەرەب ڕووداوێكیان بۆ دیاركردنی مێژوو بەكار دەهێنا، بۆ نموونە (ساڵی فیل) و شەڕی (فیجار) دوو ڕووداوی مێژوویی گرنگ بوون لە (نیمچە دورگەی عەرەب)، بەڵام كە (عومەر) بوو بە خەلیفە بیری كردەوە كە دەبێت ساڵنامەیەكی تایبەت بە موسڵمانان هەبێت، لەبەر گرنگی كۆچكردنی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ هاوەڵەكانی لە (مەككە)وە بۆ (مەدینە)، یەكەم ڕۆژی كۆچكردنەكەی بە ساڵی یەكەمی كۆچی دانا (١ی ك/ ٦٢٢ی ز) و مانگی (موحەڕەم)ی بە یەكەم مانگی ساڵی كۆچی دانرا.

**زانیاری:**

(شەڕی فیجار) یەكێكە لە شەڕە بەناوبانگەكانی عەرەب پێش ئیسلام، چەند ساڵێكی خایاند، وە بە پێی هەندێك لە سەرچاوەكان ئەو ناوەیان لێندرا چونكە زۆر خەڵكی تێدا كوژرا.

### ٥/ دادوەری:

لەسەردەمی خەلیفە (ئەبو بەكر)، (عومەر) بە قازی ناسرابوو، ئەمیش بەهۆی كەسایەتی هەق خوازو دادپەروەری و چاونەترسیەكەی بوو، كە كێشەكانی یەكلادەكردەوە و كاتێك كە (عومەر) بە خەلیفە هەڵبژێردرا و دەوڵەتی ئیسلامی فراوان بوو بەهۆی بزوتنەوەی فتوحاتی ئیسلامی، موسڵمانەكان بە نەتەوەكان گەیشتن، زۆرجاران كێشە لە نێوان موسڵمانەكان و نەتەوەكانیتر سەریهەڵدەدا، بۆیە پێویست بوو ئەو كێشانە بە دادپەروەرانە چارەسەر بكرێن، بۆیە لەهەر ناوچەیەك (قازی) دانرا كە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی كێشەكانی یەكلادەكردەوە.

**چالاكی:**

قوتابیـان دابەشـدەبن بـۆ پێنـج گـروپ بـۆ ئـەوەی گفتوگـۆ بكـەن دەربـارەی كارەكانـی خـەلیفـە (عومـەری كـوڕی خەتـاب).

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەكات وەك:

١/ گرنگترین داهاتەكانی (بیتولمال) چین؟

٢/ هۆیەكانی دانانی (قازی) لەسەردەمی خەلیفە (عومەری كوڕی خەتاب) چین؟

**چالاكی ماڵەوە:**

قوتابـی خۆشەویسـت بـە چەنـد دێرێـك كارەكانـی خـەلیفـە (عومـەر كـوڕی خەتتـاب) هەڵیسـەنگێنە و ڕوونـی بكـەرەوە كـە ئـەم كارانـە پێویسـت بـوون بـۆ دەوڵەتـی ئیسـلامی؟

## وانەی چوارەم / فتوحاتی ئیسلامی لەسەردەمی خەلیفە (عومەری كوڕی خەتاب)

**شـەڕی یەرمـوك (١٣ی ك/ ٦٣٤ی ز):** (هەرقـەل)ی شـای ڕۆمـە بێزەنتییـەكان كـە زانـی موسـڵمانەكان نیـازی هێرشـكردنیان هەیـە بـۆ سـەر(وڵاتـی شـام)، دەسـتیكرد بـە كۆكردنـەوەی لەشـكرێكی گـەورە، سـەرچاوەكان ژمارەكـەی بـە (٢٠٠) هـەزار سـەرباز مەزەنـدە دەكـەن. ئـەم لەشـكرە لەگـەڵ لەشـكری موسـڵمانەكان لـە (دۆڵـی یەرمـوك) چادریـان هەڵیانـدا، شـەڕێكی قـوڕس لەنێـوان هـەردوو لادا ڕوویـدا، موسـڵمانەكان بـە خۆڕاگـری سـەركەوتن و ڕۆمـە بێزەنتییـەكان لـەو شـەڕەدا شـكان.



شەڕی (یەرموك) لە تابلۆی وێنەكێشی ئیسپانی نەناسراو (١٣١٠-١٣٢٥ی ز)

**زانیاری:**

(شەڕی یەرموک) ناوەکەی لە ڕووباری یەرموکەوە هاتووە، کە یەکێکە لە ڕووبارەکانی (وڵاتی شام)، درێژییەکەی (٥٧)کم دەبێت.

### فەتحی قودس (١٥ی ک/ ٦٣٦ی ز):

دوای ڕزگارکردنی (دیمەشق) لە لایەن موسڵمانەکانەوە، خەلیفە (عومەر) بڕیاریدا کە شاری (قودس)یش ڕزگار بکرێت، سەرەتا (ئەبو عوبەیدە عامر کوڕی جەڕاح) کە فەرماندەی لەشکری موسوڵمانان بوو لایەنی گفتوگۆی گرتەبەر، دوو نامەی بۆ خەڵکی (قودس) نارد، کە مەسیحی بوون، و داوای لێکردن بۆ باوەڕهێنان بە خوداو پێغەمبەر (د.خ)، یان سەرانە بدەن، لە بری موسڵمان بوون، یان شەڕکردن، بەڵام وەڵامیان نەبوو، بۆیە (ئەبو عوبەیدە) گەمارۆی شارەکەیدا، تا دانیشتوانی ناچاربوون پەیوەندی پێبکەن و داوای ڕێکەوتنێکی لەو جۆرەیان لێکرد کە لەگەڵ دانیشتوانی (دیمەشق) کرابوو، بە مەرجێك ئەو ڕێکەوتنە لەسەر دەستی خودی خەلیفە (عومەر)ی بێت، لەبەر ئەوەی ئاگاداری دادپەروەری و پەیمانەکانی ئەو خەلیفەیە بوون.



مزگەوتی (عومەر کوڕی خەتاب) لە شاری (قودس)
ئەییوبییەکان دروستیانکرد لە ساڵی (٥٨٩ی ک/ ١١٩٣ی ز)

## فەتحی (عێراق):

دوای ئەوەی کە موسڵمانەکان چەندان شوێنیان لە دەست ڕۆمە بێزەنتییەکان ڕزگارکرد، بیریان لە (عێراق) کردەوە، بۆ ئەوەی هەوڵەکانی خەلیفە (ئەبو بەکر) بۆ دەرهێنانی لەژێر دەسەڵاتی ساسانییەکان تەواوبکەن، چونکە (عێراق) هاوسنوربوو لەگەڵ (وڵاتی شام) و مەترسی هەبوو بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلامی.

لە ساڵی (١٣ی ك/٦٣٤ی ز) خەلیفە (عومەر) فەرماندە (ئەبو عوبەیدەی کوڕی مەسعودی ثەقەفی) بەلەشکرەوە بەرەو (عیراق)ی نارد و لە ڕێگادا فەرماندە (موثەنای کوڕی حاریثەی شەیبانی) پەیوەندی بەو سوپایەوە کرد. سوپای موسوڵمانان لە (ڕووباری فورات) پەڕینەوە، و ڕووبەڕووی لەشکری فارسەکان بونەوە، لەئەنجامی شەڕەکەدا کە ناوی شەڕی (الجسر) بوو، فەرماندەی موسڵمانەکان (ئەبو عوبیدە) شەهید کرا.

فەرماندە (موثەننا) بوو بەسەر لەشکرو پلانێکی تازەی دانا، ئەویش ئەوەبو: لە لایەك داوای لەشکری زیاتری لە (مەدینە) کردبوو، و لە لایەکیتر ساسانییەکانی بە فرۆفێڵ ڕاگرت. کاتێك لەشکری زیاتری بۆ هات توانی لەشکری ساسانییەکان بشکێنیت لە شوێنێك پێی دەوترێت (بوەیب)، سەرکردەکەیان بە ناوی (مەهران) کوژرا، لەشکری ساسانییەکان گەڕایەوە (مەدائین)ی پایتەخت.

## شەڕی قادسیە (١٥ی ك/ ٦٣٦ی ز):

فەرماندە (سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس) بەرەو (عیراق) کەوتە ڕێ، لەشکری (موثەننا) کە لە (عیراق) بوو پەیوەندیان پێکرد، پێش شەڕ دەستپێکردن گفتوگۆ لە نێوان موسڵمانەکان و ساسانییەکان دەستیپێکرد، موسڵمانەکان داوایان لە ساسانییەکان کرد کە ئازادن لە دیارکردنی چارەنووسیان بۆ موسڵمان بوون، یان سەرانەدان، بەڵام ساسانییەکان ڕازی نەبوون. لە ئاکامی شەڕێکی قورسدا کە سێ ڕۆژی خایاند و ناسراوە بە شەڕی قادسیە، موسڵمانەکان بە سەرکردایەتی (سەعد) سەرکەوتن، ساسانییەکان شکستیانخوارد و سەرکردەکەیان بە ناوی (ڕۆستەم) کوژرا، پاشان موسڵمانەکان دەستیانگرت بەسەر (مەدائین) داگرت کە پایتەختی ساسانییەکان بوو.



یەکەم ڕۆژی شەڕی (قادیسیە) هەر وەك لە کتێبی «تاریخنامە»ی (بەلعەمی)داهاتووە کە لە سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی نووسراوە



ئیوانی كیسرا لە (مەدائین) كە ساڵی (٥٤٠ی ز) دروست كرا

## زانیاری:

(مەدائین) پایتەختی دەوڵەتی ساسانی بوو، دەكەوێتە سەر ڕۆخی ڕووباری (دیجلە)، خوار (بەغدا)ی ئەمرۆ، هەتا ئێستا پاشماوەكانی گەشتیاران بۆ خۆی ڕادەكێشی.

## چالاكی:

قوتابیان دەكرێنە كۆمەڵە گرووپێك، بەشێك لە گرۆپەكان پرسیار دروست دەكەن و بەشێكی تر وەڵام دەدەنەوە، سەبارەت بەم بابەتانە: شەڕی (یەرموك)، فەتحی قودس، فەتحی عێراق، شەڕی (قادسیە).

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەكات وەك:

١/پلانی تازەی فەرماندە (موثەنای كوڕی حاریثەی شەیبانی) چی بوو؟

٢/دەرئەنجامی شەڕی قادیسییە چی بوو؟

## چالاكی:

لە چوارچێوەی بیرۆكەی پێكەوە ژیان، چۆن مەرجی دانیشتوانی (قودس) هەڵدەسەنگێنی، كە ڕێكەوتنیان لەگەڵ موسڵمانان لەسەر دەستی خودی خەلیفە (عومەر) بێت؟

## وانەی پێنجەم/

### فتوحاتی ئیسلامی لە (کوردستان):

لە سەرەتای دەرکەوتنی کورد پەیوەندی بە ئایینی ئیسلام کردووە، و ئەو ئایینەی بە راست زانیوەو وەك پەیامێکی پیرۆز وەریگرتووە و لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکانی (جەزیرە) لەرێگای پرۆسەی فتوحاتەوە، وەك نەتەوەکانیتر، بە موسڵمانەکان گەیشتوون، ئەویش لە رێگای بزوتنەوەی فتوحاتی ئیسلامی بۆ ناوچەی (جەزیرە)، کە هەندێك سەرچاوە ڕزگارکردنی شارەکانی (جەزیرە) بۆ ساڵی (١٦- ١٨ی ك/٦٣٧-٦٣٩ی ز) دەگێڕنەوە.

لە سەردەمی خەلیفە (عومەر) هەموو شارە کوردنشینەکانی (جەزیرە) ڕزگارکران و لەدەست ڕۆمە بێزەنتییەکان دەرهێنران، وەك: (سەرێ کانی)، (نەسیبین)، (میافارقین)، (ئامەد)، (ڕوها)، (ماردین)... هتد، ئەمەش لەسەر دەستی فەرماندەی (عیاضی کوڕی غینم)، و بەو شێوەیە ئایینی ئیسلام لە شارەکانی ناوچەی (جەزیرە) بڵاو بووەوە.

لە ساڵی (١٦ی ك/ ٦٣٧ ی ز) لەشکری موسڵمانان بەسەرکردایەتی (هاشمی کوڕی عوتبە کوڕی ئەبی وەققاس) بەرەو (جەلەولا) هات و لە ئەنجامی شەڕێکی گەورە موسلمانەکان سەرکەوتن، و ئەو لەشکرە لە دوای لەشکری بەزیووی ساسانییەکان بوو تا گەیشتە (حەلوان) واتە (قەسری شیرین) لە ساڵی (١٧ی ك/ ٦٣٨ی ز). هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە فەرماندە (هاشیم کوڕی عوتبە) توانی (بەندەنیجین) واتە (مەندەلی) ڕزگاربکات، لە دوایدا موسڵمانەکان توانیان (دەقوقا) واتە (داقوق) و (خانیجار) واتە (دوز خورماتو)، پاشانیش (باجرمی) واتە (کەرکوك) ڕزگاربکەن. لەشکرێکی دیکە بە فەرماندەی (جەریری کوڕی عەبدوڵڵای بەجلی) توانی (خانەقین) ڕزگاربکات و بەرەو (حەلوان) چوو، کە لە ساڵی (١٩ی ك/ ٦٤٠ی ز) فەتحی کرد، بەهۆی بەستنی ئاشتی لە نێوان کوردەکان و موسڵمانەکان ناوچەکانی (موسڵ) و (بادینان) و (هەولێر) و (شارەزور)یش لەسەر دەستی (عوتبەی کوڕی فەرقەد) فەتح کرا.

لەشکرێکی دیکە بە فەرماندەی (ئەبو موسای ئەشعەری) توانی لە ساڵی (٢٠ی ك/ ٦٤٠ی ز) بەرەو شاری (دینەوەر) بچێت و دەستی بەسەردا بگرێت و لەدەست ساسانییەکانی دەربهێنێت.

لەشەڕی (نەهاوەند) لە ساڵی (٢١ی ك/٦٤١ی ز)، بەسەرکردایەتی (نوعمانی کوڕی موقرینی موزەنی)، کە لەسەر خاکی کوردان ڕوویدا، موسڵمانان سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا، لەشکری ساسانییەکانیان شکاند کە بەسەرکردایەتی (فەیروزان) بوو، ئەم شەڕە بە (شەڕی سەرکەوتنی سەرکەوتنان) ناسراوە لە بەر ئەوەی کۆتایی بە دەسەڵاتی دەوڵەتی ساسانی هێنا.



قەڵای (نەهاوەند) لە ساڵی (١٨٤٠ی ز)

تابلۆیەکی جیهانی بۆ هەردوو وێنەکێشی فەرەنسی (ئۆجین فلاندان) و (باسکال کۆست)

### فەتحی (میسر) (٢٠ی ك / ٦٤٠ی ز):

دوای ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە (وڵاتی شام) و (عیراق) فەتح کرا، بە بڕیاری خەلیفە (عومەر) لەشکری موسڵمانان بەرەو (میسر) چوو بە فەرماندەی (عەمرو کوڕی عاص)، کە (بیابانی سینا) یان بڕی و هەندێك شاریان بەبێ شەڕ فەتح کرد، وەك شاری (عەریش)، موسڵمانەکان تووشی هیچ شەڕێك نەبوون تا گەیشتنە شاری (فەرما)، شارێکی کۆن و شوورەداری بەهێز بووە وە بەندەرێکی هەڵکەوتووش بووە لەسەر ڕۆخی (ڕووباری نیل).

موسڵمانەکان ئەو شارەیان گەمارۆدا، بۆ ماوەی مانگێك زیاتر، دوایی توانیان فەتحی بکەن و ئینجا شاری (بابیلیۆن)، مەڵبەندی سوپای بێزەنتییەکان و شاری (ئیسکەندەریە) گیران، دوا جاریش ناوچەی (فوستات) بوو کە موسوڵمانان ئاوەدانیان کردەوە ساڵی (٢١ی ك/٦٤١ی ز)، ئەو شارەش بوو بە بنکەی سەربازی ئیسلامی ویەکەم پایتەختی (میسر) لەسەردەمی ئیسلام.



شاری (فوستات) له (میسر)

## چالاکی:

جێبەجێکردنـی سـتراتیژیەتی دۆزینـەوە، لـە ڕێـگای ئاراسـتەکردنی قوتابیـان بـۆ خوێندنـەوەی هـەر دوو بابەتـی: فتوحاتـی ئیسـلامی لـە (کوردسـتان) و فەتحـی (میسـر)، دواتـر ڕێگایـان پێبدرێـت بـۆ دەرئەنجام و شـیکردنەوەی گرنگتریـن ئـەو شـتانە کـە تیایـدا هاتـووە.

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات وەك:

١/ بۆ چی شەڕی (نەهاوەند) بە (شەڕی سەرکەوتنی سەرکەوتنان) ناسراوە؟

٢/ گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شاری (فەرما) چین؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابـی ڕاپۆرتێکـی کورتکـراوەی یـەك لاپـەڕە لەسـەر فتوحاتـی ئیسـلامی لـە (کوردسـتان) لەسـەردەمی خەلیفـە (عومـەری کـوڕی خەتـاب) ئامـادە بـکات؟

## وانەی شەشەم/

### عوسمانی کوڕی عەفان (٢٣-٣٥ی ك/٦٤٣- ٦٥٥ی ز)

عوسمانی کوڕی عەفان کوڕی ئەبیلعاص، لە شاری (مەککە) لەدایکبووە، لە موسڵمانە یەکەمینەکان بووە، ناوبانگی بە زانیاری ئایینی و بەشەرم و دڵپاکی و خێرخوازی دەرکردووە. پێغەمبەر (د.خ) (ڕوقەییە) ی کچی خۆی لێ مارە کرد، کاتێکیش (ڕوقەییە) کۆچی دواییکرد، پێغەمبەر (د.خ) (ئوم کەلثوم)ی کچی لێ مارەکرد بۆیە نازناوی (ذولنورەین)ی لێ نراوە.

### ڕووداوەکانی سەردەمی خەلیفە (عوسمانی کوڕی عەفان)

لە سەردەمی خەلیفە (عوسمان) سێ دیاردەی گرنگ دەرکەوت، یەکەمیان بەردەوامی بزوتنەوەی فتوحاتی ئیسلامی بوو، دووەمیان کۆکردنەوەی (قورئانی پیرۆز بوو، وە سێیەمیشیان سەرهەڵدانی ناکۆکی لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی بوو، کە کۆتاییهات بەشەهیدکردنی خەلیفە (عوسمان).

### ١/ فتوحاتی ئیسلامی:

لە ساڵی (٢٥ی ك/ ٦٤٥ی ز) خەلیفە (عوسمان) لەشکرێکی لە سەربازەکانی(وڵاتی شام و (عێراق) ئامادەکرد بە فەرماندەی (حەبیب کوڕی مەسلەمەی فیهری) بۆ بەرەنگاربونەوەی ڕۆمە بێزەنتییەکان لە (باکوری کوردستان) و (ئەرمەنستان)، توانی دەستبەسەر چەند ناوچەیەکی فراواندا بگرێت لە (ئەرمەنستان). هەروەها لە ساڵی (٢٧ی ك/ ٦٤٧ی ز) خەلیفە (عوسمان) ڕێگایدا بە (عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرح)، والی (میسر)، کە (ئەفریقیا) ڕزگار بکات، ئەویش توانی دەستبەسەر چەند ناوچەیەکی فراواندا بگرێت لە (وڵاتی نوبە و،(سودان). شایانی باسە کە لە سەردەمی خەلیفە (عوسمان) یەکەم کەشتیگەلی ئیسلامی دروستکرا کە توانی لە شەڕی (ذات الصواری)، لە ساڵی (٣٥ی ك/٦٥٥ی ز)، کەشتیگەلی ڕۆمە بێزەنتییەکان بشکێنێ و کۆتایی بە دەستەڵاتیان لەسەر (دەریای ناوەڕاست) بهێنێت. کەشتیگەلی ئیسلامی توانی چەند سەرکەوتنێکی دیکە بەدەست بهێنێت لەسەر دەستی (موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان)، والی (شام) کە توانی هەردوو دورگەی (قوبرص) و (ڕۆدس) ڕزگار بکات.


**زانیاری:**

* (وڵاتی نوبە) ئەو شوێنە مێژووییە کە بەدرێژایی (ڕووباری نیل) درێژبۆتەوە، زێدی یەکێك لە شارستانیە کۆنەکانی (ئەفریقیا) بوو، بەڵام ئێستا وشەی (نوبە) ناوچەیەکی بچووك دەگرێتەوە دەکەوێتە (باشووری میسر) و (باکووری سودان).
* (کەشتیگەلی) کۆمەڵە کەشتێك لەناو دەریا و زەریاکان جوڵەی دەکات، بەمەبەستی کاری جەنگی یان مەدەنی.

## ٢/ کۆکردنەوەی (قورئانی پیرۆز):

کۆکردنەوەی (قورئانی پیرۆز) بە یەك جار نەکراوە، بەڵکو هەموو خەلیفەکانی ڕاشیدین بە پێی توانای خۆیان بەشداریان تێدا کردووە، ئەم کارە لە سەردەمی خەلیفە (ئەبو بەکر) دەستپێکرا و لە دوای ماڵئاوایی خەلیفە (ئەبو بەکر)، خەلیفە (عومەر) لەسەر هەمان ڕێوشوێنی (ئەبو بەکر) ڕۆیشت بۆ کۆکردنەوەی (قورئان). ئەوە لە لایەك لە لایەکی دیکەش حەزی خەڵك زیادی کرد بۆ خوێندنەوەی (قورئان) و لەبەرکردنی و دوورکەوتنەوە لە هەڵە، بۆیە خەلیفە (عومەر) هەوڵیدا کە (قورئان) جارێکیتر کۆبکاتەوەو لە دوای شەهیدکردنی خەلیفە (عومەر)، ئەو قورئانە نووسراوە لای (حەفسە)ی کچی پارێزرا.

قۆناغی دوایی کۆکردنەوەو نووسینەوەی (قورئان) لە سەردەمی خەلیفە (عوسمان) دەستپێکرد، ئەویش لیژنەیەکی چوار کەسی پێکهێنا کە زمان پاراو و شارەزابوون، جگە لەوەی کە ئەوان جێی متمانەو باوەڕی خەلیفە (عوسمان) بوون، بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو ئەرکە، ئەوانیش: (زەید کوڕی ثابت) و (سەعیدی کوڕی عاص) و (عەبدوڵلا ی کوڕی زوبەیر) و (عەبدولڕەحمانی کوڕی حاریث) بوون، مێژوو نووسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو لیژنەیە چوار دانە (قورئان)یان نووسیەوە، بۆ شارە سەرەکییەکان و وڵاتەکانی دەوڵەتی ئیسلامیان نارد، وەك (مەککە) و (دیمەشق) و (بەسرە) و (کوفە).



وێنەیەکی کۆن لە (قورئانی پیرۆز) دەگەڕێتەوە سەردەمی خەلیفە (عوسمانی کوڕی عەفان)

### ٣/ ســەرهەڵدانی ناکۆکــی لــە نــاو کۆمەڵگــەی ئیســلامی:

جێگــەی ئاماژەیــە کــە بەشــێك لــە والیەکانــی ســەردەمی خەلیفــە (عوســمان) ســەروەت و ســامانێکی زۆریــان کۆکــردەوە، و دەســتیانگرت بەســەر زەویــە کشــتوکاڵیەکان، هەروەهــا لایەنــی ئایینیــان تــا رادەیــەك فەرامــۆش کردبــوو، لەبــەر ئــەوە خەڵکــی ولایەتــەکان لــە دەســتی ئــەو والیانــە زۆر بەگازانــدە بــوون، ئەمــەش بۆتــە هۆکارێــك بــۆ ئــەوەی بەشــێك لــە لەشــکری ئیســلام لــە خەلیفــە هەڵبگەڕێنــەوە و هێــرش بکەنــە ســەر (مەدینــە)، لــە ئەنجامــدا خەلیفــە (عوســمان) شــەهید بــوو، لــە ســاڵی (٣٥ی ك / ٦٥٥ی ز)، ئــەوەش بــە کارەســاتێکی گــەورە لــە مێــژووی ئیســلام دەژمێردرێــت کــە پێــی دەگوترێــت (فیتنــەی گــەورە).

**چالاکی:**

قوتابیــان دابەشــدەبن بــۆ چــوار گــروپ بــۆ ئــەوەی گفتوگــۆ بکــەن دەربــارەی ئــەم بابەتانــە: کەســایەتی خەلیفــە (عوســمانی کــوڕی عەفــان)، فتوحاتــی ئیســلامی لەســەردەمی (عوســمان)، قۆناغەکانــی کۆکردنــەوەی (قورئانــی پیــرۆز)، ســەرهەڵدانی ناکۆکــی لــە نــاو کۆمەڵگــەی ئیســلامی.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆســتای بابــەت چەنــد پرســیارێك ئاڕاســتەی قوتابیــان دەکات وەکــو:

١/ خەلیفە (عوسمان) بە چ بەناوبانگ بوو؟

٢/ شەڕی (ذات السەواری) ساڵی چەند ڕوویدا؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست بە بۆچوونی خۆت و بە هاوکاری یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت چۆن پرۆسەی کۆکردنەوەی (قورئانی پیرۆز) هەڵدەسەنگێنی؟ ڕونیبکەوەو گرنگییەکەی بە چەند دێڕێك بخە ڕوو.



هەڵمەتێکی دەریایی بەسەرکردایەتی (موعاویە کوڕی ئەبی سوفیان)

## وانەی حەوتەم:

### عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب (٣٥-٤٠ی ك/٦٥٥-٦٦٠ی ز)

عەلـی کـوڕی ئەبـی تاڵیـب کـوڕی عەبدولموتتەلیـب، ئامـۆزای پێغەمبـەرە (د.خ)، یەکێکیـش بـووە لـە هاوەڵـە نزیکەکانـی، لـە شـاری (مەککـە) لەدایکبـووە و لـە سـەرەتای موسـڵمان بوونیـەوە لـە ماڵـی پێغەمبـەر (د.خ) گـەورە بـووە، بەهـۆی ئـەوەی کـە (ئەبـی تاڵیـب) بـاری ئابـووری و گوزەرانـی لاواز بـووە. (عەلـی) لـە هەمـوو شـەڕەکانی پێغەمبـەر (د.خ) بەشـداری کـردووە تەنهـا لـە شـەڕی (تەبـوك) نەبێ، لـە زۆربـەی شـەڕەکانیش هەڵگـری ئـاڵای موسـڵمانان بـووە، پێغەمبـەر(د.خ) (فاتیمـە)ی کچـی خـۆی لـە (عەلـی کوڕی ئەبـی تاڵیـب) مارە کـردووە.

### ڕووداوەکانی سەردەمی خەلیفە

### )عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب(

پـاش شـەهید بوونـی خەلیفـە )عوسـمان( موسـڵمانەکان )عەلی(یـان هەڵبـژارد وەك خەلیفە. کە خەلیفـە )عەلـی( دەسـەڵاتی لـە دەوڵەتـی ئیسـلامی وەرگـرت، دەوڵـەت توشـی کێشـە و گرفتـی ناوخـۆ بـێوە بەهـۆی شـەهید کردنـی خەلیفـە )عوسـمان(، لەبـەر ئـەوە خەلیفـە )عەلـی( سـەرەتا دەسـتیکرد بـە دورخسـتنەوەی ئـەو والیانـەی کـە لـە سـەردەمی خەلیفـە )عوسـمان( دانرابـوون وە هەوڵیـدا هەندێـك والـی لایەنگـری خـۆی لـە شـوێنی ئـەو والیانـە دابنێـت کـە لەگـەڵ سیاسـەتی خـۆی دەگونجێـن، بەناوبانگتریـن والـی کـە خەلیفـە )عەلـی( ویسـتی لایبـدات )موعاویـەي کـوڕی ئەبـی سـوفیان( بـوو لـە )وڵاتـی شـام(، چونکـە )موعاویـە( و هـۆزی ئومەوییـەکان دەیانویسـت شـەهیدکردنی خەلیفـە )عوسمان( بکەن بە بیانوو و دروشمی سیاسەتیان بـۆ گەیشـتن بـە دەسـەڵات. ئەمـەش بـو بەهـۆی ڕوودانـی )شـەڕی صفیـن( کـە لـە نێـوان )عەلـی( و )موعاویـە( ڕویـدا لـە سـاڵی )٣٧ی ك/٦٥٧ی ز(.

**زانیاری:**

خەلیفـە (علـی) پایتەختـی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە (مەدینە)، لە (حیجاز) گوازتـەوە بۆ (کوفـە) لە (عێـراق).

### دەرکەوتنی خەواریجەکان

خەواریجـەکان گرووپێکـی ئایینـی سیاسـی ئیسـلامی بـوون کە لە ململانێـی نێـوان خەلیفە (عەلـی کـوڕی ئەبـی تاڵیـب) و (موعاویـەی کـوڕی ئەبـی سـوفیان) لایەنگـری هیـچ لایەنێـك نەبـوون، دەیانگـوت حوکمکـردن تەنهـا بـۆ خوایـە، سـەرکردەیەکیان بۆخۆیـان هەڵبـژارد بەنـاوی (عەبدولـڵای کـوڕی وەهەبـی راسـیبی)، نازنـاوی خەلیفە (ئەمیرولمۆمینین)یـان پێـدا. بە جموجۆڵـی خەواریجـەکان ئاسـایش و جێگیـری دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە سـەردەمی خەلیفـە (عەلـی)دا شـێوێندرا، لـە ئەنجامیشـدا خەلیفـە (عەلـی) بـە دەسـتی خەواریجـەکان شـەهید کـرا. جێگـەی ئاماژەیـە خەواریجـەکان، دواتـر لەسـەردەمی هـەردوو خەلافەتـی ئومـەوی و عەبباسـی بوونـە دیارتریـن بزوتنـەوەی دژی دەسـەڵات.

## زانیاری:

(ئەمیرولمۆمینین) نازناوی (خەلیفە) لە مێژووی ئیسلام، یەکەم جار بەکارهاتووە لەسەردەمی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب).

## چالاکی:

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی گفتوگۆکردن، مامۆستا چەند پرسیارێك ئاڕاستە قوتابیان دەکات سەبارەت بە: کەسایەتی خەلیفە (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)، ڕووداوەکانی سەردەمی خەلیفە (عەلی)، دەرکەوتنی خەواریجەکان، کاریگەر وئەنجامی جموجۆڵی خەواریجەکان لەسەر کاروباری دەوڵەتی ئیسلامی.

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەك:


١/ کێ والی (شام) بوو لەسەردەمی خەلیفە (عەلی)؟

٢/ خەواریجەکان چێیان هەڵبژارد وەك سەرکردە و چ نازناوێکیان پێیبەخشی؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست بە بۆچوونی خۆت و بە هاوکاری یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت چۆن ڕۆڵی دەسەلات هەڵدەسنگینی لە ڕووبەربونەوەی گەندەڵی؟ ڕونیبکەوە بە چەند دێرێك.

## دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) وخەلیفەکانی ڕاشیدین



## پرسیارەکان

پ١/ ئەنجامەکانی سەرکوتکردنی بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان ڕوون بکەرەوە؟

پ٢/ کارە گرنگەکانی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب) تەنها بژمێرە؟

پ٣/ ئەم گفتوگۆیە کە دەستپێکرد لە نێوان موسڵمانەکان و ساسانییەکان پێش شەڕی (قادسیە) چ لەخۆ دەگرێت؟

پ٤/ ناوی شارە کوردنشینەکانی (جەزیرە) دیاری بکە کە لەسەردەمی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب) دەستیان بەسەرداگیرا؟

پ٥/ وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١/ بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان لە سەردەمی کێ سەریهەڵدا؟

١. ئەبوبەکری صدیق. ٢. عومەری کوڕی خەتاب. ٣. عوسمانی کوڕی عەفان.

٤. عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب.

٢/ بەناوبانگترین والی کێ بوو کە خەلیفە (عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب) ویستی لایبدات؟

١. خالیدی کوڕی وەلید. ٢. عەمرو کوڕی عاص. ٣. هاشیمی کوڕی عوتبە.

٤. موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان.

٣/ ناوی ئەو شەڕە چ بوو کە فەرماندەی موسڵمانەکان (ئەبو عوبیدەی کوڕی مەسعودی ثەقەفی) تیایدا شەهیدکرا؟

١. نەهاوەند. ٢. الجسر. ٣. یەرموك. ٤. بوەیب.

٤/ کام شار موسوڵمانان ئاوەدانیان کردەوە و بووە بنکەی سەربازی ئیسلامی وپایتەختی (میسر)؟

١. فوستات. ٢. عەریش. ٣. فەرما. ٤. بابیلیۆن.

پ٦/ ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە:

١. سەقیفەی بەنی ساعیدە. ٢. بەیتولمال. ٣. خەواریجەکان. ٤. مەدائین.

پ٧/ هۆی ئامانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

١- خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب) دەوڵەتی ئیسلامی دابەش کرد بۆ چەند یەکەیەکی بەڕێوەبردن؟

٢- لەسەردەمی خەلیفە (ئەبوبەکر)، (عومەری کوڕی خەتاب) بە قازی ناسرابوو؟

٣- خەلیفە (عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب) ویستی ئەو والیانەی دوربخاتەوە کە لە سەردەمی خەلیفە (عوسمان) دانرابوون؟

٤- موسڵمانەکان بیریان لە (عێراق) کردەوە بۆ ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی ساسانییەکان دەریبهێنن؟

# بەندی سێیەم

## دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی خەلیفەکانی ئومەوی

## (٤١ - ١٣٢ی ك/٦٦١-٧٤٩ی ز)

### ئامانجەکانی فێربوون

١- قوتابی بەناوبانگترین خەلیفەکانی ئومەوی و ماوەی حوکمڕانیان دەزانێت.

٢- کارەکانی خەلیفە (موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان) تێدەگات.

٣- گرنگترین ڕووداوەکانی سەردەمی (یەزیدی کوڕی موعاویە) درکی پێدەکات.

٤- چۆنیەتی گواستنەوەی خەلافەتی ئومەوی لە (لقی سوفیانی) بۆ (لقی مەڕوانی) تێدەگات.

٥- کارەکانی خەلیفە (عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان) پۆلێن دەکات.

٦- فتوحاتی ئیسلامی لەسەردەمی ئومەوی دەخاتەڕوو.

٧- کارەکانی خەلیفە (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) هەڵدەسەنگێنێ.

٨- هۆیەکانی ڕووخانی دەوڵەتی ئومەوی تێدەگات.

## وانەی یەکەم: بنەماڵەی ئومەوی

ئومەوییەکان سەر بە خێڵی (قورەیش)ن، خاوەن پلەوپایەی بەرزبوون سەرو ماڵێکی زۆریان هەبووە، دەوڵەتەکەیان بە ناوی (ئومەییەی کوڕی عەبدشەمس کوڕی عەبدمەناف)ی باپیرە گەورەیانە.

ئومەوییەکان هەر لە زووەوە چاویان لە خەلافەت بووە، بەڵام لە سەردەمی (ئەبو بەکر) و (عومەر) بۆیان نەڕەخسا دەسەڵات بگرنە دەست، پاش شەهیدبوونی خەلیفە (عومەر) و ڕاسپاردنی شەش کەس بۆ دەستنیشانکردنی یەکێك لە نێوانیان بۆ ئەوەی ببێتە خەلیفەی موسڵمانان، ئومێدیان پەیدا کردو پاڵپشتی (عوسمان) بوون بە ئاشکراو نهێنی، کە (عوسمان) بوو بە خەلیفە کەوتنە کارکردن بۆ دامەزراندنی خەلافەتێکی ئومەوی، ئینجا (موعاویە) بەخۆی کەوت بۆ خۆئامادەکردن و پشت بەستن بە خەڵکی (شام).

لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئومەوی لە ساڵی (٤١ی ك/٦٦١ی ز) تاکو ڕووخانی لەساڵی (١٣٢ی ك/٧٤٩ی ز)، چواردە خەلیفە فەرمانڕەواییان کردووە، کە لە دوو لقی بنەماڵەی ئومەوی بوون: لقی (سوفیانی)، و لقی (مەروانی)، زۆربەی خەلیفەکان لە لقی دووەمن.

### موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان

### (٤١-٦٠ی ك/٦٦١-٦٧٩ی ز)

(موعاویە) یەکەم خەلیفەی ئومەوی بوو، لە شاری (مەککە) لەدایك بووە، پاش گرتنی (مەککە) لە ساڵی (٧ی ك/٦٢٨ی ز) بووە موسڵمان، پێغەمبەر (د.خ) حەزی دەکرد ئەو کەسانەی کە درەنگ ببوون بە ئیسلام لە خۆی نزیکیان بکاتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر ئیسلام لە دڵیان بچەسپێ، بۆیە (موعاویە)ی کردە نووسەری وەحی و گێڕەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) بووە.

پاش شەهیدبوونی خەلیفە (عەلی)، خەڵکی (کوفە) گفتیاندا کوڕە گەورەکەی (حەسەن)، بەڵام (حەسەن) خۆی دورەپەرێز ڕاگرت لە کێشەکانی خەلافەت و وازیهێنا لەو پلەوپایە بۆ (موعاویە)، بەمەرجێك فەرمانڕەوایی بکات لە ژێر ڕۆشنایی (قورئان) و (سوننەت)، ئەوەش ڕێگای خۆشکرد بۆ (موعاویە) بۆ ئەوەی ببێتە خەلیفەی موسڵمانان و سەردەمێکی نوێ دەستپێکرد لە مێژووی ئیسلام، ئەوەش سەردەمی خەلافەتی ئومەوی بوو. جێگەی ئاماژەیە کە لە سەردەمی ئومەوی پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی گواسترایەوە لە شاری (کوفە) لە (عێراق) بۆ شاری (دیمەشق) لە (وڵاتی شام).

## کارەکانی (موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان)

بەمەبەستی پاراستنی ژیانی خودی خەلیفە و ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت، (موعاویە) هەندێك شتی داهێنا کە پێش ئەو نەبووە، لەوانە:

١/ مەقصورەی دانا، ئەمەش ژوورۆچکەی بچووك لە نزیك میحراب، نوێژی لەناو دەکات، لە ترسی کوشتن لە کاتی نوێژکردن.

٢/ پۆستەی ڕێکخست.

٣/ دیوانی مۆرکردن (دیوان الخاتم)ی دامەزراند، مەبەستەکەی هەڵگرتنی وێنەیەك لە نامەکانی خەلیفە پاش مۆرکردنی وێنەی ڕەسەن بە مۆری سوور.

٤/ پەردەداری لە نێوان خۆی و خەڵك دانا.

## فراوانبوونی دەوڵەتی ئومەوی لەسەردەمی (موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان)

بەهۆی ئەو کێشانەی کە دەوڵەتی ئیسلامی ڕوبەڕووی بۆوە لە سەردەمی خەلیفە (عەلی)، بۆ ماوەی چەند ساڵێك بزوتنەوەی فتوحاتی ئیسلامی ڕاوەستا، بەڵام خەلافەتی (موعاویە) بە سەردەمی فراوانبوونی دەوڵەتی ئومەوی دادەنرێت، لەو سەردەمەدا موسڵمانان توانیان بگەنە ناوچە دوورەکان جا لە خۆرهەڵات یان لە خۆرئاوا.

لە خۆرهەڵات (موعاویە) دوو هەڵمەتی نارد بۆ (وڵاتی سەند)، یەکەمیان لە ساڵی (٤٣ك / ٦٦٣ز.)، بەسەرکردایەتی (عەبدوڵڵای کوڕی سیواری عەبدی)، دووەمیان لە ساڵی(٤٤ك/٦٦٤ز.)،بەسەرکردایەتی (موهەلەبی کوڕی ئەبی صوفرە). لە خۆرئاوا، و بەتایبەتی (باکوری ئەفریقیا)، سەرکردەی بەناوبانگ (عوقبەی کوڕی نافیعی فیهری) توانی سوپای بێزەنتییەکان بشکێنێ و بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئومەوییەکان بچەسپێ لە (ئەفریقیا) شاری (قەیرەوان) لە (تونس)بنیاتنا، لە ساڵی (٥٠ ك/٦٧٠ی ز)، وەك بنکەیەکی سەربازی ئیسلامی. گرنگترین هەوڵەکانی (موعاویە) بۆ گرتنی شاری (قوستەنتینییە)، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بوو، بۆ ئەم مەبەستە دوو هەڵمەتی گەورەی نارد بەسەرکردایەتی (سوفیانی کوڕی عەوف)، و گەمارۆی شارەکەی دا، بەڵام پێی نەگیرا، بە هۆی سەختی شوراکانی.



پەیکەری (عوقبەی کوڕی نافیعی فیهری)
لە شاری (بسکرە) لە (جەزائیر)

## زانیاری:

(وڵاتی سەند) بەشێکە لە (نیمچە دورگەی هیند)ی، ئەو وڵاتانەی دەگرتەوە کە لەدەوروبەی (رووباری سەند)ن، بەشێکی گەورە لە پاکستانی ئێستا لەخۆدەگرێت.

## چالاکی:

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی گفتوگۆکردن، مامۆستا چەند پرسیارێکی ئاراستەی قوتابیان دەکات سەبارەت بە: بنەماڵەی ئومەوی، هەوڵەکانی ئومەوییەکان بۆ وەرگرتنی خەلافەت، ژمارەی خەلیفەکانی ئومەوی، لقەکانی بنەماڵەی ئومەوی، دامەزرێنەی دەوڵەتی ئومەوی، کارەکانی (موعاویە)، فتوحاتی ئیسلامی لەسەردەمی (موعاویە).

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات وەکو:

١/ ساڵی چەند دەوڵەتی ئومەوی دامەزرا؟

٢/ لەسەر دەستی کێ شاری (قەیرەوان) بنیادرا؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست بە بۆچوونی خۆت و بەهاوکاری یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت چۆن هەڵوێستی (حەسەنی کوری عەلی) هەڵدەسەنگێنی کە خۆی دورەپەرێز راگرت لە کێشەکانی خەلافەت و وازیهێنا لەو پلەوپایە بۆ (موعاویە)؟ روونیبکەوە بە چەند دێرێك.



مزگەوتی عوقبەی کوری نافیع

لە شاری (قەیرەوان)

## وانەی دووەم/

### یەزیدی کوڕی موعاویە (٦٠-٦٣ی ك/ ٦٧٩-٦٨٢ی ز)

پێش ئەوەی (موعاویە) بمرێت، (یەزید)ی کوڕی دەستنیشانکرد بەجێنشینی خۆی، بە پێی سیستەمی پشتاو پشت، کە سیستەمێکی نوێ بوو پەیڕەو نەکرابوو لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا. (یەزید) چوار ساڵ حوکمڕانی کرد، لەو سەردەمەدا کارێکی دڵتەزێن ڕوویدا و بووە مایەی ناڕەزایی موسڵمانان و تێکچوون و پارچە پارچە بوونی کۆمەڵگای ئیسلامی، ئەمیش شەهیدکردنی (حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب)، لە شەڕی(الطف) لە بیابانی (کەربەلا) لە (١٠)ی مانگی (موحەڕەم) ساڵی (٦١ی ك/٦٨٠ی ز)، کە ڕازی نەبوو گفت و بەیعەت بە (یەزید) بدات.

پاش کۆچی دوایی (یەزید)، کورەکەی (موعاویەی دووەم) بوو بە خەلیفە، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر کەم بەنەخۆشی کۆچی دوایی کرد، لە ساڵی (٦٤ی ك/٦٨٣ی ز)، ئومەوییەکان کۆنگرەیەکیان بەست بەناوی (کۆنگرەی جابیە)، بەمەبەستی هەڵبژاردنی خەلیفەی نوێ، پاش گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە (مەروان کوڕی حەکەم)یان هەڵبژارد وەك خەلیفە. بەمەش خەلافەت لە لقی (سوفیانی) گواسترایەوە بۆ لقی (مەروانی)، هەموو ئەو خەلیفانە کە دواتر حوکمی دەوڵەتی ئومەوییان کرد لە نەوەی (مەروان) بوون.

**زانیاری:**

(کۆنگرەی جابیە) ناوەکەی لە شوێنەکەی هاتووە کە شوێنێکی مێژوویە دەکەوێتە باشوری (سوریا)، ئێستا دەناسریت بە (گردی جابییە).



تابلۆیەکی عوسمانی باسی ڕووداوەکانی پێش شەڕی (کەربەلا) دەکات

## عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان

## (٦٥- ٨٦ی ك/٦٨٤-٧٠٥ی ز)

عەبدولمەلیك كوڕی مەڕوان كوڕی حەكەم، لە (مەدینە) لەدایك بووە، هەر لە گەنجییەوە بایەخی داوەتە خوێندن و فێربوون، لە (مەدینە) بە پیاوێكی دیندار و تێگەیشتو ناسرابوو، لەدوای كۆچی دوایی باوكی ساڵی (٦٥ی ك/٦٨٤ی ز) بوو بە خەلیفە.

لە سەرەتای هاتنی (عەبدولمەلیك) جیهانی ئیسلامی بەش بەش و شڵەژاو بوو، بە هێزو دەسەڵاتی سەربازی و دوای ڕوودانی سەركەوتنەكانی لە چەندین شەڕ توانی دەسەڵات بكێشێت بۆ سەر هەموو جیهانی ئیسلام.

### كارەكانی (عەبدولمەلیك كوڕی مەڕوان)

### یەكەم/ بە عەرەبكردنی دەزگاكانی دەوڵەت:

خەلیفە (عەبدولمەلیك) دەستیكرد بە گۆڕینی هەموو شتێك لە دەزگاكانی دەوڵەت بۆ زمانی عەرەبی، گرنگترین گۆڕانەكان ئەم بابەتانەی گرتەوە:

#### أ- بە عەرەبیكردنی دیوانەكان:

لە ساڵی (٨١ی ك/ ٧٠٠ی ز) خەلیفە (عەبدولمەلیك) فەرمانیدا كە گشت دیوانەكان، بە واتای دامو دەزگاكانی دەوڵەت، بكرێن بە عەرەبی، لە جیاتی زمانی یۆنانی و سوریانی لە (شام)، و قیبتی لە (میسر)، و پەهلەوی لە (عێراق). ئاكامی ئەم كارە، فەرمانبەرانی دیوانەكان ناچاربوون خۆیان فێری زمانی عەرەبی بكەن بۆ ئەوەی لەسەر كارەكانیان بمێننەوە، زمانی عەرەبی بووە زمانێكی فەرمی، ئەوەش هەنگاوێك بوو بۆ ئەوەی خەڵك هەوڵی فێربوونی زمانی عەرەبی بدەن لە هەموو وڵاتانی جیهانی ئیسلامی.

#### ب- بەعەرەبیكردنی دراو:

خەلیفە (عەبدولمەلیك) لە ساڵانی (٧٤ و ٧٥ی ك/٦٩٣ و ٦٩٤ی ز) فەرمانیدا كە گشت دراوەكانی دەوڵەتی ئیسلامی بە نەخش و نیگاری عەرەبی ئیسلامی بنەخشێنرێت، دراوەكانی پێشتری ڕەتكردەوە و هەر كاربەدەستێك (والی) لە وڵاتی خۆیدا بۆی هەبوو پارە لێبدات، بەو شێوەی كە دەوڵەت بۆی داناوە، كە پێیدەگوترا (سكەی ئیسلامی)، و جێگەی دەركردنی پێیدەگوترا (دارولسككە)، واتە (خانەی سكە لێدان).



نمونەی دیناری ئومەوی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٠٥ی ك/٧٢٣ی ز)

## دووەم/ پڕۆژەكانی ئاوەدانكردنەوە

١- دروستكردنی (مزگەوتی ئەقصا) و (قوبەی سەخرە) لە شاری (قودس)، كە لە ساڵی (٦٦ی ك/٦٨٥ی ز) دەستپێكرا، و لە ساڵی (٧٢ی ك/٦٩١ی ز) كۆتاییهات.

٢- ڕێكخستنی كاروباری كارگێری: ئەو كارانەی كە (موعاویە) دەستپێكردبوون لە بواری چاكسازی و بەرەوپێشبردنی دامودەزگاكانی دەوڵەت، (عەبدولمەلیك) تەواوی كردن، گرنگیدا بە دیوانەكان و كاربەدەستەكان (والیەكان) و ڕێكخستنی پۆستە، هەروەها پاش ئارام بوونەوەی بارودۆخی دەوڵەتی ئیسلامی دەستكرا بە سەرژمێركردنی نوێ بۆ دانیشتوان و داوایان لێكرا بە دانی ئەو باجانەی كە دەوڵەت بەسەریاندا دەسەپاند.

**زانیاری:**

(سوریانی) بە زمانی دایك دادەنرێت بۆ مەسیحییەكانی (عێراق) و(سوریا)، پێگەی تایبەتی خۆی هەیە لە ئایینی مەسیحی و بۆ ماوەیەكی زۆر زمانی زانست و هونەر و ئەدەب بوو.

### فراوانبوونی دەوڵەتی ئومەوی لەسەردەمی (عەبدولمەلیكی كوڕی مەڕوان)

لە سەردەمی خەلیفە (عەبدولمەلیك) بزوتنەوەی فتوحاتی ئیسلامی بوژایەوە، لە خۆرهەڵات، لە ساڵی (٧٨ی ك/٦٩٧ی ز)، (موهەللەب كوڕی ئەبی صوفرە)، وەك والی (خوراسان) دەستنیشانكرا و دەسەڵاتی دەوڵەتی ئومەوی گەیاندە زۆربەی شوێنەكانی وڵاتی پشت ڕووبار (ما وراء النهر). هەروەها لە خۆرئاوا، لە ساڵی (٧٤ی ك/٦٩٣ی ز)، (حەسسان كوڕی نوعمانی غەسسانی)، سوپای بەربەرەكانی شكاند وشاری (تونس)ی بنیاتنا، مزگەوتێكی تێدا دروستكرد و گرنگیدا بە بڵاوكردنەوەی ئایینی ئیسلام لە نێوان بەربەرەكان.



مزگەوتی ئەقصا لە (قودس)

## زانیاری:

⁕(دیوانی زەویانە) دیوانێكی تایبەتە بە دیاریكردنی ڕێژە و چۆنیەتی كۆكردنەوەی (خەراج) كە ساڵانە لە بەرهەمی زەوی وەردەگیرێت، لە سەردەمی خەلیفە (عومەر كوڕی خەتتاب) دامەزرا.

⁕(أهل الذمة) بە واتای (أهل الكتاب) كە (جولەكە، مەسیحی، زەردەشتی وصابیئەكان) لە خۆدەگرێت، لە دەوڵەتی ئیسلامی ژیاون سەرەڕای مانەوەیان لەسەر ئایینیە جیاوازەكانیان.

⁕(بەربەر) وشەیەكە عەرەب بەكاریان دەهێنا بەرامبەر بەو خێڵانەی كە لە (باكوری ئەفریقیا) هەتا (زەریای ئەتلەسی) دەژیان و ئێستا بە (ئەمازیغ) ناسراون و نەتەوەیەكی سەربەخۆ و جیاوازن لە عەرەب و زیاتر لە وڵاتانی (لیبیا و تونس و جەزائیر و مەغریب و مۆریتانیا) دەژین.

## چالاكی:

قوتابیان دابەشدەبن بۆ شەش گروپ بۆ ئەوەی گفتوگۆ بكەن دەربارەی ئەم بابەتانە: خەلافەتی (یەزید) و گرنگترین ڕووداوەكانی پێش خەلافەتی (عەبدولمەلیكی كوڕی مەروان)، عەبدولمەلیك كوڕی مەروان، بە عەرەبكردنی دەزگاكانی دەوڵەت، پرۆژەكانی ئاوەدانكردنەوە، فراوانبوونی دەوڵەتی ئومەوی لەسەردەمی (عەبدولمەلیك).

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەكات وەكو:

١/ موعاویە بە كام سیستەم (یەزید)ی كوڕی دەستنیشانكرد بەجێنشینی خۆی؟

٢/ساڵی چەند (كۆنگرەی جابیە) بەسترا؟

## چالاكی ماڵەوە:

گرنگی زمانی دایك چییە؟ ئەمە بە چەند دێڕێك گفتوگۆ بكە لەسەر تیشكی فەرمانی خەلیفە (عەبدولمەلیكی كوڕی مەروان) بە گۆڕینی زمانی گشت دامودەزگاكانی دەوڵەت بۆ عەرەبی؟

## وانەی سێیەم/وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك

(٨٦- ٩٦ی ك/٧٠٥-٧١٤ی ز)

وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك، جێنیشنی باوكی بوو، پاش مردنی بوو بە خەلیفە و ماوەی (١٠) ساڵ لە دەسەڵات مایەوە، سەردەمەكەی ئارامی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بەخۆیەوە بینی.

وەلید بەناوبانگ بوو بە حەزی زۆری بۆ بیناسازی، ڕێگاوبانی چاككرد، بیرو كانی هەڵكەند، مزگەوت و نەخۆشخانەی دروستكرد، مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) لە (مەدینە) فراوانكرد، بەڵام یەكێك لە بەناوبانگترین كارەكانی لەم بوارەدا دروستكردنی مزگەوتی ئومەوی بوو لە (دیمەشق)، كە یەكێك بوو لە ناوازەترین نموونەكانی بیناسازی ئیسلامی.

### فراوانبوونی دەوڵەتی ئومەوی لەسەردەمی (وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك)

فتوحاتی ئیسلامی لەسەردەمی (وەلید) گەیشتە لوتكە و دەوڵەتی ئومەوی گەیشتە ئەوپەڕی فراوانی، لە خۆرهەڵات سەركردە (قوتەیبەی كوڕی موسلیمی باهیلی) بەردەوامبوو لەسەر هەمان پلانی (موهەلەب) بە ئەنجامدانی هێرشی كتوپڕ وخێرا بۆ سەر دوژمنان وتوانی زۆربەی شوێنەكانی وڵاتی پشت ڕووبار (ما وراء النهر) بخاتە ژێر ركێفی دەوڵەتی ئومەوی تا گەیشتە سنوری (چین).

لە خۆرئاوا سەركردە (موسای كوڕی نوصەیر) هەڵمەتێكی ناردە (ئیسپانیا) بەسەركردایەتی (طاریقی كوڕی زیاد)، شای قوتە خۆرئاواییەكان (لۆذریك) لەشكرێكی گەورەی كۆكردەوە و شەڕێكی قورس لەنێوان هەردوو لادا ڕوویدا كە ناسراوە بە (وادی لەككە)، لە ساڵی (٩٢ی ك/٧١١ی ز)، كۆتاییهات بە شكانی قوتە خۆرئاواییەكان و كوژرانی (لۆذریك).

پاش سەركەوتنی (طاریق)، هەڵمەتێكی گەورەی نوێ بەرەو (ئیسپانیا) بەڕێكەوت، بەسەركردایەتی (موسای كوڕی نوصەیر) كە توانی زۆربەی شارەكانی (ئیسپانیا) ڕزگاربكات وبیانخاتە ژێر ركێفی دەوڵەتی ئومەوی.

**زانیاری:**

(قوتە خۆرئاواییەكان) كۆمەڵە خێڵێك لە (خۆرئاوای ئەوروپا) نیشتەجێبوون، بەتایبەتی (ئیسپانیا) و (پورتوگال) و (باشوری خۆرئاوای فەرەنسا)، باوەڕیان بە ئایینی مەسیحی هێنا.



وێنەیەكی خەیاڵی بۆ (طاریق كوڕی زیاد) بۆ وێنەكێشی ئەڵمانی تیۆدۆر هۆزمن (١٨٠٧-١٨٧٥ی ز)

## عومەری کوڕی عەبد ولعەزیز

## (٩٩-١٠١ ی ك/٧١٧-٧١٩ی ز)

عومەر کوڕی عەبدولعەزیز کوڕی مەروان، لە (مەدینە) لە دایکبووە، هەر لە بچوکییەوە (قورئانی پیرۆز)ی لەبەر کرد، شارەزاییەکی زۆری لە زانستە ئاینییەکان هەبوو، خاکی و دەست پاك و خاوەن ڕەوشتێکی بەرز بوو، وەك (عومەری کوڕی خەتاب)، بۆیە بە خەلیفەی ڕاشدی پێنجەم ناسراوە. (عومەر) بوو بە خەلیفە پاش کۆچی دوایی ئامۆزاکەی (سولەیمان کوڕی عەبدولمەلیك).

## کارەکانی (عومەر کوڕی عەبدولعەزیز)

١- سەرانەی لەسەر (أهل الذمة)ی نەهێشت.

٢-تەماشای سکاڵای غەدر لێکراوەکانی کردووە و فەرمانی داوە گشت کاربەدەستان وەك ئەو بکەن.

٣- فەرمانی بە کاربەدەستان کردووە بەپێی (قورئانی پیرۆز) و سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) کار بکەن.

٤-لە سیاسەتیدا لەگەڵ خەواریجەکان پەیڕەوی ئاشتی، گفتوگۆو دانیشتنی کردووە، لەبەر ئەوە بەشێك لە (خەواریجەکان) هاتنە ڕیزی ئەو و بەشێکیان چالاکیان لە سەردەمی حوکمی ئەودا ڕاگرت.

٥-زەوی و زاری چاك کردووە، بیری لێداو ڕێگاو بانەکانی چاککردەوە.

لە ساڵی (١٠١ی ك/٧١٩ی ز) خەلیفە (عومەر) کۆچی دوایی کردووە.

### چالاکی:

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی پرسیار و وەڵام، مامۆستا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی قوتابیان دەکات سەبارەت بە: خەلافەتی (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك)، کارەکانی، فراونبوونی دەوڵەتی ئومەوی لە سەردەمی (وەلید)، عومەر کوڕی عەبدولعەزیز، کارەکانی.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەکو:

١/ بۆ ماوەی چەند ساڵ (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك) فەرمانڕەوایی کرد؟

٢/ بەناوبانگترین کارەکانی (وەلید کوڕی عەبدولمەلیك) لە بواری بیناسازی چی بوو؟

### چالاکی ماڵەوە:

بە چەند دێرێك باسی یەکێك لە سەرکردە بەناوبانگەکانی سەردەمی خەلیفە (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك) بە پشت بەستن بە کتێبخانەی قوتابخانە یان تۆڕی ئینتەرنێت؟

## وانەی چوارەم/ هیشام کوڕی عەبدولمەلیك

(١٠٥-١٢٥ی ك/٧٢٣-٧٤٢ی ز)

هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان، دەیەمین خەلیفەی ئومەوی، لە (دیمەشق) لەدایك بووە، بووە بە خەلیفە دوای کۆچی دوایی برایەکەی (یەزید) و توانی چەند کارێکی گرنگ ئەنجامبدات وەك: ڕێکخستنی دیوانەکان، کەمکردنەوەی باجەکان، گرنگیدان بە کشتوکاڵ، دروستکردنی کۆشك و تەلار، تەواوکردنی پرۆسەی عەرەبکردنی دەزگاکانی دەوڵەت، کە باوکی (عەبدولمەلیك) دەستیپێکردبوو... هتد.



تابلۆیەکی مۆزاییك لە یەکێك لە تەلارەکانی خەلیفە (هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك)

### فراوانبوونی دەوڵەتی ئومەوی لەسەردەمی (هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك)

گەورەترین کاری سەربازی سەردەمی خەلیفە (هیشام) هەوڵی ئومەوییەکان بوو بۆ گەیاندنی دەسەڵاتیان بۆ ناو (فەرەنسا)، کە (عەبدولرەحمانی کوڕی عەبدوڵڵای غافیقی) سەرکردایەتی هەڵمەتێکی کرد بەرەو قوڵایی (فەرەنسا)، شاری (تۆلۆز)ی گرت. سەرکردەی فەرەنجی (شارل مارتیل) لەشکرێکی زۆر گەورەی کۆکردەوە بەمەبەستی ڕاگرتنی هەڵمەتی موسڵمانان. شەڕێکی قورس لەنێوان هەردوو لادا ڕوویدا، ناسراوە بە (بلاط الشهداء)، لە ساڵی (١١٤ی ك/٧٣٢ی ز)، کۆتاییهات بە شکاندنی موسڵمانان و شەهیدبوونی سەرکردەیان (عەبدولرەحمان). پاش ئەم شەڕە مێژووییە هیچ ئومێدێك نەما لەلای ئومەوییەکان بۆ گەیاندنی دەسەڵاتیان بۆ قوڵایی (فەرەنسا).

**زانیاری:**

* (فەرەنجە) کۆمەڵە خێڵێکن لە (فەرەنسا) وبەشێك لە (خۆرئاوای ئەڵمانیا)ی ئێستا نیشتەجێبوون و میرنشینێکی نیمچە سەربەخۆیان دامەزراندووە و باوەڕیان هێنا بە ئایینی مەسیحی.

* وشەی (بلاط الشهداء) لەوە هاتووە بە هۆی زۆرینەی شەهیدەکانی موسڵمانان لەم شەڕە.

## مەروانی کوڕی موحەممەد

(١٢٧- ١٣٢ی ک/٧٤٤-٧٤٩ی ز)

مەروانی کوڕی موحەممەد، لە (جەزیرە)، لە باکوری (کوردستان)، لەدایکبووەو پەروەردە کراوە، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دایکی کوردە، هەر خۆشی بە والی (کوردستان) و (ئەرمینیا) دانرا. (مەروان) لە دژی خەلیفە (ئیبراهیمی کوڕی وەلید) ڕاوەستا، وە توانی هێرش بێنێتە سەر (شام)، لەشکری خەلیفە تێکبشکێنێت وە بە سەرکەوتوویی گەیشتە (دیمەشق) و بووە بە کۆتا خەلیفەی دەوڵەتی ئومەوی.

سەرەڕای ئەو هەموو دەسەڵات و دەستکەوتە گەورەکانی دەوڵەتی ئومەوی، جگە لە توانا و لێهاتووی خەلیفە (مەروانی کوڕی موحەممەد)، بەڵام کە شۆرشی عەباسی بەرپابوو لە ساڵی (١٣٢ی ک/٧٤٩ی ز)، هیچ کاتێک نەمابوو بۆ چاکردنی هەڵە کەڵەکەبووەکانی ئومەوییەکان، لەبەر ئەوە لە کۆتاییدا دەوڵەتی ئومەوی هەرەسی هێنا و ڕوخا و عەباسییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست.

### هۆیەکانی ڕوخانی دەوڵەتی ئومەوی

١- دەمارگیری ئومەوییەکان بۆ نەتەوەی عەرەبی بووە هۆی نارازیبوونی (مەوالی)یەکان و هەوڵی ڕزگاربونیان لە دەسەلاتی عەرەب.

٢- دورکەوتنەوەی بەشێك لە خەلیفەکان لە کاروباری دەسەڵات ئەوەش بۆ هۆی لاوازی دەوڵەتی ئومەوی.

٣- دەستنیشانکردنی زیاتر لە یەك کەس وەك جێنشینی خەلیفە ئەوەش بۆ هۆی ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی ئومەوی.

٤- پەیدابوونی دەمارگیری لە نێوانی خێڵە عەرەبییەکان بەتایبەتی پاش کۆچی دوایی خەلیفە (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز).

### زانیاری:

عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان یەکەم خەلیفە بوو کە زیاتر لە یەك لە کەس دەستنیشانکرد وەك جێنشینی، ئەمانەش هەردوو کوڕی: (عەبدولمەلیك) و (عەبدولعەزیز).

### چالاکی:

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی فێربوونی ئاڵوگۆڕ ، مامۆستا چەند پرسیارێکی ئاراستەی قوتابیان دەکات سەبارەت بە: خەلافەتی (هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك) و کارە گرنگەکانی، فراوانبوونی دەوڵەتی ئومەوی لەسەردەمی (هیشام)، خەلافەتی (مەروانی کوڕی موحەممەد)، هۆیەکانی ڕوخانی دەوڵەتی ئومەوی.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات وەکو:


١/ هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك بە چەندمین خەلیفەی ئومەوی دادەنرێت؟

٢/ لە ساڵی چەند شەڕی (بیلاتی شوهەدا) ڕوویدا؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی ڕاپۆرتێکی کورتکراوەی یەك لاپەڕە لەسەر (هۆیەکانی ڕووخانی دەوڵەتی ئومەوی) ئامادە بکات، بە پشت بەستن بە کتێبخانەی قوتابخانە یان تۆڕی ئینتەرنێت.

## دەوڵەتی ئومەوی*



* ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر – سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خۆشناو – ٢٠١٠

## پرسیارەکان

پ١/ کارەکانی (موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان) بژمێرە؟

پ٢/ گرنگترین کارەکانی (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك) لە بواری بیناسازی دیاری بکە؟

پ٣/ فتوحاتی ئیسلامی لە (ئیسپانیا) باس بکە؟

پ٤/ گرنگترین کارەکانی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) بژمێرە؟

پ٥/ وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١/ کام لەم شارانە پایتەختی دەوڵەتی ئومەوی بوو؟

١. کوفە. ٢. دیمەشق. ٣. مەدینە. ٤. قودس.

٢/ لەسەردەمی کام لەم خەلیفانە خەلافەتی ئومەوی لە لقی (سوفیانی) گوازراوەتەوە بۆ لقی (مەڕوانی)؟

١. یەزیدی کوڕی موعاویە. ٢. وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك. ٣. مەڕوانی کوڕی حەکەم. ٤. مەڕوانی کوڕی موحەممەد.

٣/ لەسەردەمی کام لەم خەلیفانە مزگەوتی ئومەوی لە (دیمەشق) دروستکرا؟

١. وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك. ٢. عومەری کوڕی عەبدولعەزیز.

٣. سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك. ٤. موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان.

٤/ لە ساڵی چەند شۆڕشی عەباسی بەرپابوو؟

١. ١٣٠ی ك. ٢. ١٣٢ی ك. ٣. ١٣٤ی ك. ٤. ١٣٥ی ك.

پ٦/ ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە:

١. دیوانی زەویانە. ٢. بەربەر. ٣. قوتە خۆرئاواییەکان. ٤. فەرەنجە.

پ٧/ هۆی ئامانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

١. سەردەمی (موعاویە) بە فراوانبوونی دەوڵەتی ئومەوی دادەنرێت؟

٢. خەلیفە (عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان) هەموو شتێکی لە دەزگاکانی دەوڵەت گۆڕی بۆ زمانی عەرەبی؟

٣. بەشێك لە (خەواریجەکان) هاتنە ڕێزی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)و بەشێکیان چالاکیان لە سەردەمی حوکمی ئەودا ڕاگرت؟

٤. دەستنیشانکردنی زیاتر لە یەك کەس وەك جێنشینی خەلیفە یەکێکە لە هۆیەکانی ڕوخانی دەوڵەتی ئومەوی؟

# بەندی چوارەم

## دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی خەلیفەکانی عەباسیدا

## (١٣٢-٦٥٦ی ك/٧٤٩-١٢٥٨ی ز)

### ئامانجەکانی فێربوون

١- قوتابی ئامانجە سەرەکییەکانی بانگێشتی عەباسی دەزانێت.

٢- قۆناغەکانی بانگێشتی عەباسی پۆلێن دەکات.

٣- ڕۆڵی (ئەبو موسلیمی خوراسانی) لە بانگێشتی عەباسی هەڵدەسەنگێنێ.

٤- بەناوبانگترین خەلیفەکانی سەردەمی یەکەمی عەباسی لەیەك جیادەکاتەوە.

٥- خەسڵەتەکانی سەردەمی دووەمی عەباسی شیبکاتەوە.

٦- کاروباری خەلافەت لە سەردەمی سێیەمی عەباسی تێدەگات.

٧- چۆنیەتی دەرکەوتنی مەغۆلەکان وڕوخانی دەوڵەتی عەباسی دركیپێدەکات.

٨- هۆیەکانی ڕوخانی دەوڵەتی عەباسی ڕوون دەکاتەوە.

## وانەی یەکەم/ بنەماڵەی عەبباسی

عەبدوڵڵای کوڕی عەلی، کە یەکێك بوو لە نەوەکانی (عەباس کوڕی عەبدولموتتەڵیب)، مامی پێغەمبەر (د.خ)، یەکەم کەس بوو لەم بنەماڵەیە ئارەزوی خەلافەتی هەبوو، ئومەوییەکان زۆر بەتوندی دژایەتییان کرد و ئازاریاندا. پاش هەوڵ و کۆششێکی بێ وچان، عەباسییەکان توانیان نەیار و دوژمنانی ئومەوی لەژێر دروشمی «ڕازی بوون لە بنەماڵەی موحەمەد (د.خ)» واتە «الرضا من آل محمد (ص)» یەکبخەن و دەوڵەتێك دامەزرێنن بەناوی دەوڵەتی عەباسی.

**زانیاری:**

بنەماڵەی موحەمەد (د.خ)، واتە کچ و کوڕ و ئافرەتانی پێغەمبەر (د.خ) و هەموو بنەماڵەی (هاشم).

### بانگێشتی عەباسی

بانگێشتی عەباسی بزووتنەوەیەکی سیاسی بوو، ئامانجە سەرەکییەکانی بریتیبوون لە: لەناوبردنی ئومەوییەکان و نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان عەرەب و (مەوالی)یەکان و پەیڕەو کردنی فەرمایشتەکانی (قورئانی پیرۆز) و کردەوەکانی پێغەمبەر (د.خ). فارس و کوردەکان توخمی سەرەکی بوون لە دامەزراندنی دەوڵەتی عەبباسی، زۆربەی ئەو توێژانەی کە پشتیوانی بانگێشتەکە چینی هەژارو چەوساوە بوون کە ئامادە بوون بۆ هەر کارێك ببێتە هۆی بەدی هێنانی ئاواتەکانیان. بانگێشتی عەباسی بە دوو قۆناغ تێپەڕیوە

**یەکەم/ قۆناغی نهێنی:**

عەباسییەکان دەستیان بە بانگەوازی کرد، بەتایبەت لە جێگا دوورەکان لە خۆرهەڵاتەوە لە ڕێگای بازرگان و سۆفییەکان... هتد، تاکو ئاشکرا نەبن و زەمینە خۆش بکەن و لەسەر پێ ڕابوەستن ئینجا بانگێشتەکەیان ئاشکرا بکەن. ئەم کارە سیاسیە لە لایەن (ئیبراهیمی ئیمام)، کە ئیمامی گەورەی عەباسییەکان بوو، جێبەجێکرا. لە سەرەتا بە پێی فەرمانەکانی (ئیمام)، بەهیچ شێوەیەك ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئومەوییەکان قەدەغە بوو، لەترسی ئاشکرابوون، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو ناوەڕۆکی بانگێشتەکە دیار نەبوو.

**دووەم/ قۆناغی ئاشکرا:**

زۆر بە ڕێکوپێکی، بانگێشتی عەباسی ڕەگ و ڕیشەی لەناو خەڵکدا کوتا و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك پشتگیریان کرد، ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندن دابوو، تا گەیشتە ڕادەیەك کە پێویستە ئاشکرا بکرێت، پاش ڕا گۆڕینەوەو گفتوگۆ کردن، دەست نیشانی شاری (مەرۆ) کرا، بەناوبانگترین شارەکانی (خوراسان) لە (ئێران)، وەك جێگایەك بۆ کارکردن و لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی ساڵی (١٢٩ی ك/٧٤٦ی ز)، بانگێشتەکە ڕاگەیێنرا.

## ئەبو موسلیمی خوراسانی

لە قۆناغی نهێنی بانگێشتی عەباسیدا، لاوێکی کوردی ئازا، پەیوەندی بە (ئیبراهیمی ئیمام) کرد، پاش ماوەیەك و لەبەر لێهاتوویی و توانایە زۆرەکەی، کرا بە سەرپەرشتیاری بانگێشتەکە لە (خوراسان)، (ئیبراهیمی ئیمام) ئەوەندە بڕوای پێ هەبووتا ڕاددەیەك نهێنییەکانی بۆ ئاشکرا کردبوو. ئازایەتی و ناوبانگی (ئەبو موسلیم) بەشێوەیەك بوو، کە توانی پاش ماوەیەك دەست بەسەر (خوراسان)دا بگرێت و کارمەندی ئومەوییەکان دەربکات، و خۆی ئیدارەی ئەم هەرێمەی گرتە دەست.



دراوێکی عەباسی بە ناوی (ئەبو موسلیمی خوراسانی) لە شاری (مەرۆ) لێدرا ساڵی (١٣٢ی ك/ ٧٤٩ی ز)

## شەڕی زاب (١٣٢ی ك/٧٤٩ی ز)

دوای ماوەیەك ئومەوییەکان (ئیبراهیمی ئیمام) یان دەستگیرکرد و کوشتیان، پێش مردنیشی کارەکانی سپاردبوو بە (ئەبولعەباس)ی برای، کە ئەمیش توانی لە ساڵی (١٣٢ی ك/٧٤٩ی ز) خەلافەتی عەباسی لە شاری (کوفە) ڕابگەیەنێ و خەڵکی (کوفە)ش بەیعەتیان پێدا.

کۆتا خەلیفەی ئومەوی (مەڕوان کوڕی موحەممەد) بە لەشکرێکی زۆرەوە لە (جەزیرە) هاتە (مووسل)، (ئەبولعەباس) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی (مەڕوان) لەشکرێکی پێکهێنا بە سەرۆکایەتی مامی (عەبدوڵڵا کوڕی عەلی)، هەردووکیان لەسەر (زێی گەورە) نزیك شارۆچکەی (خازر)ی ئێستا، گەیشتنە یەك، لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادان ئومەوییەکان شکستیان هێنا، ناچار بون پاشەکشە بکەن بۆ شاری (موسڵ)، بەڵام خەڵکی (موسڵ) پێشوازیان نەکردن، ناچار بوون بەرەو (وڵاتی شام) بچن. عەباسییەکان ڕاویان نان و وازیان نەهێنا تاکو (مەڕوان) یان کوشت لە گوندی (بوصیر) لە (میسر)، و بە کوشتنی دەوڵەتی ئومەوی کۆتایی هات.

**چالاکی:**

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی گفتوگۆکردن، مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات سەبارەت بە: بنەماڵەی عەباسی، ئامانجەکانی بانگێشتی عەباسی، قۆناغەکانی، ڕۆڵی (ئەبو موسلیمی خوراسانی) لە بانگێشتی عەباسی، شەڕی زاب، ڕووخانی دەوڵەتی ئومەوی.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەکو:

١/ کێ یەکەم کەس بوو لە بنەماڵەی عەباسی ئارەزووی خەلافەتی هەبوو؟

٢/ لە قۆناغی نهێنی بانگێشتی عەباسی کاری سیاسی لە لایەن کێ جێبەجێ دەکرا؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی ڕاپۆرتێکی کورتکراوەی یەك لاپەڕە لەسەر (ئەبو موسلیمی خوراسانی) ئامادە بکات، بە پشت بەستن بە کتێبخانەی قوتابخانە یان تۆڕی ئینتەرنێت.

## وانەی دووەم/ سەردەمی یەکەمی عەباسی

**(١٣٢- ٢٣٢ی ك/٧٤٩-٨٦١ی ز)**

ئەم چاخە بۆ ماوەی سەد ساڵ بەردەوام بوو، لە دەست بەکاربوونی خەلیفە (ئەبولعەباسی سەفاح) دەستپێکرد و بە کۆچی دوایی خەلیفە (واثیق) کۆتاییهات، ئەم سەردەمە بەسەردەمی زێڕینی دەوڵەتی عەباسی لە ڕووی هێز ودەسەڵاتەوە دادەنرێت.

عەباسییەکان هەمان سیستەمی پشتاو پشتیان پەیڕەوکرد کە کاتی خۆی ئومەوییەکان دایانهێنا، لەبەر ئەوە خەلیفە (ئەبولعەباس) براکەی (ئەبو جەعفەر)ی دەستنیشانکرد وەك جێنشینی خۆی. ئەبو جەعفەری مەنسور، کە لە ساڵی (١٣٦ی ك/٧٥٣ی ز) بوو بەخەلیفە، بە دامەزرێنەی ڕاستەقینەی دەوڵەتی عەباسی دادەنرێت، ڕووبەڕووی شۆڕشەکانی خەواریج و عەلەوییەکان بۆوە، گرنگیدا بە کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی، زانست و زاناکانی هاندا، لە ڕووی سەربازیەوە بایەخیدا بەسنوری باکوری دەوڵەتی عەباسی، بەڵام یەکێك لە گرنگترین کارەکانی (ئەبو جەعفەر) بنیاتنانی شاری (بەغدا) بوو، وەك پایتەختی نوێی دەوڵەتی عەباسی، کە چوار ساڵی خایاند، لە ساڵی (١٤٦ی ك/٧٦٣ی ز) دەستیپێکرد و لە ساڵی (١٤٩ی ك/٧٦٦ی ز) کۆتاییهات.

جێگەی ئاماژەیە کە لەسەردەمی خەلیفە (ئەبولعەباس) شاری (کوفە) پایتەختی دەوڵەتی عەباسی بوو.

خەلیفە (هارون ڕەشید) بە یەکێك لە بەناوبانگترین خەلیفەکانی سەردەمی یەکەمی عەباسی دادەنرێت، لەدوای کۆچی دوایی باوکی ساڵی (١٧٠ی ك/٧٨٦ی ز) بوو بە خەلیفە. لە کارە گرنگەکانی (هارون ڕەشید): شۆڕشەکانی خەواریجی دامرکاندەوە، مزگەوت و کۆشك و تەلاری دروستکرد، گرنگیدا بە کشتوکاڵ و بازرگانی، ماڵی دانایی (بیت الحکمة) دامەزراند و لەسەردەمی ئەو بزوتنەوەی وەرگێڕان گەشەی کرد.



وێنەیەکی خەیاڵی بۆ (هارون ڕەشید)

خەلیفە (مەئموون)، کوڕی (هارون ڕەشید)، یەکێکیتر بوو لە خەلیفە بەناوبانگەکانی سەردەمی یەکەمی عەباسی، لە ساڵی (١٩٨ی ك/ ٨١٣ی ز) بوو بە خەلیفە و بۆ ماوەی بیست ساڵ لە دەسەلات مایەوە، سەردەمی ئەو بەسەردەمی سەرهەڵدانی زانستی دادەنرێت، خودی خەلیفە وەك شاعیر و زانا و ئەدیب بەناوبانگ بوو، هەوڵی کۆکردنەوە و وەرگێڕانی کتێبە یۆنانییەکانیدا بۆ زمانی عەرەبی، وەرگێرەکانی خەڵات کرد، زانا و و فەقێ و شاعیر و فەیلەسوفەکانی لەخۆ نزیك کردۆتەوە و چەند قوتابخانەیەکی دروستکرد.



(بیت الحکمة) هەروەك لە کتێبی (مەقاماتی حەریری)دا هاتووە

جێگەی ئاماژەیە کە (موعتەسیم)، کە لە ساڵی (٢١٨ی ك/٨٣٣ی ز) بوو بە خەلیفەی موسڵمانان، شارێکی دروستکرد لە باکوری (بەغدا) بەناوی (سامەرا)، لە ساڵی (٢٢١ی ك/٨٣٥ی ز)، کردی بە پایتەختی دەوڵەتی عەباسی و پاش ماوەیەکی کەم خەڵك ڕوویان لەم شارە کرد و لەوێ نیشتەجێبوون و باڵەخانەی بەرزیان لێ دروستکرد و وەك پایتەخت مایەوە هەتا ساڵی (٢٧٩ی ك/٨٩٢ی ز).

## زانیاری:

(ماڵی دانایی) بە یەکەم دەزگای زانستی دادەنرێت، سەرەتا وەك کتێبخانەیەکی گشتی دروستکرد، دواتر بوو بە سەنتەرێکی گرنگ بۆ توێژینەوەی زانستی و نووسین و وەرگێڕان و بەرگکردنی کتێب.

## چالاکی:

قوتابیان دابەشدەبن بۆ پێنج گروپ بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن دەربارەی ئەم بابەتانە: سەردەمی یەکەمی عەباسی، بەتایبەتی خەلافەتی (ئەبولعەباسی سەفاح)، کارەکانی خەلیفە (ئەبو جەعفەری مەنسور)، کارەکانی خەلیفە (هارون ڕەشید)، خەلیفە (مەئموون)، خەلیفە (موعتەسیم).

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەکو:

١/ سەردەمی یەکەمی عەباسی ماوەی چەند ساڵی خایاند؟

٢/ کام لە خەلیفە عەباسییەکان شاری (سامەڕا)ی دروستکرد؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست بە بۆچوونی خۆت و بە هاوکاری یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت چۆن کاریگەری گرنگیدانی دەسەڵات بە زانست و زانیاری هەڵدەسنگێنی؟ ڕوونیبکەوە بە چەند دێرێك.



باڵیۆزی بێزەنتی لەبەردەم خەلیفەی عەبباسی (موعتەسیم)

## وانەی سێیەم/

### سەردەمی دووەمی عەباسی (چاخی دەسەڵاتی تورکی) (٢٣٢- ٣٣٤ی ك/٨٤٧-٩٤٥ی ز)

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی تورکەکان، بەتایبەتی لە وڵاتی پشت رووبار (بلاد ما وراء النهر)، روویان لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی کرد و لەهەندێك شوێن نیشتەجێبوون و تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەمیش بە چەندین رێگای جیاواز وەك: شەڕ، کڕین و فرۆشتن، کۆچکردن، ئیسلامبوون... هتد.

لە سەردەمی خەلیفە (موعتەسیم) بەکارهێنانی تورکەکان لەناو لەشکری عەبباسی زیاتر بوو و دوای کۆچی دوایی (موعتەسیم)، رۆژ بە رۆژ پلەوپایەیان لە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەتی عەباسی زیاتر دەبوو، تا گەیشتە رادەیەك کە سەردەمی دووەمی عەباسی بە سەردەمی دەسەڵاتی تورکی بناسرێت، لەبەر ئەوەی سەرکردە تورکەکان پلە بەرزەکانی ناو دامودەزگاکانی دەوڵەتی عەباسییان قۆرخ کرد، سوپای عەباسییان کۆنترۆڵکرد، تەنانەت خەلیفەکان نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەسەڵات بمێننەوە و دەسەڵاتی ڕەهایان نەبوو بەڵکو بەناو خەلیفەبوون.

ئەم سەردەمە بە دەست بەکاربوونی خەلیفە (موتەوەکیل) دەستیپێکرد لە ساڵی (٢٣٢ك/٨٤٧ی ز)، سەرکردە تورکەکان دەستیان هەبوو لە دانانی (موتەوەکیل) بۆ پۆستی (خەلیفە) دوای کۆچی دوایی برای (واثیق). سەردەمی (موتەوەکیل) ململانەی بەردەوام بەخۆیەوە دیت لە نێوان خودی خەلیفە و سەرکردە تورکەکان، تا لە ساڵی (٢٤٧ی ك/٨٦١ی ز) بە کوشتنی خەلیفە کۆتاییهات.

کوشتنی (موتەوەکیل) دەرگای ئاژاوە و کێشە ترسناکەکانی کردەوە بەرامبەر بە خەلافەتی عەباسی، سەرکردە تورکەکان دەستیان لە کاروباری دەوڵەت وەردا بە دانان و لادان یان کوشتنی خەلیفەکان، بەشێك لە والیەکان شوێنە دوورەکان هەوڵی خۆجوداکردنەوەیان دا، بە تایبەتی لە (میسر) و (ئێران)، ڕۆڵی وەزیرەکان پاشەکشەی کرد و کاروباری کارگێری تێکچوو.


منارەی (مەلوییە) لە (سامەڕا) لەسەردەمی خەلیفە(موتەوەکیل) بنیاتنرا

یەکێك لە ڕووداوە گرنگەکانی سەردەمی دووەمی عەباسی، شۆڕشی (زینجەکان) بوو، کە لە ساڵی (٢٥٥ی ك/٨٦٩ی ز) بەرپابوو و ماوەی پانزدە ساڵی خایاند تا کۆتاییهات لە ساڵی (٢٧٠ی ك/٨٨٣ی ز). زینجەکان کۆیلەکانی (خۆرهەڵاتی ئەفریقیا) بوون، لە شاری (بەسرە) لە بارودۆخێکی زۆر خراپ دەژیان، ئەمەش بووە هۆی بێزاری و نارەزاییان، هەوڵیاندا بارودۆخە خراپەکەیان چاك بکەن، بەڵام شۆڕشەکەیان شکستیهێنا و لە دوای خۆی وێرانکاری و تێکدانێکی زۆریی بە جێهێشت.

موعتەزید کە لە ساڵی (٢٧٨ی ك/٨٩٢ی ز) بوو بە خەلیفەی موسڵمانان، یەکێك لە خەلیفە بەهێزەکانی سەردەمی دووەمی عەباسی بوو، هەوڵیدا قەوارەی خەلافەتی بەهێزبکاتەوە، پایتەختی عەباسییەکانی گەڕاندەوە شاری (بەغدا)، شۆڕشەکانی خەواریجی دامرکاندەوە، گرنگیدا بە کاروباری دارایی، باجەکانی ڕێکخست، دیوانی ماڵی (الدار)ی دامەزراند، کە سەرپەرشتی ئەم دیوانانە دەکات کە تایبەتن بە کاروباری دارایی، سەرەڕای ئەوەی کە دادپەروەر بوو، بە وردی لێپرسینەوەی لە کاربەدەستەکان دەکرد.

لە کۆتایی سەردەمی عەباسی دووەم چەند دیاردەیەکی مەترسیدار دەرکەوتن، وەك: (بوەیهییەکان) کە هێزێکی نوێ بوونەوە و لە (ئێران) دەرکەوتن، (بەریدییەکان) دەستیان بەسەر (خوزستان) گرت، دەسەڵاتی (حەمدانییەکان) لە (موصل) بە هێز بوو، وڵات دووچاری قەیرانی دارایی سەخت بۆوە و دەسەڵاتی خەلیفە تەنها لە چوارچێوەی شاری (بەغداد) مایەوە.

## زانیاری:

* (بەریدییەکان) بنەماڵەیەك بەشێك لە ئەندامەکانی پیشەی گرنگیان هەبوو لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی عەباسی، کۆتاییانپێهات بەهۆی کێشە و ناکۆکی لە نێوان خودی بنەماڵەکەیان.
* (حەمدانییەکان) میرنشینێکی شیعی بوو، لە (موصل) و(جەزیرە) دروست بوو، دامەزراندنی دەگەڕێتەوە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زایینی، میرەکانی گرنگیاندا بە لایەنی زانستی و ئەدەبی و بیناسازی.

## چالاکی:

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی پرسیار و وەڵام، مامۆستا چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات سەبارەت بە: بەکارهێنانی تورکەکان لەناو لەشکری عەباسی، زیادبوونی ڕۆڵی سەرکردە تورکەکان لە دام ودەزگاکانی خەلافەت، کاریگەی نەرێنی کوشتنی خەلیفەی (موتەوەکیل)، شۆرشی زینجەکان، کارەکانی خەلیفە (موعتەزید)، دیاردە مەترسیدارەکانی کۆتایی سەردەمی عەباسی دووەم.

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەکو:

١/ کوشتنی کام لە خەلیفەی عەباسییەکان دەرگای ئاژاوە وکێشە ترسناکەکانی کردەوە بەرامبەر بە خەلافەت؟

٢/ شۆرشی زینجەکان ماوەی چەند ساڵی خایاند؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست بە بۆچوونی خۆت و بە هاوکاری یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت چۆن بەکارهێنانی ڕەگەزی بیانی لەناو لەشکر و دامودەزگاکانی دەوڵەت هەڵدەسنگێنی؟ ڕوونیبکەوە بە چەند دێرێك.

## وانەی چوارەم/ سەردەمی سێیەمی عەباسی
## (چاخی دەسەڵاتی بوەیهی)
## (٣٣٤-٤٤٧ی ك/ ٩٤٥-١٠٥٥ی ز)

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، بوەیهییەکان، کە بە ڕەگەز (فارسن) و خەڵکی (دەیلەم) بوون، بەهۆی سروشتی چیایی وڵاتیان نەبوون بە موسڵمان تا دواتر ئیسلام لە نێویان بڵاوبۆوە بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە لەو کاتەی کە بەشێك لە عەلەوییە زەیدییەکان، لە ترسی عەباسییەکان، پەنایان بۆ (دەیلەم) برد لە ساڵی (١٧٥ی ك/٧٩١ی ز).

بەهۆی لاوازبوونی خەلافەتی عەباسی، لەسەردەمی عەباسی دووەم، بویهییەکان توانیان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر بەشێك لە شارەکانی (ئێران) بسەپێنن، (ئەحمەد کوڕی بوەیە)، کە یەکێکە لە میرەکانیان چاوی بڕیە داگیرکردنی (عێراق)، تا توانی لە ساڵی (٣٣٤ی ك/٩٧٣ی ز) بێتە ناو (بەغدا) و بە بێ شەڕ داگیری بکات.

لەگەڵ هاتنی بوەیهییەکان سەردەمێکی نوێ دەستیپێکرد، کە بارودۆخی خەلافەت بەرەو خراپتر ڕۆیشت، خەلیفەکان هیچ دەسەڵاتیان نەمابوو جگە لە دەسەڵاتی ئایینی، داهاتی خەزینەی دەوڵەت پاشەکشەی کرد، باجەکان زیادبوون و بارودۆخی جوتیاران بەرەو خراپی ڕۆیشت، گرانی و برسێتی بڵاوبۆوە.



نمونەی هونەری سەردەمی بوەیهییەکان لە سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی

وەك هەر داگیرکەرێك بوەیهییەکان بە پلەی یەکەم بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ڕەچاو کرد، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵك خراپ بوو، بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری (عیراق) زۆربەی وەزیرو کاربەدەستەکانیان (فارس) بوون، ئەمەش وایکرد کە خەڵکی (بەغدا) بێزاری و نارەزاییان دەربڕی بەرامبەر بەم دەسەڵاتە.

کێشەی نێوان خودی بوەیهییەکان، تێکچوونی باری دارایی، بڵاوبونەوەی ئاژاوە و هاندانی ناکۆکی و ململانێی لە نێوان سوننە و شیعەکانی (بەغدا)، هەموو ئەمانە هۆکاربوون بۆ لەناوچوونی بوەیهییەکان.



جەنگاوەرێکی دەیلەمی

زانیاری:

* (دەیلەم) وڵاتێکە دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای (دەریای قەزوین) لە باکوری (ئێران).

* (زەیدییەکان) گروپێکی ئیسلامی شیعی بوون و ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ (زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حوسەین)، لە (نەجد) - کە دەکەوێتە (نیمچە دورگەی عەرەب) - و (باکوری ئەفریقیا) و (دەوروبەری دەریای قەزوین) نیشتەجێبوون، لە دژی دەسەڵاتی عەباسی وەستان.

## سەردەمی چوارەمی عەباسی
## (چاخی دەسەڵاتی سەلجوقی)
## (٤٤٧- ٥٩٠ی ك/١٠٥٥-١١٩٣ی ز)

سەلجوقییەکان کۆمەڵە خێڵێکی تورك بوون، لە دەشتەکانی (تورکستان) لە ناوەڕاستی ئاسیا هاتوون، ناوەکەشیان لە سەرکردەی بەناوبانگیان (سەلجوقی کوڕی دوقاق) هاتووە، کە لە ساڵی (٣٤٥ی ك/٩٥٦ی ز دەسەڵاتی دەستپێکرد.

سەلجوقییەکان دەسەڵاتی خۆیان فراوانکرد لە (ئێران) و هێزی بوەیهییەکانیان شکاند و لە ساڵی (٤٤٧ی ك/١٠٥٥ی ز) یەکێك لە نەوەکانی (سەلجوق) کە ناوی (توغرول بەگ)بوو بەرەو (عێراق) کەوتە ڕێ، لە شاری (حەلوان) هاتە ناو خاکی (عێراق)، کە کورتترین و ئاسانترین ڕێگایە بۆ هاتنە ناو (بەغدا). بۆ ئەوەی کە هاتنەکەی سروشتی بێت، لایەنگرانی خەلافەتی عەباسی بە ڕەنگاری نەبنەوە، نامەیەکی بۆ (دیوانی خەلافەت) نارد، تیایدا خەڵکی دڵنیا کردووە کە تەنها هاتنی بۆ ( بەغدا)، قۆناغێك دەبێت بۆ چوونە حەج، و نیازی وایە کە ڕێگای حەج ئاوەدان بکاتەوە و چاکی بکاتەوە، ئینجا هەوڵ دەدا دەسەڵاتی (فاتیمییەکان) لەم ناوچەیە نەهێڵێت.

نامەی (توغرول بەگ) خەڵکی (بەغدا)ی دڵنیا کردەوە و ترسیان نەما، خەلیفەی عەباسی (قائیم) بڕیاریدا ناوی سوڵتانی سەلجوقی لە وتاری نوێژی هەینی بێنێت، (توغرول بەگ) بە فەرمی مۆڵەتی وەرگرت کە بێتە (بەغدا) و بەڕێوەرەسمێکی ڕێك و پێك، وەك ڕزگارکەر، هاتە ناو پایتەختی خەلافەتی عەباسی.



توغرول بەگ لەکاتی ڕاوکردن

پاش هاتنی سەلجوقییەکان، بۆ ماوەیەك بار و گوزەرانی خەڵکی (بەغدا) جێگیر بوو، بەڵام دوای دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی سەلجوقی، دووبارە بشێوی و ئاژاوە کەوتەوە ناو دەوڵەتی عەباسی، ئەمەش پێویستی بەوە بوو کە عەباسییەکان جارێکی تر خۆیان رێك بخەنەوە بۆئەوەی رزگاریان بێت لە دەسەڵاتی سەلجوقییەکان. لەبەر ئەوە لە ساڵی (٥٩٠ی ك/١١٩٤ی ز) و پاش بەهەماهەنگی لە نێوان عەباسییەکان خوارەزمییەکان، خەلیفەی عەباسی (ناصیر) توانی دەوڵەتی عەباسی لە ژێر دەسەڵاتی سەلجوقییەکان رزگاربکات.

جێگەی ئاماژەیە کە لە سەردەمی سەلجوقییەکان کۆمەڵە قوتابخانەیەکی ئاست بەرز بنیات نرا بەناوی (قوتابخانەکانی نیزامی)، یەکێکیان لە شاری (بەغدا) بوو، ئەمەش لەسەر دەستی وەزیری سەلجوقی بەتوانا (نیزامی مولك)، دانەری کتێبی (سیاسەت نامە)، کە باس لە بنەماکانی دەسەڵات دەکات.

## زانیاری:

* (تورکستان) بەواتای (وڵاتی تورك)، دەستەواژەیەك بەکاردێت بۆ وەسفی چەند ناوچەیەکی فراوان لە (ناوەڕاستی ئاسیا)، کە زۆربەی خەڵکەکەی تورکن، یەکێکیان وڵاتی ئەودیوی رووبار (ماورا النهر)

* (فاتیمییەکان) گرووپێکی ئیسلامی شیعی دەوڵەتیان دامەزراند لە (میسر) و (باکوری ئەفریقیا)، لە ساڵی (٢٩٧ی ك/٩٠٩ی ز)، ناویان لە (فاتیمە) کچی پێغەمبەر (د.خ) هاتووە.

*(خوارەزمییەکان) بنەماڵەیەکی تورك بوون دەوڵەتێکی گەورەیان دروستکرد لە (ئاسیای ناوەڕاست) و (خۆرهەڵاتی ئێران)، لە ساڵانی (٤٩٠ی ك/١٠٩٧ی ز) و(٦١٧ی ك/ ١٢٢٠ی ز).

## چالاكی:

قوتابیان دەکرێنە کۆمەڵە گرووپێك، بەشێك لە گروپەکان پرسیار دروست دەکەن و بەشێکی تر وەڵام دەدەنەوە، سەبارەت بەم بابەتانە: بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە وڵاتی (دەیلەم)، سەرەتاکانی پەیدابوونی دەسەڵاتی بویهییەکان، بارودۆخی خەلافەتی عەباسی لەسەردەمی بوەیهییەکان، هۆکارەکانی لەناوچوونی بوەیهییەکان، سەرەتاکانی پەیدابوونی دەسەڵاتی سەلجوقییەکان، نامەی (توغرول بەگ) بۆ (دیوانی خەلافەت)، کاروباری (عیراق) لەسەردەمی سەلجوقییەکان، قوتابخانە نیزامییەکان.

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات وەکو:

١/ رەگەزی بوەیهییەکان چی بوو؟

٢/ سەلجوقییەکان لە کوێ هاتوون؟

## چالاكی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست، پاش بەراورد کردن لە نێوان هەر دوو سەردەمی بوەیهی و سەلجوقی، لایەکی ئەرێنی دیاریکراو لە سەردەمی سەلجوقی گرنگی پێدرا.. دیاری بکە و هەڵیسەنگێنە ؟

## وانەی پێنجەم/ دوایین چاخی عەباسی

ناصیر کە لە ساڵی (٥٧٧ی ك/١١٨٠ی ز) بوو بە خەلیفە، یەکێك لە خەلیفە بەهێزەکانی دوایین چاخی عەباسی بوو، زانا و نوسەر و شاعیر بوو، بۆ ماوەی پەنجا ساڵ حوکمی دەوڵەتی عەباسی کرد، هەوڵیدا دەسەڵات و شکۆ بۆ خەلافەت بگەڕێنتەوە، هەروەها پێگەی خۆی لەناو پایتەخت بەهێز بکات، گرنگیدا بە بیناسازی، کۆتایی هێنا بە دەسەڵاتی سەلجوقی و پشتگیری لە سەرکردەی کوردی بەناوبانگ (سەلاحەددینی ئەییوبی) کرد.

## دەرکەوتنی مەغۆلەکان وڕوخانی دەوڵەتی عەباسی

مەغۆل یان تاتار خێڵێکی بتپەرست بوون، لە (مەنگۆلیا)ی ئێستا نیشتەجێبوون، لە کۆتا ساڵانی خەلافەتی عەباسی پەیدابوون، یەکێك لە سەرکردەکانیان کە ناوی (جەنگیز خان) توانی کۆیانکاتەوە و کۆتایی بە ناکۆکییەکانیان بهێنیت و هێزێکی نوێیان لێ دروست بکات. (جەنگیز خان) چاوی بڕیە داگیرکردنی ئەو وڵاتانەی کە دەکەوێتە خۆرئاوا، توانی دەست بگرێت بەسەر باکوری(چین) و کۆتایی بە دەوڵەتی (خوارەزم) هێنا و شارە گرنگەکانی خۆرهەڵاتی جیهانی ئیسلامی وەك (بوخارا) و (سەمەرقەند) و(بەلخ) ی وێرانکرد و تەختی کردن و کوشتارێکی گەورەی لەو شارانە نایەوە.



تابلۆیەك باسی هێرشی مەغۆلەکان لەسەر شاری (بەغدا)

پاش کۆچی دوایی خەلیفە (موستەنسیەر) لە ساڵی (٦٤٠ی ك/١٢٤٢ی ز) کورەکەی (موستەعسیم) هاتە جێگەی، پیاوێکی نەرم و لەسەر خۆ بووە بەڵام لە حوکمڕانی شارەزایی کەم بووە، لەبەر ئەوەی لاواز بوو، نەیتوانی بەرەنگاری ئەو کەسانە ببێتەوە کە چاویان بڕیوەتە خەلافەت و لە سەردەمی ئەم خەلیفەیە (عێراق) توشی داگیرکردنی مەغۆلەکان بۆوە.

سەرکردەی مەغۆلی (هۆلاکو) بە لەشکرێکی زۆر گەورە ڕووی لە (عێراق)ی کرد، سەرەتا نامەیەکی نارد بۆ خەلیفەی عەباسی (موستەعسیم)، داوای لێکرد کە شاری (بەغدا) تەسلیم بکات بە مەغۆلەکان، بەڵام خەلیفە داواکارییەکەی ڕەتکردەوە، مەغۆلەکان پایتەختی عەباسییەکانیان گەمارۆدا لە ساڵی (٦٥٦ی ك/١٢٥٨ی ز). شەر دەستیپێکرد، لەشکری عەباسییەکان شکستی هێنا، مەغۆلەکان چونە ناو شاری (بەغدا) و بۆ ماوەی چل ڕۆژ زۆر لە خەڵکەکەیان کوشت، بە بێ جیاوازی لە نێو پیاو و ژن و منداڵ، کە لە نێوانیان خودی خەلیفەی عەباسی (موستەعسیم) بوو، مزگەوتەکانیان تێکدا، کۆشك وتەلارەکانیان ڕوخاند، کتێبەکانیان لەناوبرد و بەتەواوی کۆتایی بە دەوڵەتی عەباسی هات و ڕووخا.

## هۆیەکانی ڕوخانی دەوڵەتی عەبباسی

١- پەیدابوونی میرنشین و قەوارە سیاسییە سەربەخۆکان.

٢- هاتنی بەشێك لە خەلیفە لاوازەکان و کەم شارەزایی لە حوکمڕانی ئەوەش کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر شکۆی خەلافەت.

٣- شەڕی ناوخۆیی بەردەوام کە لە دوای خۆیدا وێرانکاری و کاول بووی زۆری بە جێهێشت.

٤- دەستێوەردانی هێزە بیانییەکان وەك تورك و بوەیهییەکان وسەلجوقییەکان بووە هۆکاری لاوازبوونی خەلافەت.

٥- لافاو و برسییەتی وبڵاوبونەوەی نەخۆشی کە کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر ژیانی هەزری.

**چالاکی:**

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی دۆزینەوە، لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی قوتابیان بۆ خوێندنەوەی بابەتی دوایین چاخی عەباسی، دواتر ڕێگەیان پێبدرێت بۆ دەرئەنجام وشیکردنەوەی گرنگترین ئەو شتانە کە تیایدا هاتووە.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەکو:


١/ بۆ ماوەی چەند ساڵ خەلیفەی (ناصیر) فەرمانڕەوایی کرد؟

٢/ مەغۆلەکان لە کوێ نیشتەجێبوون؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست ئەو خاڵانە کە ئاماژەی پێکراوە وەك هۆیەکانی ڕوخانی دەوڵەتی عەباسی، بە پێچەوانە بنووسە بۆت دەردەکەوێت کە دەوڵەتی عەبباسی بە ئاسانی نەدەڕوخا بەدەستی مەغۆلەکان.

## دەوڵەتی عەباسی*



* لەئەتڵەسی پارێزگای هەولێر - سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خۆشناو - ٢٠١٠

## پرسیارەکان

پ١/ قۆناغەکانی بانگێشتی عەباسی بژمێرە و باسی یەکێکیان بکە؟

پ٢/ ئەبو جەعفەری مەنسور بە دامەزرێنەی ڕاستەقینەی دەوڵەتی عەباسی دادەنرێت.. ئەمە گفتوگۆ بکە؟

پ٣/ ئەم دیاردە مەترسیدارانە چین کە لە کۆتایی سەردەمی عەباسی دووەم دەرکەوتن؟

پ٤/ هۆیەکانی ڕوخانی دەوڵەتی عەباسی بژمێرە؟

پ٥/ وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١/ کاری سیاسی لە بانگێشتی عەباسی لەلایەن کێ جێبەجێدەکرا؟

١. ئەبو جەعفەری مەنسور.   ٢. ئیبراهیمی ئیمام.   ٣. هارونی ڕەشید.   ٤. موتەوەککیل.

٢/ سەردەمی یەکەمی عەباسی ماوەی چەند ساڵی خایاند؟

١. ١٠٠ ساڵ.   ٢. ٨٠ ساڵ.   ٣. ٨٥ ساڵ.   ٤. ١٠١ ساڵ.

٣/ لەکام سەردەم (قوتابخانە نیزامییەکان) بنیاتنرا؟

١. سەلجوقییەکان.   ٢. بوەیهییەکان.   ٣. بەریدییەکان.   ٤. فاتیمییەکان.

٤/ مەغۆلەکان یان تتەرەکان لە سەر کام ئایین بوون؟

١. مەسیحی.   ٢. جولەکە.   ٣. ئیسلام.   ٤. بتپەرستی.

پ٦/ ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە:

١. ماڵی دانایی.   ٢. دیوانی ماڵی.   ٣. بەریدییەکان.   ٤. فاتیمییەکان.

پ٧/ هۆی ئامانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

١. لە قۆناغی نهێنی بانگێشتی عەباسی بەهیچ شێوەیەك ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئومەوییەکان قەدەغە بوو؟

٢. سەردەمی دووەمی عەباسی بە سەردەمی دەسەڵاتی تورکی دەناسرێ؟

٣. خەڵکی (بەغدا) بێزاری و ناڕەزاییان دەربڕی بەرامبەر بە دەسەڵاتی بوەیهییەکان؟

٤. سوڵتانی سەلجوقی (توغرول بەگ) لە شاری (حەلوان) هاتە ناو خاکی (عیراق)؟

# بەندی پێنجەم

## كوردستان لە سەردەمی ئیسلام

### ئامانجەكانی فێربوون:

١- كاریگەری فتوحاتی ئیسلامی بۆ سەر (كوردستان) تێدەگات.

٢- هەرێمە كوردییەكان لە سەردەمی ئیسلام لە یەك جیادەكاتەوە.

٣- شارە بەناوبانگەكانی هەرێمە كوردییەكان و ئەم خێڵانە كە تیایدا نیشتەجێبوون دەزانێت.

٤- هۆیەكانی ڕاپەڕینە كوردییەكانی سەردەمی ئیسلام شیدەكاتەوە.

٥- میرنشین و دەوڵەتە كوردییەكانی سەردەمی ئیسلام لەیەك جیادەكاتەوە.

٦- ڕۆڵی سەلاحەدینی ئەیوبی لە مێژووی ئیسلام هەڵدەسەنگێنی.

٧- دۆخی دەوڵەتی ئەیوبی پاش سەلاحەدین دەخاتە ڕوو.

٨- هۆیەكانی ڕووخانی دەوڵەتی ئەیوبی تێدەگات.

## وانەی یەکەم/

### کوردستان و سەرەتاکانی پەیوەندی کورد بە ئیسلام

ئایینی ئیسلام کە لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینی لە (نیمچە دوورگەی عەرەب) دەرکەوت و دواتر لە ڕێگای بزوتنەوەی فتوحاتی ئیسلامی گەیشتە دەرەوەی (نیمچە دوورگەی عەرەب) و لە نێو گەلانی جیاوازدا بڵاو بۆوە وەك: (فارس)، (تورك)، (بەربەر)... هتد. میللەتی (کورد) یەك لەو میللەتانە بوو کە زوو بە ئایینی ئیسلام ئاشنابوو بڕوای پێهێنا.

پەیوەندی (کورد) بە ئیسلامەوە لە دوو ڕێگاوە بووە کە ئەمانەن:

١- پەیوەندی کەسی و سنوردار کە خۆی لە هەڵوێستی (جابانی کوردی)دا دەبینێتەوە، کە وەکو کوردێك بە خزمەت پێغەمبەر(د. خ) گەیشتووەو بڕوای بە پەیامەکەی هێناوە وەکو یەك لە هاوەڵان ناسراوە، کوڕەکەشی کە بە (ئەبو بەسیر) بەناوبانگ بووە چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەری (د. خ) گێڕاوەتەوە (ڕیوایەتی کردووە).

٢- پەیوەندی فراوان و ڕاستەوخۆ کە لەسەر خاکی (کوردستان) هەر لەگەڵ هاتنی سوپای موسڵمانان لە ساڵی (١٦ی ك/٦٣٧ی ز) دەستیپێکردووە تا ساڵی (٢٥ی ك/٦٤٥ی ز) خایاندووە، کە زۆربەی زۆری ناوچەکانی (کوردستان) کەوتە بەر دەستی سوپای ئیسلام، بەڵام قایلبوونی کوردان بە ئیسلام و وەرگرتنی بنەماکانی هەر لەو ماوەیەدا نەبوو، بەڵکو دواتر چەندان ساڵ بە شێنەیی درێژەی هەبوو.

### کاریگەری فتوحاتی ئیسلامی بۆ سەر (کوردستان)

دەتوانین بە پوختی کاریگەرییەکانی فتوحاتی ئیسلامی بۆ سەر (کوردستان) لەم چەند خاڵەدا بخەینە ڕوو:

١- لە لایەنی ئایینی: قۆناغێکی نوێ لە مێژووی (کوردستان) دەستیپێکرد، کە تیایدا زۆربەی میللەتی (کورد) بەرە بەرە لە ئایینە کۆنەکان (زەردەشتی، جولەکایەتی، مەسیحی... هتد) تەکینەوەو بڕوایان بە ئایینی ئیسلام هێنا.

٢- لە لایەنی سیاسی: دەسەڵاتی ئیسلام لە ناوچەکەدا چەسپاو کۆتایی هات بە دەسەڵاتی (ساسانی) و (بیزەنتی)، کە کوردستانیان بۆخۆیان پاوان کردبوو، بەمەش ڕێ خۆش بوو بۆ دەرکەوتنی دەسەڵاتی خۆجێی لە (کوردستان)دا.

٣- لە لایەنی ئابووری: بەهۆی بەستنەوەی (کوردستان) بە (دەوڵەتی ئیسلامی) کرانەوەی بۆ (کوردستان) لێکەوتەوە و پەیوەندییە ئابوورییەکان، بە تایبەتی بازرگانی، گەشەی کردو و پیشەو کاری کشتوکاڵی بوژانەوەی تێکەوت.

٤- لە لایەنی کۆمەڵایەتی: پاش ئەوەی (کوردستان) بوو بە بەشێك لە دەوڵەتی ئیسلامی ئیدی تێکەڵاوی لە نێوان (کورد) و میللەتانی دیکەی موسڵمان بە تایبەتی (عەرەب) زیاتر بوو، کۆمەڵێك خێڵی عەرەبی لە (کوردستان) نیشتەجێبوون.

## زانیاری:

(هـاوەڵان) یـان (صەحابـە) ئـەو کەسـانە کـە بـە خزمەتـی پێغەمبـەر (د.خ) گەیشـتون و باوەڕیـان پێهێنـا و بەردەوامبـوون لـە ئایینـی ئیسـلام تـا مـردن.

## چالاکی:

قوتابیـان دەکرێنـە کۆمەڵـە گروپێـك، بەشـێك لـە گروپـەکان پرسـیار دروسـت دەکـەن و بەشـێکی تـر وەڵام دەدەنـەوە، سـەبارەت بـەم بابەتانـە: ڕێگاکانـی پەیوەنـدی (کـورد) بـە ئایینـی ئیسـلام، کاریگـەری فتوحاتـی ئیسـلامی بـۆ سـەر (کوردسـتان) لـە هـەر چـوار لایەنـی: ئایینـی، سیاسـی، ئابـوری، کۆمەڵایەتـی.

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەکو:

١/ساڵی چەند سوپای موسڵمانان گەیشتە کوردستان؟

٢/ ئەو دوو دەسەڵاتە کێن کە پێش ئیسلام کوردستانیان بۆخۆیان پاوان کردبوو؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابـی خۆشەویسـت بـە بۆچوونـی خـۆت و بـە هـاوکاری یەکێـك لـە ئەندامانـی خێزانەکـەت ئایـا فتوحاتـی ئیسـلامی کاریگـەری ئەرێنـی بـوو بـۆ سـەر (کوردسـتان)؟ ڕوونیبکـەوە بـە چەنـد دێڕێـك.

## وانەی دووەم/

### هەرێمە کوردییەکان لە سەردەمی ئیسلام

لەکاتی دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام وڵاتی کوردان ناوێکی دیاریکراوی نەبوو کە بۆ هەموو وڵاتی کوردەواری بەکاربێ، گەشتیار و وڵاتناسانی موسڵمانان دەوڵەتی ئیسلامییان بۆ چەند هەرێمێك پۆلێن کردووەو خاکی کوردان ئەو کاتە زیاتر لە شەش هەرێمدا جێی کراوەتەوە بەم شێوەیە:

#### ١- هەرێمی چیاکان:

ناوچەیەکی فراوانە کە لای خۆرهەڵاتی هاوسنووری (خوراسان) و (هەرێمی فارس) و (ئەسفەهان) بوو، لە خۆرئاوای دراوسێی (ئازەربایجان) و (جەزیرە) بوو، لای باکوری هاوسنورە لەگەڵ هەرێمەکانی (دەیلەم) و(گەیلان)، لە باشوریش (هەرێمی خۆزستان) و بەشێکی (عیراق)یان پێك دەهێنا. ناوەڕاستی بەشی خۆرئاوای (هەرێمی چیاکان) کوردنشین بوو، لە کۆندا بە ناوچەی (میدیا) ناسرابوو، دیارترین شارەکانی: (دینەوەر) و (کرماشان) و (شارەزوور). بەناوبانگترین ئەو خێڵە کوردییانەی کە لە (هەرێمی چیاکان) نیشتەجێبوون: (بەرزیکانی) و (شازەنجانی) و (ماجەردانی)بوون.

#### ٢- هەرێمی ئازەربایجان:

ئەو هەرێمە کە بەشێکی زۆری کوردنشین بوو، لە باشوردا (هەرێمی چیاکان) و لە باکوردا (ڕووباری ئاراس) و لە خۆرهەڵاتی هەرێمەکانی (دەیلەم) و (گەیلان) و لە خۆرئاوا (ئەرمینیا) و بەشێکی (جەزیرە)، هەرێمەکەیان پێکدەهێناو لە کۆندا پێی دەوترا (ئەتروپاتەکان) یاخود (ئاتروپاتین). بەناوبانگترین شارەکانی (هەرێمی ئازەربایجان): (تەورێز) و (مەڕاغە) و (شنۆ). دیارترین ئەو خێڵە کوردانەی کە لە (هەرێمی ئازەربایجان) نیشتەجێبوون: (هەزبانی) و (زەرزاری) و (جەلالی).

#### ٣- هەرێمی جەزیرە:

ئەو ناوچانەی دەکەونە نێوان هەردوو ڕووباری (دیجلە)و (فورات) کە سنوری خۆرهەڵات و خۆرئاوای هەرێمەکە پێکدەهێنن، هەردوو شاری (هیت) و (تکریت) لە باشورو (ئەرمینیا) و (وڵاتی ڕۆم) لە باکور هاوسنوری (هەرێمی جەزیرە) بوون. شارە بەناوبانگەکانی (هەرێمی جەزیرە) ئەمانەن بوون: (هەولێر) و (موسڵ) و (ئامەد). زۆربەی زۆری (هەرێمی جەزیرە) کورد بوون، بە تایبەت کە خێڵە ناسراوەکانی: (بەشنەوی) و (هەزبانی) و (حەمیدی) لێبوون.

### ٤- هەرێمی ئەرمینیا:

بەشی باکورو خۆرهەڵاتی وڵاتی کوردان لە لای وڵاتناسانی موسڵمان دەکەوێتە (هەرێمی ئەرمینیا)وە کە لە لای باکورەوە (وڵاتی گورج) و لە باشوردا (ئازەربایجان) و (جەزیرە) و لە خۆرهەڵاتدا (هەرێمی ئاران) و لە خۆرئاوادا (وڵاتی ڕۆم) و (باکوری جەزیرە) سنورەکان پێکدەهێنن. شارە بەناوبانگەکانی (هەرێمی ئەرمینیا) ئەمانەن بوون: (بەدلیس) و (خەڵات) و (وان). دیارترین خێڵە کوردیەکانی (هەرێمی ئەرمینیا): (ڕۆژەکی) و (ڕەوادی) و (بوختی).

### ٥- هەرێمی خۆزستان:

هەرێمێکە لە ناوەڕاست و باکوریدا کوردێکی زۆر هەبوون، لە لای باکورییەوە ناوچەکانی (کوردستان) و (هەرێمی چیاکان)، لای باشوری ناوچەی (کەنداو)ە، لە لای خۆرهەڵاتییەوە (هەرێمی فارس) و لە خۆرئاوایدا (عیراق) سنوری (هەرێمی خۆزستان)یان پێکدەهێنا. شارە بەناوبانگەکانی (هەرێمی خۆزستان) ئەمانەن: (ڕامهورمز)و (جوندیسابور)و (ئەهواز). جگە لەو هەرێمانەی کە باسکران (کورد) لە چەند ناوچەی دیکەی خۆرهەڵاتی دەوڵەتی ئیسلام هەبوون، دیارترینیان (هەرێمی فارس) کە دەکەوێتە خوارووی (ئێران)ی ئێستا، شارەکانی: (شیراز)و (دارابجرد) و (ئیستەخر). بە گوتەی مێژوونوسان لەو هەرێمەدا پێنج سەد هەزارماڵی کوردان هەبووە، کە پێیان دەگوترا (زووم) یان (زمومی کوردان).

**زانیاری:**

*(هەرێم) بەشێك لە ڕووی زەوی چەند تایبەتمەندیەکی سروشتی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری دیاریکراوی هەیە لە هەرێمەکانی دیکە جیایدەکاتەوە.

*(وڵاتناسەکان) ئەم زانایانەن کە وەسفی وڵاتەکانی جیهانی ئیسلامیان کرد، لە ڕووی دیارکردنی هەرێمەکان و پۆلێنکردنی دانیشتوان.

**چالاکی:**

قوتابیان دابەشدەبن بۆ پێنج گروپ، هەر گروپێك باسی یەکێك لە هەرێمە کوردییەکانی سەردەمی ئیسلام دەکات.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەکو:


١/ دیارترین خێڵە کوریەکانی (هەرێمی ئازربایجان) کێن ؟

٢/ شارە بەناوبانگەکانی (هەرێمی ئەرمینیا) چی یە؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خشتەیەك دروست بکات کە تیایدا: ناوی هەرێمە کوردییەکان، شارە بەناوبانگەکان وخێڵە کوردییەکان دیاربێت.

## هەرێمە کوردییەکان لە سەردەمی ئیسلام*



* نەخشەی بارەگای هەولێر – سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خۆشناو – ٢٠٠٩ ( بە دەستکارییەوە )

## وانەی سێیەم/

### ڕاپەڕینە کوردییەکانی سەردەمی ئیسلام

دوای ئەوەی کە ئایینی ئیسلام لە نێو کوردان بڵاوبووەوە، کورد بوون بە بەشێك لە دەوڵەتی ئیسلامی و ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر کاریگەری سیاسییانەی دەوڵەتی ئیسلامی. جار بە جار لە هەندێك شوێنی کوردستاندا ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتدارانی ئومەوی و عەباسی کران، ئەو ڕاپەڕینانە لە دوو شێوازدا خۆیان دەنواند:

**١- بەشداری کورد لە ڕاپەڕین و بزاڤەکانی خەواریج و عەلەوییەکان:**

هەر پاش دەرکەوتنیان خەواریج پەنایان بۆ (شارەزور) برد و لەوێدا دژایەتی خۆیان بۆ ئومەوییەکان دەربڕی، هەندێك لە کوردانی (شارەزور) لایەنگری خەواریجەکانیان کرد. هەروەها لەسەردەمی عەباسییەکاندا کورد لە چەند بزوتنەوەیەکی خەواریجەکاندا دژی عەباسییەکان بەشداریان کردووە کە بەناوبانگترینیان بزوتنەوەی (موساویری کوڕی عەبدولحەمیدی شاری) بوو لە ساڵی (٢٥٢ی ك/٨٦٦ی ز) کە لە ناوچەی (جەزیرە) سەریهەڵدا و کوردانی دەوروبەری (موسڵ) و (شارەزور) بەشداریان تێدا کردووە و سەرکەوتنی بەرچاویان لە دژی عەباسییەکان بەدەست هێناوە، سەرکردەی دیاری کوردان لە نێو ئەو بزوتنەوەیەدا (موحەمەدی کوڕی خورزادی کوردی) بووە.

هەروەها کورد بەهۆی سۆزو دڵگەرمییەك کە بۆ عەلەوییەکانیان هەبوو یان بۆ نیشاندانی نارەزایی خۆیان لە دژی خەلافەت، بەشدارییان لە بزوتنەوەکانی عەلەوییەکان کردووە. بۆ نمونە لە ساڵی (١٢٢ی ك/ ٧٣٩ی ز) کوردانی (شارەزور) بەشداریان لەو ڕاپەڕینی گەورەی عەلەوییەکان کردووە کە بەسەرکردایەتی (زەیدی کوڕی عەلی) لە دژی ئومەوییەکان بەرپابوو.

هەر وەکو کورد لەسەردەمی عەباسییەکانیشدا لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زایینی بەشدارییان لە بزوتنەوەیەکی عەلەوییەکان لە ناوچەکانی ئازەربایجان کردووە.

هەروەها (قەرامیتەکان) کە گرووپێکی عەلەوی بوون لە نیوەی سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زایینی لە ناوچەکانی (کوفە) دەرکەوتن، ئەوانیش لە نێو کورداندا لایەنگریان هەبووە و سەرکردە (جەعفەری کوڕی حەمیدی کوردی) لە ڕابەرانی ئەو بزوتنەوەیە بووە.

## ٢- ڕاپەڕین و بزاڤی تایبەتی کوردی:

### أ/ ڕاپەڕینی کوردەکانی دەوروبەری (موسڵ):

لە ساڵی (٢٢٤ی ك/٨٣٩ی ز) کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی (موسڵ) لە دژی دەسەڵاتدارانی عەباسی لە ناوچەکەدا ڕاپەڕین. سەرکردەی ڕاپەڕین (جەعفەری کوڕی میر حەسەنی داسنی) بوو، کە لە دژی چەوساندنەوەو ستەم و زۆرداری والییەکانی عەباسی لەناوچەکەدا دەکرا.

چیای داسن، لە ڕۆژهەڵاتی (موسڵ)، مەڵبەندی بەرخودانی کوردانی ڕاپەڕیو بوو. خەلیفەی ئەو کاتەی عەباسییەکان (موعتەسیم) درکی بە مەترسی ڕاپەڕینەکە کردووە، سەرکردەیەکی بەناوی (عەبدوڵای کوڕی ئەنەسی ئەزدی) بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە ڕەوانەی (موسڵ) کرد، کە لە (چیای داسن)دا لەگەڵ کوردان جەنگا و سوپاکەی شکستی هێناو بۆ خۆشی کوژرا.

ئەو ڕاپەڕینە تا ساڵی (٢٢٧ی ك/٨٤٢ی ز) بەردەوام بوو لەو ساڵەدا لەبەرامبەر لەشکری زۆری زەبەندی عەباسیەکان کوردە ڕاپەڕیوەکان پاشەکشەیان کردو ئومێدی سەرکەوتنیان کەم بۆوە، بۆیە سەرکردە (جەعفەر) خۆی نەدا بە دەستەوە و خۆی ژەهر خوارد کرد.

### ب/ بزوتنەوەی (شەددادی کوردی):

ناوچەی حەسەنییە (زاخۆ) لە ساڵی (٢٨١ی ك/٨٩٤ی ز) بەسەرکردایەتی (شەددادی کوردی)، لەبەرامبەر دەسەڵاتدارنی عەباسی ناوچەکە ڕاپەڕی، کوردێکی زۆر لەو بزوتنەوەیەدا بەشدارییان کرد، لەبەر ئەوەی مەترسی ئەو ڕاپەڕینە زۆر بوو، بۆیە خەلیفەی عەباسی (موعتەزید) بۆخۆی سەرکردایەتی سوپای عەباسییەکانی کرد و توانی کۆتایی بەو ڕاپەڕینە بێنێت.

**چالاکی:**

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی گفتوگۆکردن، مامۆستا چەند پرسیارێکی ئاراستەی قوتابیان دەکات سەبارەت بە: بەشداری کورد لە ڕاپەڕین و پزاڤەکانی خەواریج و عەلەوییەکان، ڕاپەڕینی (جەعفەری کوڕی میر حەسەنی داسنی)، بزوتنەوەی شەددادی کوردی.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات وەکو:

١/ پاش دەرکەتنیان خەواریج پەنایان بۆ کوێ برد؟

٢/ ساڵی چەند بزوتنەوەی (شەددادی کوردی) بەرپابوو؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست بە بۆچوونی خۆت و بە هاوکاری یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت چۆن هەڵوێستی کورد لە دژی چەوساندنەوەو ستەم و کەلەکەبون هەڵدەسنگینی؟ ڕونیبکەوە بە چەند دێڕێك.

## وانەی چوارەم/

### میرنشین و دەوڵەتە کوردییەکان

لە سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی هەوڵەکانی کورد بۆ دامەزراندنی قەوارە سیاسییەکانی تایبەت بە خۆیان گەشەی بەرچاوی کرد و دروستبوونی چەند میرنشینێکی لێکەوتەوە، کە هەر یەکەیان خاوەن سەروەری خۆیان بوون و سەرکەوتووانە خزمەتی وڵاتی کوردەواریان کردووە و گرنگترینیان ئەمانەن:

**١/ میرنشینی ڕەوادی:**

لە ساڵی(٣٣٧ی ك/٩٤٨ی ز) میرنشینی ڕەوادی لە (هەرێمی ئازەربایجان) لەسەر دەستی (میر موحەمەدی کوڕی حوسەین) دامەزراوە، کە سەرکردەی خێڵی (ڕەوادی) کوردی بووە، توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێ و لە (ئازەربایجان) فراوانخوازی بکات.

بەناوبانگترین میرەکانی میرنشینی ڕەوادی ئەمانە بوون:

١/ میر حوسەینی کوڕی موحەمەد کە بە (ئەبولهەیجای ڕەوادی) بەناوبانگ بوو، دەسەڵاتی گرتە دەست دوای کۆچی دوایی باوکی و لە ساڵی (٣٤٥ی ك/٩٥٦ی ز) شاری (تەورێز)ی گرت و دوای پێنج ساڵ کردیە پایتەختی میرنشینەکەی.

٢/ میر موحەمەدی کوڕی حوسەین، کە بە (ئەبولهەیجای دووەم) بەناوبانگ بووە، دەسەڵاتی گرتە دەست دوای کۆچی دوایی باوکی، توانی هەموو (ئازەربایجان) بخاتە سەر قەڵەمڕەوی میرنشینەکەی و هێرش بکاتە سەر (ئەرمینیا)، زۆر پەرەی بە ئاوەدانکردنەوەو خزمەتی زانستی و فێربوون داوە.

میرنشینی ڕەوادی ساڵی (٤٦٣ی ك/١٠٧٠ی ز) کۆتاییهات لەسەر دەستی سەلجوقییەکان.




میرنشینی ڕەوادی

ئەم نەخشەیە لە ئینتەرنێتەوە وەرگیرا لە بابەتی(الروادية) (https://ar.wikipedia.org/)

### چالاکی:

سەرنجی نەخشەکە بدە و وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە:

١-سێ لەم شارانە کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی میرنشینی ڕەوادی دیاری بکە؟

٢-ئەم دەریاچە کە هاوسنورە لەلای باکوری میرنشینی ڕەوادی دیاری بکە؟

٣-پایتەختی ڕەوادییەکان دەکەوێتە کام لای میر نشینە کە ؟

## ٢/ میرنشینی شەددادی

ئەو میرنشینە لە سەروبەندی ساڵی (٣٤٠ی ك/٩٥١ی ز) لە ناوچەی (ئاران)، كە دەكەوێتە نێوان هەردوو هەرێمی (ئازەربایجان) و (ئەرمینیا) لەودیوی (ڕووباری ئاراس) دەركەوتووە. شەددادییەكان بنەماڵەیەكی كورد بوون لە خێڵی (ڕەوادی)، سەرداریان (موحەممەد كوڕی شەدداد)، كە میرنشینەكەی دامەزراند لە شاری (دەبیل).

بەناوبانگترین میرەكانی میرنشینی شەددادی ئەمانە بوون:

١/ میر لەشكری كوڕی موحەممەد، دەسەڵاتی گرتە دەست دوای كۆچی دوایی باوكی ساڵی (٣٤٤ی ك/٩٥٥ی ز) و بۆ ماوەی (٨) ساڵ حوكمی كردووەو میرنشینەكەی فراوان كردووە و زۆر ناوچەی خستۆتە سەر میرنشینەكەی.

٢/ میر فەزلۆنی كوڕی موحەممەد، دەسەڵاتی گرتە دەست لە ساڵی (٣٧٥ی ك/٩٨٥ی ز)، كە ماوەی (٤٥) ساڵ میرایەتی كردووە و سەردەمی یەكێك بوو لە گرنگترین سەردەمەكانی میرنشینەكە. زۆر بەتەنگ باش كردنی پەیوەندییە دەرەكییەكانی میرنشینەكەی بووەو گرنگی بە چاككردنی ڕێگاو بانەكان داوە و پردی لەسەر (ڕووباری ئاراس) دروستكردوە.

٣/ میر شاور كوڕی فەزلۆن، لە ساڵی (٤٤١ی ك/١٠٤٩ی ز) دەسەڵاتی گرتە دەست، یەكێك بوو لە میرە مەزنەكانی شەددادییەكان، بە پیاوێكی دادپەروەر و ئازا ناسراوە، لە سەردەمی ئەو دا سەلجوقییەكان شاڵاویان هێناوە بۆ سەر ناوچەی (ئاران).

پاش ئەوەی كە سەلجوقییەكان مەترسیان دروستكرد لەسەر شەدادییەكان، بەتایبەتی لەم ناوچانەی كە دەسەڵاتی شەدادییەكان تیایدا لاوازبوو، شەدادییەكان پایتەختی خۆیان گواستەوە بۆ شاری (ئانی) لە (ئەرمینیا) و لەوێش چەندان میری بەناوبانگ میرایەتیان كردووە و دەسەڵاتی شەددادییەكان هەتا ساڵی (٥٩٥ی ك/١١٩٨ی ز) بەردەوام بووەو بە دەستی مەغۆلەكان ڕووخاوە.

### چالاكی:

جێبەجێكردنی ستراتیژیەتی پرسیار و وەڵام، مامۆستا چەند پرسیارێكی ئاڕاستەی قوتابیان دەكات سەبارەت بە: میرنشینی ڕەوادی: دامەزراندنی، میرە بە ناوبانگەكانی، ڕووخانی، میرنشینی شەددادی: دامەزراندنی، میرە بە ناوبانگەكانی، ڕووخانی.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەكات وەكو:

١/ كێ دامەزرێنەری میرنشینی ڕەوادی؟

٢/ میرنشینی شەدادییەكان لەسەر دەستی كێ ڕووخا؟

### چالاكی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست بە بۆچوونی خۆت و بە هاوكاری یەكێك لە ئەندامانی خێزانەكەت ئایا هەر نەتەوەیەك مافی هەوڵدانی هەیە بۆ دامەزراندنی قەوارەیەكی سیاسیی تایبەت بە خۆی و بۆ چی؟ ڕوونیبكەوە بە چەند دێرێك.

## وانەی پێنجەم/

### ٣/ میرنشینی حەسنەوەیهی

ئەو میرنشینە لەسەر دەستی (میر حەسنەوەیە کوڕی حوسەینی کوردی) دامەزراوە، کە سەرۆکی خێڵی (بەرزیکانی) بوو لە (هەرێمی چیاکان). مێژووی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٣٤٨ی ك/ ٩٥٩ی ز)، شاری (شاپورخواست) لە ناوچەی (لوڕستان) پایتەختی میرنشینەکە بووە. بەناوبانگترین میرەکانی میرنشینی حەسنەوەیهی ئەمانە بوون

١/ میر حەسنەوەیە کوڕی حوسەینی کوردی، کە هەتا ساڵی (٣٦٩ی ك/٩٧٩ ز میرایەتی کردووەو زۆر ژیرانە پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ بوەیهییەکان پەرە پێداوەو توانیویەتی خێڵ و ناوچەی کوردی جیا جیا، وەك: (دینەوەر) و (هەمەدان) و (نەهاوەند)، بخاتە سەر میرنشینەکەی.

٢/ میر بەدر کوڕی حەسنەوەیە، کە دوای کۆچی دوایی باوکی بوەیهییەکان دەسەڵاتی میرنشینەکەیان دا دەستی، زۆر میرێکی هێژاو بەکار بوو، لەسەردەمی ئەو میرنشینەکە گەیشتە لوتکەی دەرکەوتنی سیاسی و شارستانی، دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی هەرێمی چیاکانی سەپاند، لەبەر ئەوە بە ناوی (میری چیاکان) یان (والی چیاکان) بەناوبانگ بوو، زیاتر لە (٣٥) ساڵان میری میرنشینەکە بوو، هەتا کوشتنی لە ساڵی (٤٠٥ی ك/١٠١٤ی ز).

بەکوشتنی میر (بەدر) میرنشینی حەسنەوەیهی بەرەو لاوازی چوو، هەتا کۆتاییهات لە ساڵی (٤٠٦ی ك/١٠١٥ی ز) کە میرنشینی عەنازی شوێنی گرتەوە.

### ٤/ دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەڕوانی:

ئەو دەوڵەتە لە ناوچەی (دیار بەکر) لە دەوروبەری ساڵی (٣٧٣ی ك/ ٩٨٣ی ز) وەکو دەسەڵاتێکی سیاسی دەرکەوتووە لەسەر دەستی (میر حوسەینی کوڕی دۆستەکی کوردی)، کە ناسراوە بە (بادی کوردی)، توانیویەتی جگە لە (دیار بەکر) هەندێك شار لە (هەرێمی ئەرمینیا)ش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و بۆ ماوەیەك فەرمانڕەوایی شاری (موسڵ)یشی کردووە.

بەناوبانگترین میرەکانی دەوڵەتی دۆستەکی مەڕوانی ئەمانەن:

**١/ میر ئەبو عەلی کوڕی مەڕوان**، کە خوارزای (میر باد) بوو، توانی لێزانانە جێگەی خاڵی بگرێتەوە و بەشێك لە ناوچەکانی (جەزیرە) بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، تا دەسەڵاتی جێگیر بووە، هەڵسوکەوتی باش بوو لەگەڵ خەڵك، بەڵام لە ساڵی (٣٨٧ی ك/٩٩٧ی ز) کوژرا لە ئاکامی پیلانگێری ناوەخۆیی.

**٢/ میر مومەهید ئەلدەولەی کوڕی مەڕوان**، کە دوای کوژرانی برای دەسەڵاتی وەرگرت، لەسەردەمی ئەو دەوڵەتە گەشەبوو، پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆی ڕێکخست، وەك: (ڕۆمە بێزەنتییەکان) و (بوەیهییەکان)، کە دانیان بە دەسەڵاتەکەی هێنا، خزمەتێکی بەرچاوی کردووە لە بواری ئاوەدان کردنەوە و پەرەدان بەزانست و زانیاری.

**٣/ میر نەسرولدەولە ئەحمەد کوڕی مەڕوان**، یەك لە میرە هەرە بەناوبانگەکانی کوردە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە ساڵی (٤٠٢ - ٤٥٣ی ك/١٠١١- ١٠٦١ی ز) حوکمی کردووە و لە سەردەمی ئەودا دەوڵەتەکە لە باڵاترین قۆناغەکانی گەشەکردنی سیاسی و شارستانیدا بووە، دەسەڵاتی خۆی فراوانکرد لە هەرێمەکانی (جەزیرە) و (ئەرمینیا)، بەباشترین شێواز لەگەڵ خەڵك هەڵسوکەوتی دەکرد، بە (پاشای پاشایان) ناسرابوو.

دوای هاتنی سەلجوقییەکان بۆ هەرێمی (جەزیرە) و داگیرکردنی (دیاربەکر) و دەوروبەری، دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەڕوانی بە قۆناغێك لە لاوازیدا تێپەڕی، تا لە ساڵی (٤٨٩ی ك/ ١٠٩٥ی ز) بە تەواوی ڕووخا.




دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەڕوانی

ئەم نەخشەیە لە ئینتەرنێتەوە وەرگیرا لە بابەتی (مروانیون) (https://ar.wikipedia.org/)

### چالاکی:

سەرنجی نەخشەکە بدە و وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە:

١- ئەم ڕووبارانە چین کە بە ناو ناوچەکانی دەسەڵاتی مەڕوانییەکان تێپەڕدەبن؟

٢- ناوی یەکێك لە شارەکانی خۆرهەڵاتی دەوڵەتی دۆستەکی - مەڕوانی دیاری بکە؟

٣- ناوی یەکێك لە شارەکانی خۆرئاوای دەوڵەتی دۆستەکی - مەڕوانی دیاری بکە؟

### چالاکی:

مامۆستای بابەت بە شێوازی پێشبڕکێ قوتابیان دەکات بە دوو بەش و پرسیاریان ئاراستە دەکات سەبارەت بە: میرنشینی حەسنەوەیهی: دامەزراندنی، میرە بە ناوبانگەکانی، ڕووخانی، دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەڕوانی: دامەزراندنی، میرە بە ناوبانگەکانی، ڕووخانی... ئەو بەشەی ڕاسترین وەڵامی دایەوە بە گروپی سەرکەوتوو هەژمار دەکرێت.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات وەکو:

١/ کێ دامەزرێنەری میرنشینی حەسنەوەیهی؟

٢/ ساڵی چەند دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەڕوانی ڕووخا؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی ڕاپۆرتێکی کورتکراوەی یەك لاپەڕە لەسەر یەکێك لە میرەکانی دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەڕوانی ئامادە بکات، بە پشت بەستن بە کتێبخانەی قوتابخانە یان تۆڕی ئینتەرنێت.

## وانەی شەشەم/

### ٥/ میرنشینی عەنازی:

ئەو میرنشینە لە شاری (حەلوان) لە نێو کوردانی خێڵی (شازەنجانی) دەرکەوت و پەرەی سەند تا وای لێهات دوای نەمانی میرنشینی حەسنەوەیهی بوو بە میراتگری و لە هەمان ئەو شوێنانەی کە حەسنەویهییەکان تێیدا باڵا دەست بوون.

بەناوبانگترین میرەکانی میرنشینی عەنازی ئەمانەن:

١/ میر ئەبولفەتح موحەمەدی کوڕی عەناز، کە میری یەکەمیانە، لە ساڵی (٣٨١-٤٠١ ی ك/٩٩١ - ١٠١٠ی ز) میرایەتی کردووە و دەسەڵاتی خۆی گەیاندە (خانەقین) و باکوری (بەغدا).

٢/ میر حوسام ئەلدەولە کوڕی ئەبولفەتح، کە دوای باوکی دەسەڵاتی وەرگرت و بۆ ماوەی (٣٦) ساڵ میرایەتی کرد و توانیویەتی درێژە بە ڕێبازی باوکی بدات لە خزمەتکردن و پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ هێزەکانی ناوچەکە، بەڵام لەو ماوەیەدا شەڕ و ناکۆکی نێوخۆیی و دەرەکی کاریگەری خراپی لەسەر میرنشینەکە هەبوو.

لە ساڵی (٥١١ی ك/١١١٧ی ز) میرنشینی عەنازی کۆتاییهات.

### ٦/ میرنشینی شێخان (داسنی):

میرنشینیی شێخان تاکە میرنشینی کوردیە کە تاکو ئێستا بەردەوامە، ئەم ناوچانە لە خۆدەگرێت کە دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕوباری (زێی گەورە) و (خابور)، لەسەر بناغەی خێڵەکی و ئایینی و نەتەوەیی دامەزرا، چونکە زۆربەی دانیشتوانی کوردی ئێزیدی و موسڵمانن. دامەزراندنی میرنشینەکە دەگەڕێتەوە سەردەمی (شێخ ئەبو بەرەکاتی سەخر)، لە دوای ئەودا گواسترایەوە بۆ کوڕەکەی (شێخ ئادی دووەم) و دوای ئەو بۆ کوڕەکەی (شێخ حەسەن)، کە ساڵی (٥١٩ی ك/١١٢٥ی ز) لە پەرستگای (لالش) لە دایك بووە و لە سەردەمی ئەودا کوردە ئێزیدییەکان خاوەن دەسەڵاتێکی سیاسی فراوان بوون و سنوری میرنشینەکەیان فراوانتر بوو تا گەیشتە سنوری (موسڵ)، هەر وەها بەرەنگاری مەغۆلەکان بونەوە.

لە ساڵی (٦٤٤ی ك/١٢٤٦ی ز) والی ئەتابەکی (موسڵ) کە ناسراوە بە (بەدرەددین لۆلۆ) بانگێشتی (شێخ حەسەن)ی کرد ولە قەڵای (موسڵ) کوشتی، ئەمەش بووە هۆی لاوازی ئەم میرنشینە بۆ ماوەیەکی زۆر، تا لەسەردەمی (میر حەسەن بەگی داسنی) هێز و شکۆی گەڕایەوەو میرنشینەکە گەیشتە لوتکەی دەسەڵات.

میر حەسەن بەگی داسنی، کە بە (میری میران)ی ناسراوە، توانی میرنشینەکەی لە مەترسییە دەرەکییەکان بپارێزێت، بەتایبەتی کە دەوڵەتی (ئاق قۆینلوی تورکمانی) هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی هەندێك لە ناوچەکانی دەدا، هەروەها توانی میرنشینەکەی یەکبخات، پەیوەندیەکی باشی هەبوو لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی تا گەیشتە رادەیەك کە (سوڵتان سولەیمانی قانونی) بە والی (هەولێر) و (موسڵ) و هەموو ناوچە کوردییەکانی (بادینان)ی دانا.

### ٧/ میرنشینی هەزبانی:

خێڵی هەزبانی یەك لە خێڵە هەرە گەورە و دیارەکانی کوردبوون لە سەردەمی ئیسلامدا، شاری (هەولێر) یەك لە پێگە بەهێزەکانی هەزبانییەکان بووە، بۆیە هەر لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەمی زایینی، لە (هەولێر) و دەوروبەری میرنشینی هەزبانی دامەزراوە، کە دەسەڵاتی هەتا ساڵی (٥٣٤ی ك/١١٣٩ی ز) خایاندووە.

ئەبولهەیجای هەزبانی یەکێك بوو لە بەناوبانگترین میرەکانی میرنشینی هەزبانی لە (هەولێر)، کە میرێکی بەهێز بووە و توانی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا بچەسپێنێ، پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ سەلجوقییەکان هەبووە.



پەرستگای (لالش) هەر وەك لە کتێبی (گەشتێك لە لەندەن بۆ پرسیپۆلیس) بۆ (جۆن ئەشر)

## چالاکی:

قوتابیـان دەکرێنـە کۆمەڵـە گروپێـك، بەشـێك لـە گروپـەکان پرسـیار دروسـت دەکـەن و بەشـێکی تـر وەڵام دەدەنـەوە، سـەبارەت بـەم بابەتانـە: میرنشـینی عەننـازی، میرنشـینی شـێخان (داسـنی)، میرنشـینی هەزبانـی.

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەکو:

١/ کام لە میرنشینە کوردیەکان تاکو ئێستا بەردەوامە؟

٢/ کەی میرنشینی هەزبانی دامەزرا؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابـی ڕاپۆرتێکـی کورتکـراوەی یـەك لاپـەڕە لەسـەر (پەرسـتگای (لالـش) ئامـادە بـکات، بـە پشـت بەسـتن بـە کتێبخانـەی قوتابخانـە یـان تـۆڕی ئینتەرنێـت.

## وانەی حەوتەم/

### ٨/ دەوڵەتی ئەیوبی:

ڕەچەڵکی ئەیوبییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کوردە ڕەوادییەکان کە زێدیان شارۆچکەی (دوین) بووە، لە ناوچەی (قەفقاس) لە (باکوری کوردستان). ئەم بنەماڵەیە سەردەمانێك ناوچەی خۆیان بەجێهێشت و دواتر لە شاری (تکریت) گیرسانەوە، پیاوی هەرەدیاریان ئەو کاتە (نەجمەدین ئەییوب) و (شێرکۆ)ی برای بوون، کە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ڕێزیان لێگرتوون، بەڵام پاش ماوەیەك ناچاربوون (تکریت)جێ بهێڵن و لە شاری (موسڵ) جێگیر بوون و لەلایەن بنەماڵەی فەرمانڕەوای زەنگیەکان ڕێزیان لێیگیرا و لەبەر لێهاتوویی و کارامەیی و دڵسۆزیان لە نێو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا پلەوپایەی جیاجیای وەرگرت، تاوەکو توانیان دەسەڵاتی زەنگییەکان بگەیەننە (میسر) و لەوێ جگە لە (شێرکۆ) ڕۆڵی (یوسفی کوڕی نەجمەدین ئەیوب) دەرکەوت، کە دواتر بە (سەلاحەدینی ئەیوبی) ناسرا.

سەلاحەدین توانی لە ساڵی (٥٦٧ی ك/١١٧١ی ز) کۆتایی بە دەوڵەتی (فاتیمییەکان) بهێنێ، و بەردی بناغەی دەسەڵاتی ئەیوبی لە (میسر) دابمەزرێنێ، دواتر لەگەڵ پوکانەوەی دەسەڵاتی زەنگییەکان، (سەلاحەدین) توانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەناوی (ئەیوبی) دابمەزرێنێ، بەرە بەرە فراوانخوازی کردو دەسەڵاتی گەیشتە (وڵاتی شام) و بەشێکی (جەزیرە)و هەندێك ناوچە لە (حیجاز)و (یەمەن) و بەشێکی دیار لە (باکوری ئەفریقیا).

بەمەش سوڵتان (سەلاحەدین) بەرەیەکی یەکگرتووی ئیسلامی لە دژی خاچ دروشمەکان پێکهێنا کە ئەو کاتە لە (ئەوروپا)وە هێرشیان کردبووە سەر جیهانی ئیسلامی.

سوڵتان (سەلاحەدین) یەکەم سوڵتانی ئەیوبی بوو، ڕووبەڕووی خاچ دروشمەکان بۆوە و سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا، بە تایبەتی لە شەڕی (حەتین)، کە توانی شاری (قودس) ڕزگاربکات، لە ساڵی (٥٨٣ی ك/١١٨٧ی ز)، هەروەها گرنگیدا بە شاری (دیمەشق) و کردی بە شارێکی گەشەسەندوو، پشتگیری لە زانست و زانیاری کرد، سەرەڕای ئەوەی کە بە بەخشندەیی ونواندنی لێبوردەیی وجوامێری هەتا لەگەڵ دوژمنان بەناوبانگ بوو، ئەمە وێرای خۆنەویستی وسوارچاکی وئازایەتی، کە لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا ناوبانگی پێ دەرکردبوو.



سەلاحەددینی ئەییوبی پاش رزگار کردنی (قودس) لە تابلۆی وێنەگێشی فەرەنسی غۆستاف دۆرێە (١٨٣٢-١٨٨٣ی ز)

**زانیاری:**

* (خاچ دروشمەکان) وشەیەك لەوەوە هاتووە کە جەنگاوەرە ئەوروپییەکان وێنەی خاچیان دەکێشا لەسەر جل وقەڵغان وئاڵاکانیان و ماسکێکیان دەبەست لە شێوەی خاچ وەك هێمایەك بۆ خەباتکردن لە پێناوی مەسیحییەت.

* شەڕی (حەتین) ناوەکەی لە شوێنەکەی هاتووە کە گوندێکی فەلەستینە و دەکەوێتە خۆرئاوای شاری (تەبەرییە).

### دەوڵەتی ئەیوبی لەسەردەمی مەلیکی کامیل

دوای کۆچی دوایی (سەلاحەدین) لە ساڵی (٥٨٩ی ك/١١٩٣ی ز)، دەوڵەتی ئەیوبی دابەش بوو بەسەر ئەندامانی بنەماڵەکەی، تا لە ساڵی (٦١٤ی ك/١٢١٨ی ز) مەلیکی کامیل دەسەڵاتی وەرگرت و بوو بە پێنجەمینی سوڵتانی دەوڵەتی ئەیوبی. مەلیکی کامیل یەکێك بوو لە بەناوبانگترین سوڵتانەکانی ئەیوبی، دەسەڵاتی خۆی بەتەواوی سەر (سوریا)ی سەپاند، شاری (دمیاط)ی رزگارکرد لە دەستی خاچ دروشمەکاندا، گرنگیدا بە کشتوکاڵ و چەند پەیمانێکی بازرگانی بەست لەگەڵ وڵاتانی (ئەوروپا)، لەسەردەمی ئەو (فرانسیسی ئەسیزی)، پیاوە ئایینیە مەسیحییە بەناوبانگەکە، سەردانی (میسر) و (فەلەستین)ی کرد وگفتوگۆی لەگەڵ (مەلیکی کامیل) کرد سەبارەت بە هەندێك لە بابەتە ئایینییەکان.



وێنەیەکی خەیاڵی بۆ گفتوگۆی (فرانسیسی ئەسیزی) لەگەڵ (مەلیکی کامیل)

## زانیاری:

فرانسیسی ئەسیزی (١١٨١-١٢٢٦ی ز) یەکێکە لە پیاوەکانی ئایینی کاسۆلیکی، لە (ئیتالیا) لەدایکبووە، خەڵکی بانگ دەکرد بۆ خاکەڕایی و خۆشەویستی ویەکسانی و ڕێزگرتن لە هەموو ئایینەکان.

## چالاکی:

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی فێربوونی ئاڵوگۆڕ، مامۆستا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی قوتابیان دەکات سەبارەت بە: بنەماڵەی ئەیوبی، ڕۆڵی سەلاحەدین لە ڕووخانی دەوڵەتی فاتیمی، دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی، کارەکانی سەلاحەدین، دەوڵەتی ئەیوبی لەسەردەمی مەلیکی کامیل، کارەکانی مەلیکی کامیل.

## هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەکو:

١/ کێ دەوڵەتی ئەیوبی دامەزراند؟

٢/ شەڕی حەتین ساڵی چەند ڕوویدا؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست بە بۆچوونی خۆت و بە هاوکاری یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت، چۆن کەسایەتی (سەلاحەدینی ئەیوبی) هەڵدەسەنگێنی و ئایا بە پێویست دەبینی کە سوود لە ئەزمونەکەی وەربگیرێت؟ بە چەند دێرێك وەڵام بدەوە.

## وانەی هەشتەم/

### دەوڵەتی ئەیوبی لەسەردەمی مەلیکی صالیح

لە ساڵی (٦٣٦ی ك/١٢٣٨ی ز) مەلیکی کامیل کۆچی دوایی کردوو لە شوێنی ئەو (مەلیکی عادیلی دووەم)ی کوڕی، دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام چونکە منداڵ بوو میرانی دەوڵەت (مەلیکی صالیح) یان لە ساڵی (٦٣٧ی ك/١٢٣٩ی ز) بە سوڵتان هەڵبژارد، کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریەکەیدا دەوڵەتی ئەییوبی لە جاران لاوازتر بوو، بە تایبەتی کە ئەم سوڵتانە پشتی لە سەرکردە کوردەکان کرد وە چەندان کۆیلەی (مەمالیك)ی کڕین و کردنی بە دەسەڵاتدار و سەرکردەی سوپا، بەڵام ئەوانیش چونکە بۆ پارەو سامان تێدەکۆشان، دڵسۆزی دەوڵەت نەبوون و بوونە هۆکارێك لە هۆکارەکانی لاوازی و ڕووخانی دەوڵەتی ئەییوبی.

### (شجرة الدر) و ڕووخانی دەوڵەتی ئەیوبی

دوای مردنی (مەلیکی صالیح) ساڵی (٦٤٧ی ك/١٢٤٩ی ز)، توران شای کوڕی، بوو بە سوڵتان و لەسەردەمی ئەو بارودۆخی دەوڵەتی ئەیوبی لە جاران خراپتر بوو، بەتایبەتی کە (مەمالیك) دەسەڵاتیان قۆرخکرد تا وای لێهات لە ساڵی (٦٤٨ی ك/١٢٥٠ی ز) سوڵتانی ئەیوبی (توران شا پاش (٦١) ڕۆژ لە فەرمانڕەوایی، بە دەستی مەمالیکەکانی خۆی کوژرا و لە دوای خۆی بە چەند ڕۆژێکی کەم (شجرة الدر) کە ژن دایکی بوو دەسەڵاتی وەرگرت، بەڵام پاش ماوەی (٨٠) ڕۆژ وازی لە دەسەڵاتی هێنا بۆ مێردە نوێیەکەی (عیزەدین ئەیبەکی تورکمانی) کە یەکێك بوو لە سەرکردەی مەمالیکەکان، و بەم شێوەیە دەوڵەتی ئەیوبی لە (میسر) کۆتایی پێیهات و دەوڵەتی (مەمالیك) دامەزرا.

شجرة الدر، سەرەڕای کەمی ئەو ماوەیەی کە دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام چەند کارێکی گرنگی ئەنجامدا وەك: دەستکردن بە چاکسازی ئابووری، گرنگیدان بە سەرکردە سەربازییەکان، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ڕووبەڕووبونەوەی هەڵمەتی حەوتەمی خاچ دروشمەکان، بەسەرکردایەتی (لویسی نۆیەم)، شای (فەرەنسا) کە ئامانجی داگیرکردنی (میسر) بوو. بەڵام لە شکری ئەیوبی توانی ڕووبەڕووی ئەم هەڵمەتە ببێتەوە و سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنیت لە شەڕی (مەنسورە) لە ساڵی (٦٤٨ی ك/١٢٥٠ی ز)، کە تیایدا خودی (لویسی نۆیەم) بەدیل گیرا، و ئەو سەرکەوتنە سەرتایەك بوو بۆ ڕزگارکردنی هەموو (وڵاتی شام) لە دەستی خاچ دروشمەکان.



وێنەیەکی خەیاڵی بۆ گرتنی (لویسی نۆیەم) بۆ وێنەگێشی فەرەنسی (غۆستاف دۆرێە)

## هۆکارەکانی ڕووخانی دەوڵەتی ئەیوبی

دەوڵەتی ئەیوبی نمونەی دەوڵەتی بەهێز و خاوەن پێگەی گرنگ بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم دەوڵەتە ڕووخا بەهۆی چەند هۆکارێك دیارترینیان ئامەنە بوون:

١- ململانێی ناوخۆیی بنەماڵەی ئەیوبی دوای کۆچی دوایی (سوڵتان سەلاحەدین).

٢- ناکۆکی و مل بۆیەکدی نەدان و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ نەیاران و دوژمنان لە دژی یەکتر.

٣- شەڕی بەردەوام لەگەڵ خاچ دروشمەکان.

٤- بوونی چەندان ئاریشەی ئابووری لە نەهاتی و قاتوقڕی.

٥- پشت بەستن بە بێگانەی بە کرێگیراو وەکو مەمالیکەکان.

### چالاکی:

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی گفتوگۆکردن، مامۆستا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی قوتابیان دەکات سەبارەت بە: مەلیکی صالیح، شجرة الدر، کارەکانی، شەڕی مەنسورە، هۆکارەکانی ڕووخانی دەوڵەتی ئەیوبی.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستای بابەت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان دەکات وەکو:


١/ بۆ ماوەی چەند ڕۆژ (شجرة الدر) دەسەڵاتی وەرگرت؟

٢/ چۆن لایەنی ئابوری ڕۆڵی هەبوو لە ڕووخاندنی دەوڵەتی ئەیوبی؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست بە بۆچوونی خۆت و بە هاوکاری یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت چۆن کاریگەری نەرێنی پشت بەستن بە بێگانەی بە کرێگیراو لە هەر وڵاتێك بێت هەڵدەسەنگێنی؟ ڕونیبکەوە بە چەند دێرێك.

## دەوڵەتی ئەیوبی ★



● ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر – سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمين خوشناو – ٢٠١٠

## پرسیارەکان

پ١/ کاریگەرییەکانی فتوحاتی ئیسلامی بۆ سەر (کوردستان) بژمێرە و باسی یەکێکیان بکە؟

پ٢/ کارەکانی میر (موحەمەدی کوڕی حوسەینی ڕەوادی) باس بکە؟

پ٣/ مەلیکی کامیل یەکێك بوو لە بەناوبانگترین سوڵتانەکانی ئەیوبی... ئەمە ڕوون بکەرەوە؟

پ٤/ هۆیەکانی ڕووخانی دەوڵەتی ئەیوبی باس بکە؟

پ٥/ وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١/ ناوەڕاستی کام لە هەرێمە کوردییەکان لە کۆندا بە ناوچەی (میدیا) ناونرابوو؟

١. هەرێمی چیاکان. ٢. هەرێمی جەزیرە. ٣. هەرێمی ئەرمینیا. ٤. هەرێمی خۆزستان.

٢/ شەددادییەکان کە بنەماڵەیەکی کورد بوون سەر بە چ خێڵێك بوون؟

١. حەمیدی. ٢. هەزبانی. ٣. ڕەوادی. ٤. ماجەردانی.

٣/ کە بنەماڵەی ئەیوبی (تکریت)یان بەجێهێشت لە کام شار جێگیر بوون؟

١. دمیاط. ٢. دیمەشق. ٣. قودس. ٤. موسڵ.

٤/ لەسەردەمی کام لە سوڵتانە ئەیوبییەکان (فڕانسیسی ئەسیزی) سەردانی (میسر) و (فەلەستین)ی کرد؟

١. سوڵتان سەلاحەدین. ٢. مەلیکی کامیل. ٣. توران شا. ٤. مەلیکی صالیح.

پ٦/ ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە:

١. هەرێم. ٢. وڵاتناسەکان. ٣.خاچ دروشمەکان. ٤. شجرة الدر.

پ٧/ هۆی ئامانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:

١- بەشداریکردنی کورد لە بزوتنەوەکانی عەلەوییەکان؟


٢- شەدادییەکان پایتەختی خۆیان گواستەوە بۆ شاری (ئانی) لە (ئەرمینیا)؟

٣- دەوڵەتی دۆستەکی ـ مەڕوانی بە قۆناغێك لە لاوازیدا تێپەڕی و لە ساڵی (٤٨٩ی ك/ ١٠٩٥ی ز) بە تەواوی ڕووخا؟


٤- بنەماڵەی ئەیوبی پلەو پایەی جیاجیای وەرگرت لە لایەن زەنگییەکان؟

# وەرزی دووەم
# بەشی جوگرافیا

بەرزی ونزمی ڕووی زەوی جیهان



جیهان بەراوردکاری ( ٢٠٢١ )




https://statisticstimes.com/demographics/continents-by-population.php https://www.enchantedlearning.com/geography/continents/Land.shtml


## جیهان و دابەش بوونی کیشوەرەکان

ڕووی زەوی لە وشکانی و ئاو پێکهاتووە. بەشە وشکانیەکان ڕێژەی ٢٩٪ی پێکدەهێنێت پێیان دەوترێت ( کیشوەرەکان ) بەشەکەی دیکەش ئاوە ڕێژەی (٧١٪) ی روی زەوی پێکدەهێنێت و پێیدەوترێت (زەریاکان ) .

**کیشوەرەکان ژمارەیان (حەوت) کیشوەرە. لەو خشتەیە لە گەورەترین بۆ بچوکترینیان لەڕووی ڕووبەر ریز کراون:**

| ژ | کیشوەرەکان | ڕوبەر |
|---|---|---|
| ١ | ئاسیا | ٤٤،٥ ملیۆن کم٢ |
| ٢ | ئەفریقیا | ٣٠ ملیۆن کم٢ |
| ٣ | ئەمریکای باکور | ٢٤،٢ ملیۆن کم٢ |
| ٤ | ئەمریکای باشور | ١٧،٨ ملیۆن کم٢ |
| ٥ | جەمسەری باشور(ئەنتارکتیکا) | ١٣،٢ ملیۆن کم٢ |
| ٦ | ئەوروپا | ٩،٩ ملیۆن کم٢ |
| ٧ | ئوستراليا | ٧،٦ ملیۆن کم٢ |

## ڕامیاری کیشوەری ئاسیا



# بەندی یەکەم

## کیشوەری ئاسیا

### ئامانجی فێربوون:

- کیشوەری ئاسیا بناسێت.
- بزانێت هەرێمی کوردستان دەکەوێتە کیشوەری ئاسیا.
- شوێنی جوگرافی کیشوەری ئاسیا بناسێت.
- ڕووی زەوی کیشوەری ئاسیا بزانێت.
- هەڵسەنگاندن بکات بۆئاووهەواو ڕوەکی سروشتی کیشوەری ئاسیا.
- لێکدانەوە بکات بۆچالاکی ئابوری کیشوەری ئاسیا.

## وانەی یەکەم/ کیشوەری ئاسیا

کیشوەری ئاسیا گەورەترین کیشوەرە لەجیهاندا لەڕووی ڕووبەر بەپلەی یەکەم دێت لەنێوان کیشوەرەکان . ڕووبەرەکەی نزیکەی (٤٤،٥) ملیۆن کم٢،ژمارەی وڵاتانی ئەم کیشوەرە بەفەرمی (٤٨) وڵاتە، گەورەترین وڵات لەڕووی ڕووبەرەوە بەپلەی یەکەم وڵاتی ( ڕوسیا) دێت ، بەپلەی دووەم وڵاتی ( چین) دێت.

### شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی کیشوەری ئاسیا

#### أ-سنوری جوگرافی کیشوەرەکە:

کیشوەری ئاسیا لە سێ لا بەزەریا دەورەدراوە. لە باکورەوە زەریای بەستەڵەکی باکور، لەباشور زەریای هیندی، لە خۆرهەڵاتیش زەریای هێمن ، بەڵام لەخۆرئاواوە وشکانی ئەوکیشوەرە بەردەوام دەبێت هەتا زنجیرە چیای ( ئۆرال ) کە لە کیشوەری ئەوروپا جیای دەکاتەوە.

#### ب-شوێنی ئەسترۆنۆمی (الفلكی) کیشوەرەکە :

کیشوەری ئاسیا دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (١٠ ) پلەی باشورو (٨٢ ) پلەی باکوری هێڵی یەکسان، واتە لەباکور تاکو باشوری گۆی زەوی (٩٢) بازنەی پانی دەگرێتەخۆ، سەبارەت بە هێڵەکانی درێژی دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی٢٥) پلە تا(١٨٠)پلەی خۆرهەڵاتی هێڵی (گرینج).

### زانیاری :

شوێنی جوگرافی مەبەست لە شوێنی جوگرافی شوێنی کیشوەر یا دەوڵەت بەگوێرەی چیاکان و زەریاکان و ڕووبارەکان.

شوێنی ئەسترۆنۆم مەبەست لەشوێنی ئەسترۆنۆمی شوێنی کیشوەر یان دەوڵەتە بەگوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی.

### چالاكی :

قوتابیان بەگرووپ نەخشەی کیشوەری ئاسیا دەکێشن، ئاراستەکان وسنوری جوگرافی وئەسترۆنۆمی لەسەر دیاری دەکەن.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستا چەندپرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات :

١-ڕووبەری کیشوەری ئاسیا چەندە؟


٢- گەورەترین وڵات لەم کیشوەرە کام وڵاتە؟

٣-ژمارەی وڵاتەکانی کیشوەری ئاسیا چەندە؟

### چالاکیماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست هەرێمی کوردستان دەکەوێتە کوێی کیشوەری ئاسیا لەسەر نەخشە دیاری بکە؟

بەرزی ونزمی کیشوەری ئاسیا



## زانیاری:

- گڕکان و زەمینلەرزەکان بەشی زۆری لەبەشەکانی خۆرهەڵاتی ئاسیا ڕوودەدەن.

-زۆربەی چیاکان و بانەکان دەکەونە بەشی باشور و باشوری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا .

ژمارەی وڵاتانی کیشوەرەکە (٤٨) وڵاتە



وێنەیەکی سروشتی کیشوەری ئاسیا

## وانەی دووەم/
### بەرزی و نزمی ڕووی زەوی کیشوەری ئاسیا

بەهـۆی فراوانـی ڕووبـەری کیشـوەری ئاسـیا زۆربـەی دیاردەکانـی بـەرزی ونزمـی لەسـەریدا بەدیـار دەکەوێـت. پێکهاتـەی سـەر ڕووی زەوی ئاسـیا بـەو شـێوەیەی خـوارەوە پۆلێـن دەکـرێ:

**أ- دەشتەکان:**

لـە کـۆی گشـتی زەویەکانـی ئـەو کیشـوەرە دەشـتەکانی بەبـەراورد بەبەشـەکانی دیکـەی بـەرزی و نزمـی ڕووبـەری زۆریـان داگرتـووە. گرنگتریـن دەشـتەکانی کیشـوەری ئاسـیا بریتیـن لەوانـەی خـوارەوە:

١- **دەشتە کەناراوەکان:** ئـەم دەشتانە دەگرێتەوە کـە بەدرێژایـی کەنارەکانـی دەریـا و زەریـاکان کـە دەوری کیشـوەرەکەیان داوە، ئـەو دەشـتانە دەکەونەسـەر دەریـای (قەزویـن) .

٢- **دەشتە لافاوکردەکان:** ئەمـەش ئەم دەشتانەی خـوارەوە دەگرێتەوە:

- دەشتەکانی باکوری کیشوەرەکە لە(سیبریا ) .
- دەشـتەکانی خۆرهەڵاتـی کیشـوەرەکە کـە دەشـتەکانی (خۆرهەڵاتـی چیـن و مەنشـوریا) دەگرێتـەوە.
- دەشتەکانی (گانج ) لەباکوری هیند.
- دەشتەکانی (سند ) لە پاکستان .
- دەشـتەکانی ( براهمابۆتـرا ) لەناوەڕاسـت و باشـوری ئاسـیا .
- دەشـتەکانی ڕوبـاری (دیجلـە و فـورات) لـە باشـوری خۆرئـاوای ئاسـیا.

**ب. چیاکان: زنجیرە چیاکانی ئاسیا بریتین لە:**

- چیاکانی ناوەڕاستی کیشوەرەکە:

١- **زنجیرەچیـای هیمالایـا:** لە باکوری خۆرهەڵاتی هینـد بـە وڵاتەکانـی پاکسـتان و ئەفغانسـتان و چیـن و بۆتـان و نیپـال درێـژ دەبێتـەوە. بەرزترین لوتکەشی(ئیڤرێسـت) ــە کە بەرزیەکـەی دەگاتـە (٨٨٤٨) مەتـر.

٢-**زنجیـرەی کەڕەکـورم :** بەشـێکە لەزنجیـرە چیاکانـی هیمالایـا. دەکەوێتـە ناوچەکانـی باکوری پاکستان . تا سنوری هینـد و چیـن درێـژ دەبێتـەوە .

٣-**چیـای (کونلۆن** ) درێژترین زنجیـرە چیایـە لـە کیشـوەری ئاسـیا کەدرێژیەکـەی (٣٠٠٠). وە (تیـان شـان) بەدرێژایـی ١٦٠٠کـم بـۆ نـاو خاکی چینـەوە درێـژ دەبێتەوە.

٤-**زنجیـرەی (هنـدو کـۆش)** کە بریتیـە لـە زنجیرە چیاکانـی ئەفغانسـتان و باکـوری خۆرئـاوای پاکسـتان .

٥-**زنجیـرە چیاکانـی سـولەیمان:** ئـەو زنجیرەیـە لـە گرێـی پامیـردا (١) بـەرەو خۆرئـاوای پاکسـتان لەوێشـدا بەنـاو خاکـی ئێرانـدا تێدەپەڕێـت تـا دەگاتـە تورکیـا.

- چیاکانی خۆرئاوای کیشوەرەکە:

زنجیـرە چیاکانـی (زاگـرۆس و تـۆرۆس)ن کـە دەکەونـە کوردسـتان.

- چیاکانی خۆرهەڵاتی کیشوەرەکە:

چیاکانی ژاپۆن .

(١) گرێـی پامیـر :یەکێکـە لەگرێ چیاییە سـەختەکان لەکیشـوەری ئاسـیادا کەدەکەوێتـە باکـوری هینـد ئـەم گـرێ چیاییـە شـوێنی بەیـەك گەیشـتنی چەنـد زنجیـرە چیاییەکە وەك چیـای (هندۆکوش وهیمالایـا)

## زانیاری:

-بەرزترین لوتکەی چیا لەجیهاندا لوتکەی (ئێڤرست )ـە بەرزییەکەی (٨٨٤٨)م
-نزمترین ناوچە لەجیهاندا چاڵایی (ئوردەنە) کە(٤٠٠) مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە نزمترە.

### جـ. بانەکان:

چەنـدان بـان لـە نێـوان زنجیـرە چیاکانـدا لـە ئاسـیادا هەیـە بەرزترینیـان بانی(تبـت)ە، زۆرجـار بەهـۆی فراوانـی بـە (سـەربانی جیهـان ) ناودەبرێـت ڕووبەرەکەی(٢،٥)ملیـۆن کیلۆمەتـری دووجایـە. ( ٤٥٠٠)مەترلەئاسـتی ڕووی دەریـاوە بـەرزە. ئەوبانـە دەکەوێتە باشـوری خۆرئـاوای وڵاتـی( چیـن ). لـە باشـوری خۆرئاوایـی ئاسـیاش بانەکانـی( ئەنـەدۆل) لـە تورکیـا و بانـی (عەرەبـی) لەنـاو عەرەبسـتانی سـعودیا و بانـی ئێـران لەئێـران و بانـی (سـیبریا)ش لەباکـوری ڕوسـیا و بانـی (دکـن) لەهینـدە .

## چالاکی:

نەخشـەی بـەرز و نزمـی کیشـوەری ئاسـیا هەڵبواسـرێت و لەلایـەن قوتابیـان ئەمانـەی لەسـەر دیاربکەن:

أ- دەشتەکان .
ب- چیاکان.
ج- بانەکان .

## هەڵسەنگاندن :

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات :

١-بەرز و نزمی ڕووی زەوی کیشوەری ئاسیا لە چ پێکدێت ؟
٢-بەرزترین بان لەکیشوەری ئاسیا چ بانێکە ؟
٣- درێژترین زنجیرە چیا لەکیشوەری ئاسیا چ چیایەکە؟

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست ،کام شوێن زیاتر سودی هەیە بۆ نیشتەجێبونی مرۆڤ ولەبەرچی؟

## وانەی سێیەم/

### هەرێمەکانی ئاووهەوای کیشوەری ئاسیا

لەبەر گەورەیی و فراوانی وشکانی سەر ڕووی کیشوەری ئاسیا، زۆربەی هەرێمەکانی ئاوهەوای تێدا دەردەکەوێت. لەوانە:

١- هەرێمی ئاوو هەوای کەمەرەیی: ئەو هەرێمە دورگەکانی باشوری ئاسیا دەگرێتەوە، بەتایبەتی دورگەکانی ئەندەونیسیا و مالیزیا.

٢- هەرێمی ئاوو هەوای وەرزی: ئەو هەرێمە ناوچەکانی هیند و باشوری چین و کۆریا و باشوری نیمچە دورگەی عەرەبی دەگرێتەوە.

٣- هەرێمی ئاوو هەوای مەنشوری سارد: باکوری چین و ئەوپەڕی باکوری ژاپۆن و دورگەکانی سەخالین دەگرێتەوە.

٤- هەرێمی ئاوو هەوای چینی: خۆرهەڵات و باشوری چین و باشوری ژاپۆن و کۆریا دەگرێتەوە.

٥- هەرێمی ئاوو هەوای دەریای ناوەڕاست: خۆرئاوا و باشوری خۆرئاوای ئاسیا دەگرێتەوە (کوردستان بەگشتی، تورکیا، وڵاتانی شام).

٦- هەرێمی ئاووهەوای بیابانی: ئەو هەرێمە ڕووبەرێکی فراوان لە بەشەکانی ناوەڕاست و باشوری خۆرئاوای کیشوەرەکە دادەپۆشێت.

٧- هەرێمی ئاووهەوای سارد و شێدار: ناوچە کیشوەریەکانی ئاسیا دەگرێتەوە لە مەنگۆلیاو خۆرئاوای سیبیریا.

٨- هەرێمی ئاوو هەوای تەندرا: بەشی باکوری کیشوەری ئاسیا دەگرێتەوە.

**چالاکی:**

مامۆستا بەشێوازی پێشبڕکێ، قوتابییان بەگروپ ئەم ناوچانە پۆلێن بکەنەوە بۆ هەرێمەکانی ئاووهەوا،هەر گروپێك لەکەمترین کات ئەنجامی بدات بەسەرکەوتوو دادەنرێت.

(باشوری چین، باکوری چین، دوورگەکانی ئەندەنوسیا، کوردستان، مەنگۆلیا.............)

**هەڵسەنگاندن :**


مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قو تابیان دەکات :

١-ئاوو هەوای کەمەرەیی دەکەوێتە چ نا و چە یە ك .

٢-ئاوو هەوای دەریای ناوەڕاست چ ناوچەیەك دەگرێتەوە.

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست ئاووهەوای گۆی زەوی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە؟ لەبەرچی؟



ئاو هەوای بیابانی لە ئاسیا

## وانەی چوارەم/ هەرێمەکانی ڕووەکی سروشتی

وەك چۆن لەبابەتەکانی ڕابردوو بۆمان دەرکەوت کیشوەری ئاسیا ڕوبەرەکەی فراوانەو چەندین دیاردەی بەرزی و نزمی جۆراوجۆری تێدا دەبینرێوچەندین هەرێمی ئاووهەوای جیاوازیشی هەیە، بێگومان هەموو ئەوانە دەبێتە هۆی جۆراوجۆری بوونی ڕوەکی سروشتی لە خاکەکەیدا.

### هەرێمەکانی ڕووەکی سروشتی کیشوەری ئاسیا

١- هەرێمی دارستانی کەمەرەیی:

دەکەوێتە ئەوپەڕی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، بەتایبەتی لە وڵاتی ئەندونیسیا.

٢- هەرێمی دارستانی وەرزی:

ئەوهەرێمە لە نیمچە کیشوەری هیند و مالیزیا و وڵاتانی هیندی چینی و باشوری چین بەدیدەکرێت.

٣- هەرێمی گژو گیای تەندرا:

لە بەشی باکوری کیشوەرەکە بەدی دەکرێت.

٤- هەرێمی دارستانی سنۆبەری:

بە هەرێمی تایگا ناسراوە، دەکەوێتە باشوری هەرێمی تەندرا.

٥- هەرێمی ڕووەکی دەریای ناوەڕاست:

دەکەوێتە بەشی خۆرئاوا و باشوری خۆرئاوای ئاسیا.

٦- هەرێمی ڕووەکی بیابانی:

هەرێمێکی هەژارە لە ڕووی ڕووەکەوە لە بیابانەکانی ئاسیا بەدەردەکەوێت.

٧- هەرێمی گژو گیای ئەستێپس:

دەکەوێتە خۆرئاوای سیبیریا و ناوەڕاستی مەنشۆریا.

٨- هەرێمی دارستانی تێکەڵاو:

دەکەوێتە باکور و خۆرهەڵاتی چین و بەشێك لە مەنشۆریا و ناوەڕاستی ژاپۆن.



هەرێمی دارستانی وەرزی لە ئاسیا

## وانەی پێنجەم/

### گرنگترین ڕوبار و دەریاچەکانی کیشوەری ئاسیا

#### ١- ڕوبارەکان:

زۆر ڕوبار لە کیشوەری ئاسیادا هەیە کە لە ناوچە بەرزەکانی کیشوەرەکە هەڵدەقوڵێن و بەئاراستە جیاجیاکاندا تێدەپەڕن و دەڕژێنە ناو ئەو دەریا و زەریایانەی کە دەورەی کیشوەرەکەیانداوە. گرنگترین ڕوبارەکانی ئاسیا ئەوانەن:

أ- ڕوبارەکانی خۆرهەڵاتی کیشوەرەکە: (یانگتسی ،هوانجو) .

ب- ڕوبارەکانی خۆرئاوای کیشوەرەکە: ( دیجلە ، فورات ، ئوردەن ).

ج- ڕوبارەکانی باکوری کیشوەرەکە: ( یانیسای ، لینا )

د- ڕوبارەکانی باشوری کیشوەرەکە: ( میکۆنگ ، براهمابوترا)

#### ٢- دەریاچەکان:

گەلێك دەریا و دەریاچە لە کیشوەری ئاسیادا بەرچاودەکەوێت و ئەوانیش دەکرێتە دوو کۆمەڵە :

أ- دەریاچە گەورەکان :

١- دەریای قەزوێن (خەزەر): گەورەترین دەریای سوێرە لە جیهاندا ڕووبەرەکەی (٣٧١٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە ، بۆیە بەناوی دەریا ناو دەبرێت.

٢- دەریاچەی بایکال .

٣- دەریاچەی ئاراڵ .

٤- دەریاچەی بەلقاش: لە وڵاتی کازاخستانە، ئاوەکەی سوێرە.

ب- دەریاچە بچووکەکان:

١- دەریاچەی ( ئورمیە) دەکەوێتە باکوری ئێران و یەکێکە لە دەریاچە سوێرەکان .

٢- دەریای (مردوو ) دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا لەسنوری نێوان ئوردەن و فەلەستین.



روباری دیجلە لە رۆژئاوای ئاسیا

## وانەی شەشەم/
### دانیشتوانی ئاسیا

ژمارەی دانیشتوانی کیشوەری ئاسیا لە ساڵی ٢٠٢١ بە( ٤،٦٧٩،٠٠٠ )کەس مەزەندەکراوە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان لە(٦١٪) کۆی ژمارەی دانیشتوانی جیهان پێکدێنن، وڵاتی چین بەپلەی یەکەم دێت لەروی ژمارەی دانیشتوان کەژمارەی دانیشتووانی (١،٣٨٧،١٦٠،٠٠٠ )کەس و وڵاتی هیند بە پلەی دووەم دێت ژمارەی دانیشتوانی( ١،٢٩٩،٤٩٩٠٠٠) کەسە، زۆرترین رێژەی دانیشتوانی کیشوەری ئاسیا لەبەشی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیادا کۆبوونەتەوە، بەڵام لە باکور و ناوەڕاست و باشوری خۆرئاوای ئاسیادا رێژەکە کەمە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ چڕی دانیشتوان لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر جیاوازە. چڕی هەرە بەرز دەکەوێتە خۆرهەڵات و باشوری خۆرهەڵات و بەشێکی زۆر لە باشوری ئاسیا، ئەو چرییە لەو ناوچانەدا دەگاتە (٥٨٠) کەس لە هەر کیلۆمەترێکی چوارگۆشە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە چڕی دانیشتوانی کیشوەری ئاسیا بەشێوەیەکی گشتی (١٠٦) کەسە لە هەر کیلۆمەترێکی چوارگۆشەدا.

### گەلانی کیشوەری ئاسیا

لە روی ڕەچەڵەکی دانیشتوان بەپێی زانستی ئەثنوگرافیا ئاسیا دابەشدەبێت بە سەر دوو ڕەگەزی سەرەکی:

١- **ڕەگەزی ئاسیایی:** (ڕەگەزی زەرد) لە خۆرهەڵات و باشوری خۆرهەڵات کیشوەرەکە نیشتەجێبوونە. دیارترین نموونەی ئەو ڕەگەزە چینییەکان و یابانیەکانە.

٢- **ڕەگەزی قەوقازی:** لە باشوری خۆرئاوا و ناوەڕاست و روسیادا بڵاوە. لە ناویشدا بەسەر چەند بەشی لاوەکی دیکە. نەتەوەی کورد یەکێکە لەوبەشانە.

**چالاکی:**

مامۆستا داوا لەقوتابیان بکە کە هەریەکێکیان پرسیارێك ئامادەبکەن لە سەرهەرێمەکانی رووەکی سروشتی و دانیشتوانی ئاسیا ئاڕاستەی یەکتری بکەن ؟

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستا دەتوانێت بەڕێگای تاقی کردنەوەی کورت چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابیان بکات.

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست بەبۆچونی خۆت ئایا دانیشتوان و ئاووهەوا چ پەیوەندیان بەیەکترەوە هەیە؟ بەپێنج دێر باسی بکە.

## ئابوری ئاسیا

زۆربەی وڵاتانی ئاسیا لە ڕوی ئابوری پاشكەوتوون. زۆرینەی دانیشتوانی ئاسیاش لە بواری كشتوكاڵی كاردەكەن. كشتوكاڵیەكەشیان بە گشتی بەوە دەناسرێت كە بەرهەمی كەمە. ژمارەیەكی كەم لەبواری پیشەسازیدا كاردەكەن. زیاتریش لە كەرتی خزمەتگوزاری چاڵاكی دەنوێنن، وەكو فرۆشیارە گەڕۆكەكان و خاوەن پیشە دەستییەكان. بەشێوەیەكی گشتیش بوارەكانی ئابوری لەكیشوەرەكە لەوانەی خوارەوە پێكدێت:

### أ - كشتوكاڵ

كەمتر لە یەك لەسەر سێی زەوی كیشوەری ئاسیا بۆ كشتوكاڵ بەكاردێت. بەكارهێنانی كەرستەی ساكار و سەرەتاییەكان و بەكارهێنانی ئاژەڵ لە كێڵانی زەوی شتێكی زۆر بڵاوە. لەبەرهەمە كشتوكاڵییە گرنگەكانی ئاسیا برنجە. برنج لە بارودۆخێكی شێدار گەشەدەكات، بۆیە لە وڵاتانی خۆرهەڵات وباشوری خۆرهەڵات و باشوری كیشوەرەكە دەچێنرێت. ئەو بەرهەمە لەم وڵاتانە ساڵێ دووجار دەچێنرێت. جێگای ئاماژەپێدانە دابڕی زەوی لەم بەرهەمە لە هەموو وڵاتێك وەك یەك نییە، بۆنمونە دابڕی زەوی لە هیند تەنها دەگاتە نیوەی دابڕی ژاپۆن . وڵاتانی ئاسیا نزیكەی ڕێژەی ٩٠٪ برنجی جیهان بەرهەمدێنن. تەنها چین و هیند لەكۆی گشتی برنجی جیهان ، نزیكەی ڕێژەی ٦٠٪ بەرهەمدێنن. لەتەك برنج لە ئاسیا گەنم وجۆش ڕوبەری فراوانی لەزەویەكشتوكاڵییەكان دادەگرن، هەروەها لەوكیشوەرەئاژەڵیش بۆ مەبەستی گۆشت و وەدەست هێنانی شیرو خوری بەخێودەكرێت بەتایبەتی، لە وڵاتە پێشكەوتووەكانی وەك ژاپۆن و كۆریای باشور و چین.

### ب-پیشەسازی

پیشەسازی لەكیشوەری ئاسیا پێشكەوتنی خێرا بە خۆیەوە دەبینێت. لە پێشەنگی وڵاتە پیشەسازییەكانی ئەوكیشوەرە وڵاتی ژاپۆنە كە پیشەسازی هەمەجۆر و زۆر پێشكەوتووی هەیە و لە ڕیزی وڵاتە هەرە پێشكەوتووەكانە لەبوارەكانی ئەلیكترۆنی و ئۆتۆمبێل و وزە و كەرتی بیناسازی. لە ژاپۆن نزیكەی یەك لەسەر چواری هێزی كاری سەرقاڵی پیشەسازییە. لە دوای ئەو وڵاتەكانی چین و ڕوسیا وهیند دێن. ئەمەولە ساڵانی شەستەكانی ڕابردوو زۆر وڵاتی ئەوكیشوەرە چوونە ڕیزی وڵاتە پیشەسازیەكان، لەوانە سنگافوورە و كۆریای باشور و ئەندونیسیا و مالیزیا و هۆنگ كۆنگ و تایلاند. زۆربەی بەرهەمی ئەم وڵاتانەش لە جلوبەرگ و پێڵاو و تەلەفزیۆن و ئامێری ڤیدیۆ پێكدێت.

**چالاکی:**

ژاپۆن بەپێشەنگی وڵاتە پیشەسازییەکانی کیشوەری ئاسیا دادەنرێت.

گفتوگۆی ئەم بابەتە بکەن بەهاوکاری مامۆستای بابەت.

**هەڵسەنگاندن :**

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات:

١-بەشێکی وڵاتانی ئاسیا لەڕووی ئابوریەوە دواکوتوون ؟

٢-ئەم وڵاتەنە کامەن لەڕیزی پێشەوەی پیشەسازین لەکیشوەری ئاسیا؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست بەبۆچونی تۆ گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستان چ کاریگەریەکی لەسەر ئابوری دەبێت ؟ چ بیرۆکەیەکت هەیە بۆ پێشکەوتنی ئەم کەرتە؟

# پرسیارەکانی بەندی یەکەم

• وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١-ئـەو زنجیرەچیایـەی کیشـوەری ئاسـیا لەکیشـوەری ئەوروپـا جیـا دەکاتـەوە بریتییـە لەزنجیـرە چیـای: أ- هیمالایـە. ب-زاگـرۆس. ج- ئـۆرال. د- سـولەیمان.

٢- ڕووبەری وشکانی.............. گۆی زەوی دەگرێتەوە :

أ-٣٩٪ ب- ٧١٪

ج- ٢٠٪ د- ٢٩٪

٣-ڕوبەری کیشوەری ئاسیا............... ملیۆن کم٢

أ- ٥٤,٥ ب- ٤٤,٨

ج- ٤٣,٨ د- ٣٤,٥

٤-بەرزترین بان لەکیشوەری ئاسیادا بانی :

أ- حەبەشە ب- تبت

ج- خۆرئاوا د-ئەنەدۆل

٥-دەشتەکانی (سند ) دەکەونە وولاتی :

أ-پاکستان ب- هیندستان

ج- ئێران د- ڕوسیا

٦-- لەپێشەنگی وڵاتە پیشەسازییەکانی ئاسیایە.

أ- چین ب- روسیا ج- ژاپۆن د- هیند

٧- وڵاتانی ئاسیا نزیکەی ڕێژەی .....٪ برنجی جیهان بەرهەم دێنن.

أ- ٩٠٪ ب- ٨٠٪ ج- ٧٠٪ د- ٦٠٪

٨-- هەرێمی دارستانی سنۆبەری بە هەرێمی ...... ناسراوە.

أ- ئەستێپس ب- تایگا

ج-ساڤانا د-کورتەگیا

٩-هەرێمێکی هەژارە لەڕووی ڕووەك:

أ- هەرێمی دارستانی تێکەڵاو ب- هەرێمی دارستانی کەمەرەیی

ج- هەرێمی ڕووەکی بیابانی د- هەرێمی دارستانی وەرزی

- هۆی ئەمانەی خوارەوە ڕونبکەوە :

١-جۆراوجۆری دیاردەکانی بەرزی و نزمی لەکیشوەری ئاسیا.

٢- کەمتر لە یەك لەسەر سێی زەوی کیشوەری ئاسیا بۆ کشتوکاڵ بەکاردێت.

٣- زۆربەی هەرێمەکانی ئاووهەوا لەسەر ڕووی کیشوەری ئاسیا دەردەکەوێت.

٤-زۆر جار بەبانی (تبت ) دەوترێت سەربانی جیهان

- ئەم دەستەواژانەی خوارەوە تەواو بکە:

١-وڵاتی ............. بەپلەی یەکەم دێت لەڕووی ژمارەی دانیشتوان لەکیشوەری ئاسیا

٢- هەرێمی گژوگیای تەندرا لەبەشی ..............کیشوەری ئاسیا بەدیدەکرێت.

٣-نموونەی ڕەگەزی زەردی ئاسیایین .............. و ................ .

٤-کیشوەری ئاسیا دەکەوێتە نێوان هێلەکانی درێژی (..........) و ( ............ ) خۆرهەڵاتی گرینج.

٥-دەریاچەکان لە کیشوەری ئاسیا دابەش دەبێت بەسەر.............. کۆمەڵە.



# بەندی دووەم

## جوگرافیای سروشتی ئەوروپا

### ئامانجی فێربوون:

- شوێنی جوگرافی و سنوری کیشوەری ئەوروپا بزانێت و لەسەر نەخشە دیار بکات.
- ڕووی زەوی کیشوەری ئەوروپا لەسەر نەخشە بزانێت.
- هەڵسەنگاندن بۆ ئاووهەواو ڕووەکی سروشتی کیشوەرەکە بکات.
- شیکردنەوە بۆچالاکی ئابوری کیشوەری ئەوروپا بکات.

## وانەی یەکەم/ کیشوەری ئەوروپا

کیشوەری ئەوروپا ڕووبەرەکەی ٩,٩ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و لە ٧٪ ی ڕووبەری وشکایی گۆی زەوی پێکدێنێ، ژمارەی وڵاتانی کیشوەری ئەوروپا (٥٥) وڵاتە، وڵاتی ڕوسیا بەپلەی یەکەم دێت لەڕووی ڕووبەرەوە، وڵاتی ئۆکرانیا بەپلەی دووەم شوێنی جوگرافی وئەسترۆنۆمی کیشوەرەکە:

### أ-شوێنی جوگرافی:

کیشوەری ئەوروپا لە بەشی باکوری زەریای بەستەڵەکی باکور و لە خۆرئاوا زەریای ئەتڵەسی و لە باشوریش دەریای ناوەڕاست و دەریای ڕەش سنوری ئاوی کیشوەرەکە پێکدێنن. بەڵام لە خۆرهەڵات بە وشکانییەوە بە کیشوەری ئاسیاوە لکاوەو زنجیرە چیاکانی ئۆرال لە یەکیان دادەبڕێت.

### ب-شوێنی ئەسترۆنۆمی:

کیشوەری ئەوروپا دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی ٣٦-٧١ پلەی باکوری هێڵی یەکسان و هێڵی درێژی ١٠ پلە خۆرئاوا تا ٦٧ پلەی خۆرهەڵاتی هێڵی گرینج. ئەوکیشوەرە دەکەوێتە نیوە گۆی باکوری زەوی.

### زانیاری:

- کیشوەری ئەوروپا بەپلەی سێیەم دێت لەڕووی ژمارەی دانیشتوان.
- ژمارەی وڵاتانی کیشوەری ئەوروپا ( ٥٥ ) وڵاتە.

### چالاکی:

قوتابیان بەڕێگای ڕۆڵ بینین نمایشی شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی ئەوروپا بکەن.

### هەڵسەنگاندن :

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابییان دەکات :


١- شوێنی ئەسترۆنۆمی کیشوەری ئەوروپا دەکەوێتە کوێ ؟

٢- ڕووبەری کیشوەری ئەوروپا لەسەدا چەندی وشکانی جیهانە؟

### چالاکی ماڵەوە :

قوتابی خۆشەویست کیشوەرەکان هەر یەکێکیان بەڕەنگێك ناسراوە کیشوەری ئەوروپا چ ڕەنگێکی هەیە؟ بۆچی ئەم ڕەنگەی بۆ دانراوە؟بەیارمەتی خێزانەکەت وبەسود وەرگرتن لەئەنتەرنێت ئەمە ڕوون بکەوە..

## بەرزی ونزمی کیشوەری ئەوروپا



## وانەی دووەم/ پێكهاتەكانی سەر ڕووی زەوی (بەرزی و نزمی)

ڕووی زەوی ئەورووپا لەچەندان زنجیرە چیاو دەشت و بان پێكدێت. دەكرێ بەو شێوەی خوارەوە ڕیزیان بكەین:

### ١-بەرزاییەكانی باكوری خۆرئاوا:

بەرزاییەكانی نیمچە دورگەی سكاندناڤیا (سوید و نەرویج) و باكور و خۆرئاوای بەریتانیا و باكوری خۆرهەڵاتی ئێرلەندا وە وڵاتی فنلندە و وێلز و باكوری ئوسكۆتلەندا و بەشی باكوری خۆرئاوای فەرەنسا دەگرێەوە. ئەو بەرزاییانە زۆر دەوڵەمەندن بەكانزافلزیەكان، بەتایبەتی خاوەكانی ئاسن .

### ٢- بەرزاییەكانی ئەلپ:

ئەوانەش چەندان زنجیرە چیای هاوتەریبی بەرزن. لە فەرەنساوە دەستپێدەكات بۆ باكوری ئیتاڵیا و نەمسا درێژ دەبێتەوە. لوتكەی (مون بلان )بەرزترین لوتكەیە لە ئەوروپا كە بەرزییەكەی ٤٨١٠ مەترە لە سەر ئاستی ڕووی دەریاوە.

### ٣- دەشتەكان :

#### أ) دەشتەكانی ناوەڕاست :

دەشتەكانی ناوەڕاست دەشتی ڕووتەختن ، گەورەترینیان ئەو دەشتەیە كە لە باشوری فەرەنساوە بەرەو باكور و خۆرهەڵات بە وڵاتەكانی ئەڵمانیا و پۆلەندە و ئۆكرانیا تێپەڕ دەبێت تا دەگات بە زنجیرە چیاكانی ئۆڕال لە ڕوسیا. ئەو دەشتە پانتایی گەورە لە ئەوروپا دەگرێتەوە و بە دەشتە (مەزنەكەی ئەوروپا) ناسراوە.

#### ب) دەشتەكانی كەنار دەریا:

دەشتەكانی كەنار دەریا لەو كیشوەرە وەك پشتێنەیەك بە كەنار دەریاكان درێژ بونەتەوە، بەتایبەتی كەنارەكانی زەریای ئەتڵەسی و دەریای باڵتیك .

### ٤- بانەكان:

زۆربەری بانەكانی ئەوروپا دەكەونە باشوری دەشتە مەزنەكە، بەناوبانگترینیان بانی (مێزیتا)یە لە ناوەڕاستی ئیسپانیا و بانی فەرەنسای ناوەڕاست لە فەرەنسا.

# ٨



## ئاو و هەوای تەندرا لە ئەوروپا

## وانەی سێیەم/

## ئـاووهـەوا

ئاوو هەوای کیشوەری ئەوروپا بە گشتی فێنك و باراناوییە. هەر چوار وەرزەکەی ساڵی بە ڕوونی تێدا بەدەردەکەوێت. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتنی شوێنی جوگرافی کیشوەرەکە و ئەو دەریا و زەریایانەی دەوریان داوە. ئەوروپا هەرێمی ئاووهەوای هەمەچەشنی هەیە. دەکرێ بەم جۆرەی دابەشیان بکەین:


**١- هەرێمی ئاووهەوای تەندرا (باکوری ئەوروپا)**

**٢- هەرێمی ئاووهەوای خۆرئاوای ئەوروپا**

**٣- هەرێمی ئاووهەوای ناوەڕاستی ئەوروپا(ئاووهەوای مامناوەندی سارد)**

**٤- هەرێمی ئاووهەوای خۆرهەڵاتی ئەوروپا**

**٥- هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست**



دارستانی تایگا لە ئەوروپا

## ڕووەکی سروشتی:

**دەکرێ ڕووەکە سروشتییە هەمەچەشنەکانی کیشوەری ئەوروپا و جۆرەکان و دابەشبونی جوگرافییان لەوانەی خوارەوە چڕ بکرێنەوە:**

### ١- هەرێمی تەندرا:

ئەو هەرێمە دەکەوێتە بەشی باکوری ئەوروپا .

### ٢- هەرێمی دارستانە سنەوبەریەکان(تایگا):

ئەو هەرێمە دەکەوێتە باشوری هەرێمی ڕوەکی تەندرا .

### ٣- هەرێمی دارستانە تێکەڵەکان:

ئەو هەرێمە ڕوبەرێکی فراوان لە ئەوروپا دەگرێتەوە هەر لە دورگەکانی بەریتانیا لە خۆرئاواوە درێژ دەبێتەوە تا چیاکانی ئۆرال لە خۆرهەڵات.

### ٤ - هەرێمی ڕوەکەکانی دەریای ناوەڕاست:

ئەو هەرێمە دەکەوێتە باشوری کیشوەرەکە لەسەر دەریای ناوەڕاست.

### ٥- هەرێمی گژوگیا (ستێپس):

ئەو هەرێمە لە باشوری پشتێنەی دارستانی ڕوسیاوە دەستپێدەکات تا حەوزی خوارەوەی ڕوباری دانوب.

**چالاکی:**

قوتابیان بە گروپ نەخشەی ئەوروپا بکێشن دواتر ئەندامانی گروپ هەریەکێکیان بەئارەزوی خۆی باس لەخاڵێکی بەرزو نزمی هەرێمەکانی ئاووهەوا و ڕووەکی سروشتی بکەن.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستا ئەم پرسیارانەی دەکات: ١-بەرزترین لوتکەی چیا لەئەوروپا .

٢-بانەکانی ئەوروپا دەکەوێتە چ ناوچەیەك.       ٣-هەرێمی تەندرا دەکەوێتە چ ناوچەیەك.

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست زوربەی وڵاتانی ئەوروپا پێشکەوتون؟ هۆکارەکەی لێکبدەرەوە.

## وانەی چوارەم/

### ڕوبار و دەریاچەکان لەکیشوەری ئەوروپا

ئەوروپا کیشوەرێکی دەوڵەمەندە بە سامانی ئاو . خاوەنی تۆرێکی فراوانی ڕوبارە. ڕوبارەکانی ئەوکیشوەرە بە شێوەی سەرەکی بەکاردەهێنرێن بۆ گواستنەوە و دروستکردنی وزەی کارەبا. گرنگترین ڕوبارەکانی ئەورووپاش ئەوانەن:

**أ- ڕوبارەکان:**

۱- ڕوباری ڤۆلگا:

درێژترین ڕوباری کیشوەری ئەورووپایە دەرژێتە دەریای قەزوین.

۲-ڕوباری دانوب:

ئەم ڕوبارە درێژترین دووەم ڕوباری کیشوەری ئەورووپایە دەرژێتە دەریای ڕەش.

۳-ڕوباری ئۆرال :

لەبەرزاییەکانی چیای ئۆرال هەڵدەقوڵێت ودەرژێتە دەریای باکور .

٤-ڕوباری دنیبەر:

لە باکورەوە بەرەو باشور دەڕوات و دەرژێتە دەریای ڕەش.

**ب- دەریاچەکان :**

جگە لە ڕوبارەکان، کیشوەری ئەوروپا زۆر دەریاچەی تێدایە لەوانە:

۱- دەریاچەی (لادوژکۆ )و( ئونژکو):

بەناوبانگترین دەریاچەکانی ڕوسیا ئەورووپین کە دەکەونە باکوری خۆرئاوای ڕوسیا.

۲- دەریاچەی (جنیڤ ) لە سویسرا .

۳- دەریاچەی (بەلاتون ) لە هەنگاریا.

### گرنگی ئابوری دەریاچەکانی کیشوەری ئەوروپا

دەریاچەکانی (لادوجا) و(ئۆنیگا) و(فاینرن ) گرنگیەکی زۆریان هەیە لەبواری ئابوری هەندێك وڵاتی ئەوروپا کە لەوانەی خوارەوە بەدیدێت:

۱- ئەو دەریاچانە بۆ دەریاوانی بەکاردێن .

۲- بۆگواستنەوەی خەڵك وکەل وپەل بەکاردێت.

۳- لەپیشەسازی ڕاوە ماسی گەشانەوەی باشیان بەخۆیەوە دیووە.

**چالاکـــــــی:**

ئامادەکردنی نەخشەیەکی کیشوەری ئەوروپا، دیارکردنی ( ڕوبار و دەریاچەکان ) لەلایەن قوتابییان بەهاوکاری مامۆستای بابەت .

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابییان دەکات :


۱- کام ڕوبار درێژترین ڕوبارە لە ئەوروپا ؟

۲- گرنگی دەریاچەکانی ئەوروپا چین ؟

**چالاکـــــــی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست ئایا بونی ڕوبار و دەریاچە چ ڕۆلێك دەبینێت لە ڕوی چالاکی ئابوریەوە بەچەند دێڕێك باسی بکە .

# کیشوەری ئەوروپا (ڕامیاری)



## وانەی پێنجەم:

### دانیشتوان

کیشوەری ئەوروپا بەسێیەم گەورەترین کیشوەر دێت لەڕووی ژمارەی دانیشتوان، لەدوای کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفریقیا. ژمارەی دانیشتوانی ئەوروپا لە ساڵی ٢٠٢١ دا نزیکەی ( ٧٤٧،٧ ) کەس بوو، چڕی دانیشتوانی کیشوەرەکە ( ٧٤ ) کەسە لەهەر کیلۆمەترێکی چوارگۆشەدا.

### نەژادە سەرەکیەکانی ئەوروپا

کیشوەری ئەوروپا دانیشتوانەکەی بۆ چەندین نەژادی سەرەکی دابەش دەبن ، بەڵام بەگشتی تێکڕای کیشوەرەکە سەر بەنەژادی (قەوقازی) یە، گرنگترینیان ئەوانەن:

١-نەژادی( نۆردیك ): ئەو نەژادە دانیشتوانی باکور و باکوری خۆرئاوای کیشوەرەکە دەگرێتەوە، قژ زەرد و چاوشین، باڵایان بەرز و کەللەسەریشیان درێژە .

٢- نەژادی ئاڵپی: ئەم نەژادە دانیشتوانی ناوچەی ئاڵپ و بەشێك لە ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی ئەوروپا دەگرێتەوە. قژیان ڕەشی مەیلەو قاوەییە، باڵایان کورتە و کەللەسەریشیان پانە.

٣- نەژادی دەریای ناوەڕاست: ئەم نەژادە دانیشتوانی ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە دەڕواننە سەر دەریای ناوەڕاست.

### گەشەسەندنی دانیشتوان لە ئەوروپا

تێکرای ڕێژەی گەشەسەندنی دانیشتوان لەم کیشوەرە بەردەوام لە کەم بوونەوەیە بە تایبەتیش لە دوای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم. لە بوارەکانی تەندروستی و باشبوونی گوزەرانی خەڵك و درێژ بوونەوەی تەمەن و نزم بوونەوەی تێکرای مردنی منداڵی ساوا،..... هتد،پێشکەوتنی گەورەبەدیهاتووە.

### هۆکارەکانی کەمی گەشەی دانیشتوان لە ئەوروپا

١- لە ئەوروپا لە دوای ساڵەکانی ١٩٦٠ بەکارهێنانی ڕێگاکانی ڕێکخستنی منداڵ بوون بە شێوەیەکی فراوان پەرەی سەند، ئەمەش لە پێناو دروستکردن و ڕێکخستنی خێزان بوو بە منداڵی کەم.

٢- ئافرەتان لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپا بە ژمارەی زۆر کەوتنە کارکردن لە دەرەوەی ماڵ . بەوەش لە ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ دوور کەوتنەوە، یان ڕوویان لەژیان بەسەر بردن بەبێ منداڵ و دروست نەکردنی خێزان کرد.

٣- لە زۆربەی وڵاتانی کیشوەرەکە قەوارەی خێزان زیاتر بەرەو بچووکبوونەوە دەچێت. بارودۆخی ژیان و گوزەرانیش لە وڵاتانی ئەو کیشوەرە وا پێویست دەکات کە خێزان بچووك بێت.

## جوگرافیای ئابوری ئەوروپا

کیشوەری ئەوروپا چالاکی ئابوری جۆراوجۆری هەیە. لێرەدا بە کورتی باس لە هەندێك چالاکی ئابوری دەکەین:

### کشتوکاڵ:

کشتوکاڵکردن لە چالاکیە ئابورییەکانی ئەوروپا دادەنرێت. ئەو کیشوەرە لە رووی ئاووهەواو، بە تایبەتی گەرما و باران بارینەوە بە گشتی بە کیشوەرێکی گونجاو دادەنرێت بۆ کشتوکاڵ . جگە لە هەندێك شوێنی نەبێت کە ئاووهەواکەی زۆر ساردە، وەك ناوچەکانی نزیك جەمسەری باکور یان ئەو ناوچانەی شاخاوی سەختن.

زۆربەی زەوییەکانی کیشوەری ئەوروپا بارانیان بەپێی پێویست لێدەبارێ بۆ کشتوکاڵ. هەرچی ناوچەکانی دەریای ناوەڕاستە ئەویش وەك پێویست بارانی هەیە و لەو شوێنانەش کە بارانی کەمە سیستەمی ئاودێری بەکاردەهێنرێت.

ئەوروپا هەمیشە بەوە ناسراوە کە لە رووی سیستەمی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیەوە هەمەچەشنە. تەکنیکی کشتوکاڵکردن لەو کیشوەرە بەردەوام لە گۆڕاندایە. گرنگترین بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی بریتییە لە: دانەوێڵە (گەنم، جۆ، گەنمەشامی). پەتاتە، میوە(سێو، ترێ، پرتەقاڵ)، زەیتون، ئەمە جگە لە بەخێوکردنی ئاژەڵ.

### پیشەسازی و کانزاکردن:

ئەوروپا لەبەرهەمهێنانی پیشەسازیدا لە پێشەنگی کیشوەرەکانی جیهان. بەرهەمهێنان لەکەرتی پیشەسازی وکانزاکردن لەوکیشوەرە دەجار لەکەرتی کشتوکاڵکردن زیاترە. ئەو چالاکیە لە ئەوروپا لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی دەستپێدەکات کە لە سەرەتای سەدەی هەژدەم لە بەریتانیا سەریهەڵدا و دواتر زۆربەخێرایی بەوڵاتانی دیکەی ئەوروپای خۆرئاوا بڵاوبووەوە . زۆر پیشەسازی گرنگی وەك پیشەسازی ئۆتۆمبێل و فرۆکە و شەمەندەفەر و کەشتی و ئامێری ڕستن و چنین و مەکینەی جۆراوجۆر، لە وڵاتانی ئەو کیشوەرە دەبینرێ. ناوکی پیشەسازی ئەوروپا وڵاتانی بەریتانیا و ئەڵمانیا و بەلجیکا و هۆڵەندە و فەرەنسا دەگرێتەوە .

**چالاکی:**

قوتابیان بەگروپ شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن بکەن سەبارەت بەگەشەسەندنی دانیشتوان لە ئەوروپا.

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات :

١-هۆکاری بچوکی قەبارەی خێزان لە ئەوروپا.

٢-ئەوروپا لە بەرهەمهێنانی چیدا لە پێشەنگی کیشوەرەکانی جیهانە.

٣-دوو بەرهەمی کشتوکاڵی دیاری بکە کە دەچێتە ناو پیشەسازی.

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی ژیر خاکی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ کشتوکاڵ کردن بەراورد بە کیشوەری ئەوروپا، هۆی دواکەوتنی کشتوکاڵ لە هەرێم لێکبدەوە.

## پرسیارەکانی بەندی دووەم

• وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :

١-کیشوەری ئەوروپا لە کیشوەری ئاسیا جیا دەکاتەوە بەزنجیرە چیای:

( أ- ئەلپ - ب- زاگرۆس - ج-ئۆرال - د - هیمالایا )

٢-کیشوەری ئەوروپا لەکیشوەری ئەفریقیا نزیك دەبێتەوە لەتەنگەی :

( أ - دەردەنیل - ب- بۆسفۆر - ج- هورمز - د - جبل طارق )

٣-کیشوەری ئەوروپا لەڕووی ڕووبەرەوە بەپلەی ............... دێت .

( أ- دووەم - ب- چوارەم - ج- پێنجەم - د- شەشەم )

٤- درێژترین ڕوباری ئەوروپایە:( أ- راین ب- ڤۆلگا ج-ئۆرال د- دنێبەر )

٥-دەریاچەی ........... دەکەوێتە وڵاتی هەنگاریا

(أ- جنیڤ ب- لادوجا ج- قەزوین د- بەلاتون )

٦--هەرێمی گژوگیا بە گژوگیای کورت داپۆشراوە و پێیدەگوترێت:

أ- سنۆبەری ب- تەپەدۆر ج- ساڤانا د- ستێبس

• هۆی ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەوە:

١- ئاوو هەوای کیشوەری ئەوروپا بە گشتی فێنك و باراناوییە.

٢- ئەوروپا لە بەرهەمهێنانی پیشەسازی لە پێشەنگی کیشوەرەکانی جیهان دایە.



# بەندی سێیەم

## کیشوەری ئەفریقیا

### ئامانجی فێربوون

شوێنی جوگرافی کیشوەری ئەفریقیا دەزانێت.

- ڕووبەری کیشوەری ئەفریقیا دەزانێت.
- شیکردنەوە بۆ بەرزی و نزمی ڕووی زەوی کیشوەری ئەفریقیا بکات.
- ئاشنا دەبێت بە چالاکیەکانی ئابووری کیشوەری ئەفریقیا.
- ڕوبار و دەریاچەکانی کیشوەری ئەفریقیا لەگەڵ کیشوەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە .
- هەرێمەکانی ئاووهەواو ڕووەکی سروشتی کیشوەرەکە دەناسێت.
- ئاشنا دەبێت بەگەشەی دانیشتوان و دابەشبوونیان.

## وانەی یەکەم/

### کیشوەری ئەفریقیا:

کیشـوەری ئەفریقیـا دووەم گەورەتریـن کیشـوەرە لەجیهانـدا لـەدوای کیشـوەری ئاسـیا لـەڕووی ڕووبـەرو ژمـارەی دانیشـتوانەوە، ڕووبەرەکـەی (٣٠) مليـون کـم٢ هەروەهـا ٢٣٪ی ڕووبـەری وشـکانی گـۆی زەوی پێـك دێنێـت، بەپلـەی یەکـەم وڵاتـی جەزائیـر دێـت، وڵاتـی سـودان بەپلـەی دووەم دێـت، وڵاتـی (لیبیـا ) بەپلـەی سـێیەم.

### شوێنی جوگرافی وئەسترۆنۆمی کیشوەری ئەفریقیا

#### أ- شوێنی جوگرافی کیشوەرەکە:

دەریـای سـور و نۆکەنـدی سـوێس و کەنـداوی عـەدەن لە کیشـوەری ئاسـیا جیـای دەکاتـەوە و دەریـای ناوەڕاسـت لـە ئەوروپـا جیـای دەکاتـەوە، لـە خۆرئـاوا زەریـای ئەتڵەسـی لە کیشـوەری ئەمەریـکا جیـای دەکاتەوە.


#### ب- شوێنی ئەسترۆنۆمی کیشوەرەکە:

ئـەم کیشـوەرە دەکەوێتـە نێـوان بازنـەی پانـی(٥٣٧) باکور(٥٣٥) باشـور وە هێڵـی درێژی(٥١٧) خۆرئـاوا (٥٥١) خۆرهەڵاتـی هێڵی (گرینج) .

### زانیاری:

- کیشـوەری ئەفریقیـا لـە هەمـوو لایەکـدا بە ئـاو دەورەدراوە، وەبـە یەکێـک بـە دەوڵەمەندترین کیشـوەرکان دادەنرێـت لـەڕووی دەرامەتـی سروشـتیەوە وەکو(ئـاو و ووزەی خـۆر و نـەوت و زێـڕ).
- ژمارەی وڵاتەکانی کیشوەرەکە (٥٤ ) ووڵاتە .
- گەورەترین وڵات لەکیشوەری ئەفریقیا لەڕووی ڕووبەرەوە وڵاتی( جەزائیر) ە.
- بچووکترین وڵات لە کیشوەری ئەفریقیا لەڕووی ڕوبەرەوە وڵاتی( سیشل) ە.

## بەرزی ونزمی ڕووی زەوی کیشوەری ئەفریقیا



## وانەی دووەم/

## بەرزی و نزمی كیشوەرەكە

**١) بانەكان:** كیشوەری ئەفریقیا لەچەند بانێكی سەرەكی پێكهاتووە، گرنگترینیان

أ- بانی (بیابانی گەورەی ئەفریقیا) ئەوەیان لە باكوری كیشوەرەكەیە و گەورەترین بانە لەجیهاندا لەرووی رووبەرە.

ب- (بانی حەبەشە یان ئەسیوبیا) لە خۆرهەڵاتی كیشوەرەكەیە .

جـ- (بانی فیلد) لەباشور .

**٢) چیاكان:**

أ- چیا چەماوەكان: چیاكانی (ئەتلەس و دراكینزبیرگ) دەگرێتەوە، بەرزترین لوتكە لە زنجیرە چیای ئەتڵەسی لوتكەی (تۆبقال)ە كە بەرزییەكەی (٤١٦٥ )مەترە .

ب- چیا شكاوەكان: دەكەوێتە دەوروبەری ناوچەی دۆڵی شكاوی ئەفریقیا، وەك زنجیرە چیاكانی لێواری دەریای سور .

جـ- چیا گڕكانەكان: دەكەوێتە لێواری خۆرهەڵاتی بانی كیشوەركە، وەك چیای (كلمنجارۆ) و چیای(كینیا ) و چیای (فیرۆ).

**٢) دەشتەكان :** دەشتەكان لە كیشوەری ئەفریقیا دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر :

أ- دەشتە كەناراویەكان .

ب- دەشتە زۆر فراوانەكان .

ت- دەشتە لافاوكردەكان .

### چالاكی:

نەخشەی ئاڕاستەكان بكێشرێت لەلایەن مامۆستاوە، وەداوا لەقوتابییان بكات كە شوێنی جوگرافی كیشوەری ئەفریقیا دیار بكەن.

### هەڵسەنگاندن:

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاڕاستەی قوتابییان دەكات :

١- شوێنی ئەسترۆنۆمی كیشوەری ئەفریقیا دەكەوێتە كوێ ؟

٢- كام دەریا كیشوەری ئەفریقیا لە كیشوەری ئەوروپا جیا دەكاتەوە؟

٣- كام زەریا كیشوەری ئەفریقیا لە كیشوەری ئەمریكا جیا دەكاتەوە؟

### چالاكی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست بەرزی رێژەی هەژاری لە زۆربەی وڵاتانی كیشوەری ئەفریقیا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ روونی بكەوە.



بارانی هێڵی یەکسانی لە ئەفریقیا

## ئاووهەوا

**هەرێمەکانی ئاوو هەوا لە کیشوەری ئەفریقیا ئەمانەن:-**

**١- هەرێمی کەمەرەیی :**

دەکەوێتە دەوروبەری هێڵی یەکسانی.

**٢- هەرێمی خولگەیی :**

دەکەوێتە باکور و باشوری هێڵی یەکسانی.

٣- هەرێمی بیابانی گەرم :

دەکەوێتە باکوری هەرێمی خولگەیی لە نیوە گۆی باکوری زەوی و باشوری هەرێمی خولگەیی لە نیوە گۆی باشوری زەوی.

**٤- هەرێمی دەریای ناوەڕاست :**

دەکەوێتە باکور و باشوری کیشوەری ئەفریقیا.

**٥- هەرێمی ئاووهەوای دەریای شێدار:**

دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی ئەفریقیا لەسەر زەریای هیندی.

**٦- هەرێمی ئەسیوبی (حەبەشە):**

دەکەوێتە بەرزاییەکانی خۆرهەڵاتی ئەفریقیا.



ڕووەکی بیابانی لە ئەفریقیا

## وانەی سێیەم/ ڕووەکی سروشتی

**هەرێمەکانی ڕووەکی سروشتی لە کیشوەری ئەفریقیا:**

١- دارستانی کەمەرەیی: لە ناوەڕاستی ئەفریقیا بەدیاردەکەوێ .

٢- هەرێمی دەریای ناوەڕاست: ئەم هەرێمە دەکەوێتە بەشی باکور و باشوری کیشوەرەکە.

٣- دارستانی ناوچەی ئاووهەوای مام ناوەندی گەرم .

٤- دارستانی هەرێمی ئەسیوبی .

٥-هەرێمی گژوگیای سەڤانا: ئەوەیان دەکەوێتە هەرێمی ئاووهەوای خولگەیی.

٦-هەرێمی ڕووەکی سروشتی بیابانی .

## گرنگترین ڕوبار و دەریاچەکانی ئەفریقیا

**١- ڕووبارەکان: ڕووبارەکانی کیشوەری ئەفریقیا پۆلین دەکرێن بۆ سێ بەش:**

### أ- ئەو ڕوبارانەی دەڕژێنە دەریای ناوەڕاست:

گرنگترینیـان ڕوبـاری ( نیـل) ــە کە درێژترین ڕوبـاری ئەفریقیایـە. درێژیەکـەی (٦٧٠٠کم). لـەو ڕوبـارە وزەی کارەبا بەرهـەم دەهێنـرێ. هەروەهـا بـۆ کشـتوکاڵ کـردن و ڕاوەماسـی و هاتووچـۆ و بازرگانیش سـودی زۆری لێوەردەگیرێت.

### ب- ئەو ڕوبارانەی دەڕژێنە زەریای ئەتڵەسی:

گرنگترینیان ڕوباری (کۆنگۆ و سەنیگال) ە کە ئەوانە ڕوباری درێژن.

### جـ- ئەو ڕوبارانەی دەڕژێنە زەریای هیندی:

کۆمەڵێـك ڕوبـار لـە کیشـوەری ئەفریقیـا دەڕژێنـە زەریـای هینـدی لەوانـە ڕوبار(جوبـا، زەمبێـزی، لیمپۆپـۆ).

**- دەریاچەکانی کیشوەرەکە:**

زۆربـەی دەریاچەکانـی کیشـوەری ئەفریقیـا دەکەونـە بەشـی خۆرهەڵاتـی کیشـوەرەکە، کـە لـە هەشـت دەریاچـە زیاتـرن. لەوانـە (دەریاچـەی مـەلاوی ، دەریاچـەی تەنجانیقا ، دەریاچـەی ئەلبیـرت ) و گەورەترینیشـیان دەریاچـەی (ڤیکتۆریا)یـە.

**چالاکی:**

قوتابییـان بـە گـرووپ خاڵەکانـی هەرێمـی ئاووهـەوا و ڕووەکـی سروشـتی و ڕووبـارو دەریاچەکانـی کیشـوەری ئەفریقیـا دەژمێـرن، هـەر گرووپێـك ڕوونکردنـەوە بـۆ خاڵێـك دەکات.

**هەڵسەنگاندن :**

١-هەرێمی خولگەیی دەکەوێتە کوێ؟


٢-چ دارستانێك لە ناوەڕاستی کیشوەری ئەفریقیایە؟

٣- درێژترین ڕوبار لەئەفریقیا کامەیە؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست جیاوازی لە نێوان ڕوباری (نیل) و ڕوباری (دیجلە و فورات) چییە؟

## کیشوەری ئەفریقیا - ڕامیاری



## وانەی چوارەم/

### دانیشتوانی کیشوەری ئەفریقیا

بەگوێرەی خەملاندنەکانی ساڵی ٢٠٢١ ژمارەی دانیشتوان کیشوەری ئەفریقیا (١،٣) ملیارکەسە. بەپلەی یەکەم وڵاتی نیجیریا دێت کەژمارەی دانیشتوانی(٢١١) ملیۆن کەسە بەپلەی دووەم وڵاتی (ئەسیوبیایە) کەژمارەی دانیشتوانی (١١٧) ملیۆن کەسە، چڕی دانیشتوان لە ئەفریقیا (٤٣) کەسە لەیەك کیلۆمەتر چوارگۆشەدا. نایەکسانی لەچڕی دانیشتوانی ئەم کیشوەرە بەرچاو دەکەوێت ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (بەشی زۆری ڕوی زەوی ئەفریقیا بیابانە و ئاووهەواشی کەمەرەییە) کە بە کەڵکی نیشتەجێ بوون نایەن.

### ڕەچەڵەکی دانیشتوان

دانیشتوانی کیشوەرەکە دەکرێنە (٤)جۆر:

١-ڕەش پێستەکان: زۆربەی دانیشتوانی کیشوەرەکە پێکدێنن کەڕێژەیان دەگاتە(٧٠٪) ی ژمارەی دانیشتوانی کیشوەرەکە لە باشور و ناوەڕاستی کیشوەرەکە نیشتەجێن.

٢-کورتەباڵاکان: (بۆشمن ) ئەمانەش لەدانیشتوانە سەرەکیەکانی کیشوەرەکەن لەباشوری خۆرئاوای کیشوەرەکەن.

٣-قەوقازییەکان: لەباکوری کیشوەرەکە نیشتەجێن.

٤-کۆچبەرە ئەوروپیەکان : ئەمانەش ڕێژەیەکی کەمن لەدانیشتوانی کیشوەرەکە لەکاتی داگیرکاری ئەورپیەکان بۆ کیشوەرەکە هاتوون.

## دابەشبوونی دانیشتوانی کیشوەرەکە

١- ناوچەی خۆرئاوای ئەفریقیا:

نزیکەی ٣٠٪ دانیشتوانی کیشوەرەکە لەم ناوچەیە نیشتەجێن.

٢- ناوچەی ناوەڕاستی ئەفریقیا:

نزیکەی ١١٪ دانیشتوانی کیشوەرەکە لەم ناوچەیە نیشتەجێن.

٣- ناوچەی خۆرهەڵاتی کیشوەرەکە:

٢٩٪ دانیشتوانی کیشوەرەکە لەم ناوچەیەن.

٤- ناوچەکانی باکوری کیشوەرەکە:

دانیشتوانی کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست دەگرێتەوە وەك میسر و مەغریب و جەزائیر و تونس و لیبیا وە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە دەگاتە ٢٣٪.

٥- ناوچەکانی باشوری ئەفریقیا:

بەشەکانی خواروی ئەفریقیا دەگرێتەوە بە تایبەتی وڵاتی باشوری ئەفریقیا کە تیایدا ٧٪ دانیشتوانی کیشوەرەکە دەژین.

## چالاكی :

قوتابیـان بەگـروپ نەخشـەی هـزری دروسـت دەكـەن، ڕەچەڵەكـی دانیشـتوان و دابەشـبونیان لەبەشـەكانی نەخشـە بنوسـن و هەڵیواسـن.

## هەڵسەنگاندن :

مامۆستا دەتوانێت چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان بكات وەك :

١- ڕەچەڵكەی دانیشتوانی ئەفریقیا چەند جۆرن ؟ وناویان چی یە؟

٢- كام وڵات بەپلەی یەكەم دێت لەڕووی ڕێژەی دانیشتوان ؟

٣- بۆچی نایەكسانی لەچڕی دانیشتوانی ئەم كیشوەرەدا هەیە؟

## چالاكی ماڵەوە :

قوتابـی خۆشەویسـت بـە بۆچوونـی خـۆت ئەمـە ڕوونبكـەوە بۆچـی بەكیشـوەری ئەفریقیـا دەڵێـن (كیشـوەری ڕەش )؟

## وانەی پێنجەم:

## چالاکی ئابوری کیشوەری ئەفریقیا

دانیشتوانی کیشوەری ئەفریقیا هەموو جۆرە چالاکیەکی ئابوریان هەیە وەك:

### ١- کۆکردنەوە و ڕاوکردن:

ئەم جۆرە چالاکیە ئێستا لە چەند جێگایەکی جیا جیا هەیە وەك دارستانی خولگەیی کەمەرەیی، لە ناوچە کەم دانیشتوانەکان، وەکو کۆمەڵەی بوشمن و کورتە باڵاکان کە ژمارەیان چەند هەزارێکە. هەروەها ڕاوکردنی ماسی لە کەنارەکانی خۆرئاوا و باکوری کیشوەرەکە.

### ٢- بەخێوکردنی ئاژەل (شوانکاری):

یەك لە کارەکانی مرۆڤی ئەفریقیایە لە کۆنەوە، بەڵام ئێستا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بەهۆی بەدیارکەوتنی کشتوکاڵی، بەڵام هۆیەکی گرنگە بۆ دابینکردنی خواردن لە رووبەرێکی زۆری کیشوەرەکە، بە تایبەتی ناوچەی گژوگیای کورت و ناوچەی بیابان.

جۆری ئاژەڵی بەخێوکراو لە ناوچەیەك تاکو ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە بۆ نموونە وشتر تایبەتە بە بیابانی ئەفریقی و مەڕومالات و بزن لە باشوری ئەفریقیا بەدیاردەکەوێت کە بە شێوەیەکی بازرگانی بەخێودەکرێت.

### ٣- کشتوکاڵ:

مرۆڤی ئەفریقیا بەروبومی دانەوێڵەی چاندوە لە باکوری ئەفریقیا لە( مەغریب و میسر و ئەسیوبیا) بە تایبەتی چاندنی گەنمەشامی و برنج.

**جۆری کشتوکاڵ لە کیشوەری ئەفریقیا دوو جۆرە:**

١- خۆ ژیاندن: لە زۆربەی وڵاتانی کیشوەرەکە بەدی دەکرێت، وەك لە باکوری کۆنغو و تنزانیاو ملاوی و زامبیا و لیبیریا و ئوغەندە هەیە، لەم جۆرە کشتوکالیە ئامێری ساکار و دواکەتوو بەکاردێت.

٢- جۆری بازرگانی: لەم جۆرەدا بەرهەمی کشتوکاڵی زۆربەی بۆ فرۆشتن بەرهەم دەهێنرێت و باشترین رێگای تەکنولوجی پێشکەوتوو بەکاردێت، گرنگترین بەرهەمە کشتوکاڵیە چاندراوەکان بریتییە لە دانەوێلە و گەنم و جۆ و برنج و گەنمەشامی و پەتاتە و قاوە و کەکاو و توتن و لۆکە.

### ٤- پیشەسازی و دەرهێنانی کانزا:

پیشەسازی و دەرهێنانی کانزا لە ئەفریقیا زۆر کۆن نییە، تا ئێستا هەندێك لە بەشەکانی کیشوەرەکە دوورە لەم چالاکیە. پێشکەوتنی پیشەسازی لەگەڵ پێشکەوتنی بەرهەمی کشتوکاڵ و کانزایی بەدیارکەوت، بەڵام لە دوای سەربەخۆبوونی وڵاتانی ئەفریقیا وەکو میسر و جەزائیر و نایجیریا و ئەسیوبیا و کۆماری باشوری ئەفریقیا پێشکەوتنی پیشەسازی دەستی پێ کرد، بوونی کانزاکان هۆیەکی گرنگ بوو بۆ ئەم پێشکەوتنە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم کەرتە بۆ بەکارهێنانی ناوەخۆییە وەکو (سابون ، جگەرە و پیشەسازیە خواردەمەنیەکان و ڕستن و چنین) وە لە ئەنجامی بوونی پیشەسازی بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکان پەیتا پەیتا بەرەو پێشکەوتن دەڕۆن.

**چالاکی :**

قوتابیان بە گروپ بەراورد لەنێوان چالاکی ئابوری ئەفریقیا دەکەن .

**هەڵسەنگاندن :**

١-چالاکی ڕاوکردن لەچ شوێنێکی ئەفریقیا هەیە؟

٢-بەخێوکردنی ئاژەڵ لەئەفریقیا بایەخی ئابوری هەیە؟

٣-وڵاتانی پێشکەوتو لە بواری پیشەسازی دیاری بکە.

**چالاکی ماڵەوە :**

قوتابی خۆشەویست دەربارەی کیشوەری ئەفریقیا بەگشتی چی فێربویت بەچەند دێڕێك باسی بکە، بەسود وەرگرتن بەسەرچاوەکانی تۆری ئینتەرنێت.

## پرسیارەکانی بەندی سێیەم

ئەو دەستەواژانەی خوارەوە تەواوبکە:

١- چیای ئەتڵەس جۆرێکە لە چیای(..........).

٢٩ ٪ دانیشتوانی کیشوەری ئەفریقیا لە ناوچەی (..........) نیشتەجێن.

٢-(............ ) ئەمانەش لە دانیشتوانە سەرەکیەکانی کیشوەرەکەن لەباشوری خۆرئاوای کیشوەرەکەن.

٣-بانی (...........) دەکەوێتە باشوری کیشوەری ئەفریقیا .

٤-ڕووبەری کیشوەری ئەفریقیا( ............) ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە .

٥-جۆرەکانی کشتوکاڵ لە کیشوەری ئەفریقیا بریتین لە(..........) و (.........).

٦- گەورەترین دەریاچەیە لە کیشوەری ئەفریقیا (..........).

٧-ڕوباری ( ......... ) درێژترین ڕوباری ئەفریقیایە درێژیەکەی (...........) کم .

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١) کیشوەری ئەفریقیا لەکیشوەری ئەوروپا جیا دەکاتەوە:

أ- دەریای سور　　ب- دەریای کاریبی　　ج- دەریای ناوەڕاست　　د-دەریای ڕەش.

١) ڕوباری شابالە دەڕژێتە :

أ- زەریای ئەتڵەسی　　ب- زەریای هێمن　　ج- زەریای هیندی　　د- دەریای ناوەڕاست.

هۆی ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەوە:

١- بەخێوکردنی ئاژەڵ لە کیشوەری ئەفریقیا ئێستا بەرەو کەمبوونە دەچێت.

٢- نایەکسانی چڕی دانیشتوانی ئەفریقیا.

٣- دارستانی هەرێمی ئەسیوبی باشترین ناوچەی چاندنی قاوەیە.

٤- نایەکسانی چڕی دانیشتوانی ئەفریقیا .



# بەندی چوارەم

## کیشوەری ئەمریکای باکور

### ئامانجی فێربوون:

• شوێنی جوگرافی کیشوەری ئەمریکای باکور بناسێت.

بتوانێت شوێنی جوگرافی کیشوەری ئەمریکای باکور لەسەر نەخشە دیار بکات.

• ڕووبەری کیشوەری ئەمریکای باکور بزانێت.

• بەرزی و نزمی ڕووی زەوی ئەمریکای باکور شیبکاتەوە.

• هەڵسەنگاندن بکات بۆچالاکیە ئابوریەکانی ئەمریکای باکور.

• شوێنی جوگرافی ڕووبار و دەریاچەکانی ئەمریکای باکور دیاری بکات.

• هەرێمەکانی ئاووهەواو ڕووەکی ئەمریکای باکور بژمێرێ.

• گەشەی دانیشتوان و دابەشبوونیان ڕوونبکاتەوە.

## وانەی یەکەم/

### (کیشوەری (ئەمریکای باکور )

ئـەم کیشـوەرە سـێیەم کیشـوەرە لـەڕووی ڕووبـەرەوە لـەدوای کیشـوەری ئاسـیا و ئەفریقیـا، کەڕووبەرەکـەی (٢٤،٢) ملیـۆن کم٢، وڵاتـی (کەنـەدا) گەورەترین وڵاتـە لەم کیشـوەرە کە ڕووبەرەکەی (٩،٩) ملیـۆن کم٢ یـە بەپلـەی دووەم (ولایەتەیـە کگرتووەکانـی ئەمریکا) دێـت کەڕووبەرەکـەی (٩،٦) ملیـۆن کـم٢ یـە، ئـەم کیشـوەرە بەتـەواوی دەکەوێتـە بەشـی باکـوری گـۆی زەوی وەلـە(٢٣) وڵات پێـك دێـت.

### شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی

#### أ-شوێنی جوگرافی کیشوەرەکە:

لەڕووی جوگرافییـەوە ئـەم کیشـوەرە لەسێ لاوە بەئـاو دەورە دراوە لەباکورەوە (زەریای بەسـتەڵەکی باکـور ) لەخۆرهەڵات(زەریـای ئەتڵەسـی) لەخۆرئاوا(زەریـای هێمن ) تەنها لەبەشـی باشـوریەوە سـنوری وشـکایی لەکیشـوەری ئەمریـکای باشـور جیـای دەکاتەوە .

#### ب- شوێنی ئەسترۆنۆمی :

لەڕووی ئەسـترۆنۆمیەوە کیشـوەری ئەمریـکای باکـور دەکەوێتـە نێـوان هـەردوو بازنـەی پانـی( ٧،٥ تـا ٨٣) پلـەی باکـوری هێڵـی یەکسـانی، وە نێـوان هێڵـی درێـژی (١٠ تـا ١٦٨) پلـەی خۆرئـاوای هێڵـی گرینـج.

**زانیاریەکانم بەهێز دەکەم:**

- ئەمریـکای ئەنگلۆسەکسـۆنی زاراوەیەکـی نوێیـە بەکارهاتـووە لەبـڕی بەشـێك لـە ئەمریـکای باکـور کـە لـەڕووی شارسـتانی و ڕۆشـنبیری و ئابـوری جیـاوازن لەگـەڵ بەشـەکانی دیکـەی ئەمریـکا( ولایەتـە یەکگـر تووەکانـی ئەمریـکا وکەنـەدا ودوورگـەی گرینلانـد ) دەگرێتـەوە.

**چالاکی :**

نەخشـەی ئاراسـتەکان لەسـەر تەختە(سـەبورە) بکێشـرێت، داوا لـە قوتابیـان بکرێـت شـوێنی جوگرافـی کیشـوەری ئەمریـکای باکـور دیاربکرێـت بەهـاوکاری مامۆسـتای بابـەت.

**هەڵسەنگاندن :**

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات :


١- کیشوەری ئەمریکای باکور بەپلەی چەندەم دێت لەڕووی ڕوبەرو دانیشتوان؟

٢- گەورەترین وڵات لەم کیشوەرە کام وڵاتە؟

**چالاکی ماڵەوە :**

قوتابـی خۆشەویسـت ئـەوەی دەربـارەی کیشـوەری ئەمریـکای باکـور دەزانیـت بەبیـرو بۆچونـی خـۆت دەریـان ببـڕە بەچەنـد دێرێـك، بەسـود وەرگرتـن بەسـەرچاوەکانی تـۆڕی ئینتەرنێـت.

## بەرزی ونزمی ڕووی زەوی کیشوەری ئەمریکای باکور



## بەرزی ونزمی ڕووی زەوی :بەرزی ونزمی کیشوەرەکە ئەم دیاردانە دەگرێتەوە

### أ-چیاکان :

-بەرزاییەکانی خۆرهەڵات (ئەپەلاشیان)

-بەرزاییەکانی خۆرئاوا(کوردالیرا)ئەم بەرزاییانە لەچەند چیایەك پێکهاتووە وەك چیاکانی (برۆکس، ئەلاسکا، ڕۆکی ، کاسکید، سیرانیڤا، سیرامادیرا).

لوتکەی چیای دینالی (ماکینلی )پێشوو بەرزترین لوتکەیە لەچیاکانی ئەلاسکا لەکیشوەرەکە کەبەرزییەکەی دەگاتە(٦١٩٠) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریا.

### ب-بانەکان :

**بانەکان ڕووبەرێکی فراوانیان لە کیشوەرەکە گرتۆتەوە کەئەمانەن:**

١-بانی قەڵغانی کەنەدی.

٢-بانی ئۆزارك.

٣-بانی کۆلۆمبیا.

٤-بانی کۆلۆرادۆ.

٥-بانی مەکسیك.

٦-بانی لبرادۆر.

### ج-دەشتەکان:

**دەشتەکانی ئەم کیشوەرە دوو جۆرن:**

١)دەشتە کەناراوەکان:

وەك دەشتەکانی خۆرهەڵات و باشوری خۆرهەڵات لەسەر زەریای ئەتڵەسی و کەنداوی مەکسیك و دەشتە کەناراویەکانی کەنداوی هیدسن هەروەها دەشتە کەناراوە تەسکەکانی زەریای هێمن لە خۆرئاوای کیشوەرەکە.

٢) دەشتەلافاوکردەکان:

ئەم دەشتانە لەزەریای جەمسەری باکور درێژدەبێتەوە تاکو کەنداوی مەکسیك لەباشور. وەکو دەشتەکانی ڕوباری (مسیسبی ، نلسن ، سانت لورینس).

**چالاکی :**

نەخشەی بەرزی ونزمی ڕووی زەوی ئەمریکای باکور هەڵبواسرێت و لەلایەن قوتابیان ئەمانەی خوارەوە لەسەر دیار بکەن:

چیاکان بانەکان دەشتەکان

**هەڵسەنگاندن :**

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان بکات وەك :

١- بەرزترین لوتکە چیا لەم کیشوەرە کامەیە؟

٢- چەند جۆرە دەشت لەم کیشوەرەدا هەن و چین؟

**چالاکی ماڵەوە :**

بەرزی ونزمی چ کاریگەریەکی هەیە لەسەرچالاکیەکانی مرۆڤ بەدید و بۆچوونی خۆت بەچەند دێرێك ڕونکەوە.



ئاو و هەوای جەمسەری لە ئەمریکای باکور

## وانەی دووەم/

## ئاووهەوای کیشوەری ئەمریکای باکور

هەرێمەکانی ئاووهەوای ئەم کیشوەرە دابەش دەبێت بۆچەند هەرێمێك :

**أ-هەرێمی ئاووهەوای جەمسەری :**

دەکەوێتە باکوری کیشوەرەکە .

**ب-هەرێمی ئاووهەوای ساردوشێدار:**

دەکەوێتە باشوری هەرێمی ئاووهەوای جەمسەری .

**ج- هەرێمی ئاووهەوای مام ناوەندی سارد:**

دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کەنەدا

**د- هەرێمی ئاووهەوای نیمچەخولگەیی شێدار:**

دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٣٨) باکور تا وڵاتی مەکسیك .

**ه- هەرێمی ئاووهەوای کیشوەری:**

دەکەوێتە ناوەوەی کیشوەرەکە.

**و- هەرێمی ئاووهەوای خۆرئاوای کیشوەرەکان:**

**ز- هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست:**

دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا.

**ح- هەرێمی ئاووهەوای وشك ونیمچە وشك:**

دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای کیشوەرەکە.



دارستانی سنەوبەری لە ئەمریکای باکور

## وانەی سێیەم/

## ڕووەکی سروشتی

**هەرێمەکانی ڕوەکی سروشتی کیشوەری ئەمریکای باکور:**

**١)هەرێمی گژوگیای تەندرا:**

دەکەوێتە باکوری کیشوەرەکە.

**٢)هەرێمی دارستانی سنۆبەری:**

دەکەوێتە باشوری هەرێمی تەندرا.

**٣)هەرێمی دارستانی تێکەڵاو:**

دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

**٤)هەرێمی دارستانی گەڵاوەریوەکان:**

دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

**٥)هەرێمی دارستانی خۆرئاوای کیشوەرەکان .**

**٦)هەرێمی دارستانی دەریای ناوەڕاست :**

دەکەوێتە ویلایەتی کالیفۆرنیا.

**٧)هەرێمی ڕووەکی گژوگیا:**

أ- هەرێمی گژوگیای درێژ (بەراری):

دەکەوێتە دەشتەکانی ناوەڕاست.

ب-هەرێمی گژوگیای کورت(ستێپس ):

دەکەوێتە دەشتە مەزنەکان.

**٨-هەرێمی ڕووەکی بیابان:**

ئەم ڕووەکە لە ویلایەتەکانی باشوری ئەمریکا بڵاون .



ڕوباری سانت لۆڕانس لە ئەمریکای باکور

## گرنگترین ڕووبار و دەریاچەکانی کیشوەری ئەمریکای باکور

### ڕووبارەکان:

ڕووبارەکانی ئەو کیشوەرە دابەش دەبن بۆ ئەم کۆمەڵانەی خوارەوە:

ا-ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە زەریای ئەتڵەسی:
ڕووباری (مسیسبی) و ڕووباری (میسوری) و ڕووباری (سانت لۆرانس).

ب-ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە زەریای هێمن:
ڕووباری کۆلۆرادۆ و ڕووباری سکرامنتۆ و ڕووباری کۆلۆمبیا.

ج-ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە زەریای بەستەڵەکی باکور:
ڕووباری ماکنزی و ڕووباری تشرشل .

### دەریاچەکان:

لەسەر ڕووی کیشوەری ئەمریکای باکور ژمارەیەکی زۆر دەریاچە هەن وەك: دەریاچەکانی (مشیگان ، ئۆنتاریۆ، نیکاراگوا ).

### چالاکی:

قوتابیان بەگروپ شوێنی جوگرافی ئەمانە دیاری دەکەن:

١-ڕووباری سانت لۆڕنس.
٢-دارستانی گەڵاوەریو.
٣-ڕووباری کۆلۆڕادۆ.

### هەڵسەنگاندن :

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان بکات وەك :

١- هەرێمی ئاووهەوای وشك و نیمچە وشك دەکەوێتە کام بەشی کیشوەرەکە؟
٢- ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە زەریای ئەتڵەسی بریتین لە:
أ-........................   ب-........................

### چالاکی ماڵەوە :

قوتابی خۆشەویست دەزانیت ساڵانە ٢سم کیشوەری ئەمریکای باکور لەئەمریکای باشور دووردەکەوێتەوە، بەسود وەرگرتن بەئەنتەرنێت ئەو شوێنانە دیاری بکە کەلێك دوور کەوتونەتەوە.

## کیشوەری ئەمریکای باکور - ڕامیاری



## وانەی چوارەم/

### دانیشتوان

کیشـوەری ئەمەریـکا باکـور بـە ناوچـەی پێشـوازی کردنـی لێشاوەکانی ئادەمی جۆراوجۆر و یەك لە دوای یـەك دادەنرێت. کە لە کیشـوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیـاوە هاتـوون. لەگـەل ئـەوەش هیندیـە سـورەکان بـە دانیشـتوانی ڕەسـەنی کیشـوەرەکە دادەنرێـن. ئیسـپانییەکان وەك کۆچبـەری ئەوروپـی بـە یەکەمیـن کۆمەڵـە دادەنرێـت کـە هاتـوون بـۆ کیشـوەرەکە و لـە کالیفورنیـا و فلوریـدا نیشـتەجی بـوون. لـە پاشـان فەرەنسییەکان هاتـوون لـە پاشـان بەریتانیـەکان.... هتد. بـەڵام هاتنـی ڕەش پێسـتەکانی ئەفریقـی بـە شـێوەی بازرگانـی کۆیلـە هاتوونـە کیشـوەرەکە.

ژمـارەی دانیشـتوانی کیشـوەرەکە سـاڵی ٢٠٢١ نزیکـەی (٥٩٦) ملیـۆن کـەس بـوو، بەپلـەی یەکـەم ولایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا دێـت کـە ژمارەی دانیشـتوانی (٣٢٩) ملیـۆن کەسـە، بەپلـەی دووەم وڵاتـی مەکسـیك دێـت کـە ژمـارەی دانیشـتوانی (١٣٢) ملیـۆن کەسـە و پاشـان وڵاتـی (کەنـەدا) بەپلـەی سـێیەم دێـت کەژمارەی دانیشـتوانی(٣٧) ملیـۆن کەسـە. لـە ڕوی دابـەش بوونـی دانیشـتوانەوە نارێکییەکـی بەرچـاو هەیـە لـە کیشـوەرەکە، بەگشـتی چـڕی دانیشـتوانی کیشـوەرەکە کەمـە (٢٤ کـەس/ کیلـۆ مەتـر چوارگۆشـەیە).

**ئەویش بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:-**

١- درەنگ ئاوەدان کردنەوەی کیشوەرەکە.

٢- دانانی کۆسپ و بەربەست بۆ کۆچبەران.

٣- جێبەجێ کردنی شێوازی کەمی منداڵبوون ( تحديد النسل).

## چالاکییە ئابورییەکان

### أ- کشتوکاڵ:

لـە ڕوی کشـتوکاڵییەوە وڵاتانـی کیشـوەرەکە پێش کەوتوون، ئەمـەش بـۆ چەنـد هۆکارێـك دەگەڕێتـەوە گرنگترینیان ئەمانـەن:-

١- فراوانی زەوی کشتوکاڵی.

٢- گرنگیـدان بـە کشـتوکاڵ بـۆ مەبەسـتی بازرگانـی.

٣- گونجانی باری ئاوو هەوا.

٤- بـەکار هێنانـی ئامێـری کشـتوکاڵی پێشـکەوتوو و تەکنەلۆژیـای نـوێ لە بە ر هە مهێنا نـد ا .

٤- پەیڕەوکردنـی لایەنـی زانسـتی کشـتوکاڵی .

٥- بەکارهێنانـی پەینـی کیمیایی بەشـێوەی زانستیانە.

گرنگتریـن بەروبوومـی کشـتوکاڵی لـە کیشـوەرەکە (گەنـم)ە، لەپاشـان (گەنمـە شـامی، برنـج، لۆکـە، تووتـن.... هتـد).

### ب- پیشەسازی:

لەڕووی پیشەسازییەوە وڵاتانی ئەم کیشوەرە پێشکەوتوون، بەرووبوومە پیشەسازییەکانی لە زۆربەی بازارەکانی جیهاندا بەدی دەکرێن. وا مەزندە دەکرێت کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و کەنەدا سێ یەکی بەرووبوومی پیشەسازی جیهانی بەرهەمبهێنن. ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

١- زۆری کەرەستەی خاوی ڕووەکی ( ئاژەڵی - کانزایی).

٢- زۆری دەرامەت و سەرمایە(رؤوس الاموال).

٣- زۆری جۆرەکانی وزە (خەڵووز- نەوت - غازی سروشتی - وزەی ئاو ... هتد).

**چالاکی :**

مامۆستا گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیان دەکات کە کیشوەری ئەمریکای باکور ناوچەی پێشوازیکردنی لێشاوەکانی کۆچی مرۆیی جۆراوجۆری یەك لەدوای یەکە، قوتابیان شیکردنەوە دەکەن و هۆکارەکانی ناڕێکی دابەشبونی دانیشتوان لەم کیشوەرە ڕوون دەکەنەوە.

**هەڵسەنگاندن :**

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان بکات وەك :

١- هەرێمی ئاووهەوای وشك و نیمچەوشك دەکەوێتە کامە بەشی کیشوەرەکە؟

٢- ئەو ڕوبارانەی دەڕژێنە زەریای ئەتڵەسی بریتین :

أ-........................ ب-........................

**چالاکی ماڵەوە :**

قوتابی خۆشەویست ڕوبارو دەریاچە چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر کشتوکاڵکردن، بەبیرو بۆچوونی خۆت بەچەند دێرێك ڕوونبکەوە.

## پرسیارەکانی  بەندی چوارەم

ِهۆی ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەوە:

- (ویلایەتـە یەکگرتوەکانــی ئەمەریــکا و کەنــەدا ســێ یەکــی بەروبوومــی پیشەســازی جیهانــی بەرهەمدێنــن).

- (لە ڕووی کشتوکاڵییەوە وڵاتانی کیشوەری ئەمریکای باکور پێش کەوتوون).

- (لە ڕووی دابەش بوونی دانیشتوانەوە ناڕێکییەکی بەرچاو هەیە لە کیشوەرەکە)

-ئەم دەستەواژانەی خوارەوە تەواوبکە:

١- ڕووبەری کیشوەری ئەمریکای باکور دەگاتە ........................ کم٢.

٢-زەریای ...................... دەکەوێتە خۆرئاوای کیشوەری ئەمریکای باکور .

٣- کیشوەری ئەمریکای باکور بەپلەی .................... دێت لەڕووی ڕووبەرەوە.





# بەندی پێنجەم

## کیشوەری ئەمەریکای باشور

### ئامانجی فێربوون:

- شوێنی جوگرافی کیشوەری ئەمریکای باشور بناسێت.
- ڕووبەری کیشوەری ئەمریکای باشور بزانێت.
- زنجیرە چیاکانی ئەندیز وبانی بەرازیل لەسەر نەخشە دیاربکات.
- هەڵسەنگاندن بۆ چالاکیە ئابوریەکانی کیشوەری  ئەمریکای باشور بکات.
- بەراورد لەنێوانِ ڕوبار و دەریاچەکان بکات.
- هەرێمەکانی ئاووهەواو ڕووەکی ئەمریکای باشور بزانێت.
- گەشەی دانیشتوان و دابەشبوونیان شیبکاتەوە.

## وانەی یەكەم/

### (كیشوەری ئەمریكای باشور)

كیشوەری ئەمریكای باشور چوارەم كیشوەرە لەڕووی ڕووبەرەوە لەدوای كیشوەرەكانی ئاسیا، ئەفریقیا،ئەمریكای باكور، كەڕووبەرەكەی دەگاتە ( ١٧،٨) ملیۆن كیلۆمەتری چوارگۆشە، وڵاتی بەرازیل بەپلەی یەكەم دێت لە گەورەیی كە ڕووبەرەكەی (٨،٥) ملیۆن كم٢ بەپلەی دووەم وڵاتی (ئەرجەنتین) دێت كە ڕووبەرەكەی ( ٢،٧ ملیۆن كم٢ بەپلەی سێیەم وڵاتی (پیرۆ) دێت كە ڕووبەرەكەی (١،٢) ملیۆن كم٢.

### شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی كیشوەرەكە

#### أ- شوێنی جوگرافی كیشوەرەكە:

ئەمەریكای باشور لە سێ لاوە بە ئاوی زەریای و دەریاكان دەورە دراوە :

لە باكور: ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و دەریای كاریبی.

لە خۆر هەڵات: زەریای ئەتڵەسی .

لە خۆرئاوا: زەریای هێمن .

لە باشورەوە: خاڵی بەیەكگەیشتنی زەریای ئەتڵەسی وزەریای هێمن هەروەها كیشوەری بەستەڵەكی باشورە.

#### ب-لە ڕووی ئەسترۆنۆمی :

ئەمەریكای باشور دەكەوێتە نێوان بازنەی پانی(٥٢٥) باكور و(٥٥٦)ی باشوری هێڵی كەمەرەی زەوی، وەنێوان هێڵی درێژی (٥٣٥) و(٥٨٥) خۆرئاوای هێڵی گرینج.

**زانیاری:**

(ئەمەریكای لاتینی) مەكسیك و وڵاتانی ئەمەریكای ناوەڕاست و وڵاتەكانی دەریای كاریبی و ئەمەریكای باشور دەگرێتەوە كە ژمارەیان( ٣٣ ) وڵاتە.

**چالاكی:**

نەخشەی ئەمریكای باشور هەڵبواسرێت و ئەمانەی لەسەر دیاربكرێت لەلایەن قوتابییان بەهاوكاری مامۆستای بابەت وەك:

١-شوێنی جوگرافی ئەمریكای باشور.

٢-شوێنی ئەسترۆنۆمی كیشوەری ئەمریكای باشور

**هەڵسەنگاندن:**

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان بكات:

١- ئەمریكای باشور بە پلەی چەندەم دێت لە ڕووی ڕووبەرەوە؟

٢- كام وڵات گەورەترین وڵاتە لەم كیشوەرەدا؟

٣- ئەمریكای لاتینی كام وڵات دەگرێتەوە؟ ژمارەیان چەندە؟

**چالاكی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست لەسەر چ بنەمایەك ئەمریكای باشور ئەم ناوەی لێنراوە.

## وانەی دووەم/

### بەرزی و نزمی ڕووی زەوی

**أ- شاخەکان:**

زنجیرە چیاکان بە گرنگترین ڕواڵەتی بەرزی و نزمی دادەنرێن. بەرزاییەکانی (ئەندێز) گرنگترینیانە، بە یەکێك لە درێژترین زنجیرە چیاکانی جیهان دەژمێردرێت، لە باکوری کیشوەرەکە دەست پێدەکات و درێژ دەبێتەوە بەرەو باشوری کیشوەرەکە.

**ب- بانەکان:**

ڕووی زەوی کیشوەرەکە چەندین بانی تێدایە، بەشی هەرە زۆریان دەکەونە خۆرهەڵاتی کیشوەرەکە، بەناوبانگترین و بەرزترینیان بانی ( بەرازیل)ە بێجگە لەم بانە چەندین بانی تر هەن لە کیشوەرەکە وەك بانی (مەکسیك) وە بانی (غیانا) و بانی (بەتەگۆنیا) لە ئەرجەنتین.

**ج- دەشتاییەکان:**

دەشتاییەکانی کیشوەری ئەمریکای باشور دابەش دەبێت بۆ دووبەش :

١) دەشتەلافاوکردەکان : دەشتی (ئەمازۆن) گرنگترین وفراوانترین دەشتەکانی ئەم کیشوەرەیە هەروەها دەشتەکانی( پاراگوای -دەشتەکانی ڕووباری ئۆرینکۆ ) .

٢) دەشتە کەناراویەکان : ئەم کیشوەرە چەند دەشتاییەکی فراوانی هەیە لەخۆرهەڵات وباکوری کیشوەرەکە دەکەوێتە سەر زەریای ئەتڵەسی بەڵام دەشتاییەکانی خۆرئاوای کیشوەرەکە بەهۆی نزیك بوونەوەی چیاکانی ئەندێز لە زەریای هێمن تەسك دەبنەوە .

**چالاکی:**

نەخشەی کیشوەری ئەمریکای باشور هەڵبواسرێت و ئەمانەی لەسەر دیار بکرێت لەلایەن قوتابییان بەهاوکاری مامۆستای بابەت:

١-شاخەکان.

٢-بانەکان.

٣-دەشتەکان.

**هەڵسەنگاندن :**

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابییان بکات وەك:

١-زۆربەی بانەکانی ئەم کیشوەرە دەکەوێتە کام بە شی ؟

٢- گرنگترین ڕواڵەتەکانی بەرزی ونزمی کیشوەری ئەمریکای باشور چییە؟

**چالاکیماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست دەشتەکان چ سودێکیان بۆ نیشتەجێبونی مرۆڤ هەیە؟ ئەمە لێکبدەوە.

## بەرزی ونزمی ڕووی زەوی کیشوەری ئەمریکای باشور



## وانەی سێیەم/

## ئاوو هەوای کیشوەری ئەمریکای باشور

### هەرێمەکانی ئاوهەوای کیشوەرەکە :

**١- هەرێمی ئاوو هەوای یەکسان:**

ئەم هەرێمە دەشتی (ئەمازۆن ) وکەنارەکانی (غینیا ) وکەنارەکانی (کۆلۆمبیا ) دەگرێتەوە.

٢- هەرێمی ئاوو هەوای خولگەیی دەریایی:

کەنارەکانی خۆرهەڵاتی کیشوەرەکە دەگرێتەوە.

**٣- هەرێمی ئاوو هەوای گەرمی شێدار:**

ئەم هەرێمە بانەکانی( غیانا)و بەشی باشوری بانی( بەرازیل) دەگرێتەوە.

**٤- هەرێمی ئاوو هەوای ساڤانا:**

دەشتی لانۆس و زۆربەی بانی بەڕازیل دەگرێتەوە.

**٥- هەرێمی ئاوو هەوای مام ناوەندی شێدار:**

ئاووهەوای ئەم هەرێمە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر :

أ- هەرێمی ئاوو هەوای مام ناوەندی شێداری بارانی هاوینە :

کەناوچەکانی خۆرهەڵاتی کیشوەرەکە دەگرێتەوە هەرێمی (بەمباس) وباشوری بەرازیل .

ب- هەرێمی ئاوو هەوایمام ناوەندی شێداری بارانی زستانە وهاوینی وشك:

بەشی خۆرئاوای کیشوەرەکە دەگرێتەوە ناوەڕاستی (شیلی).

**٦- هەرێمی ئاوو هەوای خۆرئاوای کیشوەرەکە:**

ئەم هەرێمە بەشی باشوری وڵاتی شیلی (باشوری بازنەی پانی (٥٤٠) باشور دەگرێتەوە.

**٧- هەرێمی ئاوو هەوای تەندرا:**

هەرێمی تەندرا ڕوبەرێکی بچووك لە کیشوەرەکە دەگرێتەوە، کە دەکەوێتە ئەو پەڕی باشوری کیشوەرەکە لە باشوری بازنەی پانی (٥٥٠)ی باشور.

**٨- هەرێمی ئاوو هەوا وشك(بیابانی):**

ئاوو هەوای وشك (بیابانی) بەشی باکوری مەکسیك و باکوری بانی مەکسیك و باکوری شیلی و پیرۆ دەگرێتەوە.

**٩-هەرێمی ئاووهەوای نیمچە وشك ( سهوب):**

بە شێوەیەکی شریتی تەسك کەنارەکانی ڤەنزویلا و بەشی ناوەوەی بەرازیل و باکوری خۆرئاوای ئەرجەنتین و بانی بەتەگۆنیا دەگرێتەوە.



هەرێمی دارستانی تێکەڵ لە ئەمریکای باشور

## وانەی چوارەم:

### ڕوەکی سروشتی

**هەرێمەکانی ڕوەکی سروشتی کیشوەری ئەمریکای باشور:**

**١-هەرێمی دارستانی خولگەیی باراناوی (دارستانی سلڤا):**

ناوچەکانی ناوزێڵی ئەمەزۆن دەگرێتەوە.

**٢- هەرێمی دارستانی وەرزی:**

ناوچەکانی خۆرهەڵاتی بەرازیل و پاراگوای دەگرێتەوە.

**٣- هەرێمی دارستانی دڕکاوی:**

ناوچە خولگەییەکان دەگرێتەوە.

**٤- هەرێمی دارستانی تێکەڵ:**

ناوچەکانی باشوری بەرازیل و ئۆراگوای دەگرێتەوە.

**٥- هەرێمی دارستانی مام ناوەندی باراناوی:**

ئەم هەرێمە دەکەوێتە وڵاتی شیلی.

**٦-هەرێمی دارستانی دەریای ناوەڕاست:**

ناوەڕاستی وڵاتی شیلی دەگرێتەوە.

**٧-هەرێمی گژوگیای خولگەیی:**

بە هەرێمی (ساڤانا) دەناسرێت و دوو جۆری هەیە:

أ-(ساڤانای وشك)

ب-(ساڤانای شێدار ):

ئەم هەرێمەلە بەڕازیل بە (کامبوس) دەناسرێت.

**٨- هەرێمی گژوگیای مام ناوەندی:**

ئەم هەرێمە بە (پەمپاس) دەناسرێت.

**٩- هەرێمی گژوگیای ئەستێبس و ڕوەکی بیابان.**

# ڕوبار و دەریاچەكان

## ڕوبارەكان:

**ڕوبارەكانی كیشوەرەكە دابەش دەبن بۆ  سێ بەش:**

١- ئەو ڕوبارانەی دەڕژێنە زەریای ئەتڵەسی:-

ڕوبارەكانی(ئەمازۆن، پارانا، ئۆرنیكۆ )

٢- ئەو ڕوبارانەی دەڕژێنە زەریای هێمن:

ڕوبارەكانی( گراندی سانتیاگۆ ، بالساس) .

٣- ئەو ڕوبارانەی دەڕژێنە دەریایی كاریبی:

ڕوبارەكانی ( ساند جوان، ئوتراتۆ، ماگدالینا   )

## دەریاچەكان:

لەسەر ڕوی كیشوەرەكە چەندین دەریاچە دەبینرێن كە گرنگترینیان ئەمانەن:

(ماراكیبۆ، تیتی كاكا، پوپو )

**چالاكی:**

نەخشەی كیشوەری ئەمریكای باشور لەلایەن قوتابیان بكێشرێت و ئەمانەی لەسەر دیار بكرێت.

١- هەرێمەكانی ئاوو هەوا.

٢- ڕوبار و دەریاچەكان .

**هەڵسەنگاندن :**

مامۆستای چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان بكات وەك:

١- هەرێمی ئاووهەوای ساڤانا كوێ دەگرێتەوە؟

٢- ڕوباری (ساندجوان ، ماگدالینا)  دەڕژێنە كوێ؟

**چالاكی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست بە بۆچونی تۆ ڕوبار و دەریاچە چ كاریگەریەكیان هەیە لەسەر ژینگە بەكورتی بە چەند دێرێك ڕونیبكەوە؟

## کیشوەری ئەمریکای باشور - ڕامیاری



## وانەی پێنجەم/

## دانیشتوانی کیشوەری ئەمەریکای باشور

ژمارەی دانیشتوانی کیشوەرەکە لە ساڵی ٢٠٢١ نزیکەی (٤٣٤ ) ملیۆن کەسە و ڕێژەی چڕی دانیشتوان (٤١٪) کەسە / کم٢ بەپلەی یەکەم وڵاتی ( بەڕازیل ) دێت کە ژمارەی دانیشتوانی (٢١٢،٥) ملیۆن کەسەو بەپلەی دووەم وڵاتی( کۆلۆمبیا) دێت کە ژمارەی دانیشتوانی ( ٥٠،٨ ملیۆن کەسەو وڵاتی (ئەرجەنتین) بەپلەی سێیەم کەژمارەی دانیشتوانی(٤٥،١)ملیۆن کەسە. (دانیشتوانی بنەڕەتی کیشوەرەکە هیندە سورەکانن، کە لەناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوون بۆ کیشوەرەکە، لە پاشان ڕەگەزەکانی تر ڕویان تێکردووە، زۆربەی دانیشتوانی کیشوەرەکە لە شارەکان دەژین، ڕێژەی شارنشین لە کیشوەرەکە(٨٢،٥٪)ە .

## چالاکی ئابوری

### أ ـ کشتوکاڵ:

کشتوکاڵ بە گرنگترین چالاکی ئابووری ئەم کیشوەرە دادەنرێت ئابووری زۆربەی وڵاتانی ئەم کیشوەرە پشت بە داهاتی کشتوکاڵی دەبەستن، بە هەردوو لایەنیەوە(ڕووەکی - ئاژەڵی)، بەم شێوەیە بەروبوومە کشتوکاڵیەکان ڕێژەیەکی زۆر پێك دەهێنن لە داهاتی ناردنە دەرەوەی بەروبووم و کەلوپەل بۆ دەرەوەی وڵاتەکانیان، گرنگترین بەروبوومە کشتوکاڵیەکانی ئەم کیشوەرە ئەمانەن (گەنم ، گەنمەشامی ، برنج ، قامیشی شەکر ، برنج ، لۆکە ).

### ب-پیشەسازی:

لە ڕووی پیشەسازییەوە وڵاتانی کیشوەرەکە لە وڵاتانی گەشەکردوو دەژمێردرێن، لەگەڵ ئەوەش جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لە ژمارە و جۆری پیشەسازیەکان لە نێوان وڵاتانی کیشوەرەکە، زۆربەی ئەم پیشەسازیانەی هەن پیشەسازی دەرهێنانن (استخراجی)، پیشەسازی سوکن و پیشەسازی گۆڕینە کە تا ڕادەیەك پێداویستی ژیانی ڕۆژانە دابین دەکەن بۆ ئەو بازاڕە گەورانەی هەن، لە ئەنجامی زۆری ژمارەی دانیشتوانی شارەکان، بوونی ئەو پیشەسازییانە تا ڕادەیەکی زۆر بە بوونی کەرەستەی خاو گرێدراوە، چونکە کیشوەرەکە دەوڵەمەندە بە جۆراوجۆری کەرەسەی خاوی کانزایی و ڕوەکی و ئاژەڵ، سەرباری فراوان بوونی بازاڕەکان و بوونی سەرچاوەی وزەی جۆراو جۆر، وە گرنگترین کەرەستە خاوەکان (نەوت، گازی سروشتی، ئاسن، قامیشی شەکر و لۆکە و بەروبوومی ئاژەلی.....هتد).

## چالاکی:

نەخشـەی کیشـوەری ئەمریـکای باشـور هەڵبواسـرێت ئەمانـەی لەسـەر دیاربکرێـت لەلایـەن قوتابیـان بەهـاوکاری مامۆسـتای بابـەت.

١- کشتوکاڵ.

٢-پیشەسازی .

## هەڵسەنگاندن :

مامۆستا تاقیکردنەوەیەکی کورت بەقوتابییان دەکات .

## چالاکی ماڵەوە:

قوتابـی خۆشەویسـت بـە بۆچونـی خـۆت باسـی کشـتوکاڵ لـە کیشـوەری ئەمریـکای باشـور بکـە ئایـا بەگرنگیـدان بەکشـتوکاڵ دەتوانرێـت ئابـوری وڵات ببوژێنـەوە؟

## پرسیارەکانی بەندی پێنجەم

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە تەواو بکە:

١- بەرزاییەکانی (.................) بە یەکێك لە درێژترین زنجیرە چیاکانی جیهان دادەنرێت.

٢- بە ناوبانگترین و بەرزترین بان لە کیشوەری ئەمریکای باشور بانی( ............)ە

٣-تا ڕادەیەکی زۆر ئابوری وڵاتانی ئەم کیشوەرە پشت بە داهاتی .......... دەبەستن .

٤- هەرێمی گژوگیای مام ناوەندی لەم کیشوەرەبەهەرێمی (........) دەناسرێت.

٥-هەرێمـی گژوگیـای خولگەیـی بـە هەرێمـی (سـاڤانا) دەناسـرێت و دوو جـۆری هەیـە.................

و....................

٦- هەرێمی ئاوو هەوای مام ناوەندی شێدار دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر

١-...............  ٢-...............

٧- هەرێمـی ئـاوو هـەوای ...............دەکەوێتـە ئـەو پـەڕی باشـوری کیشـوەرەکە لـە باشـوری بازنـەی پانـی (٥٥٠)ی باشـور.

هۆی ئەمەی خواروە ڕونبکەوە:

-دەشتەکانی خۆرئاوای کیشوەری ئەمریکای باشور دەشتایی تەسکن .

## بەندی شەشەم

# کیشوەری ئوستڕالیا

### ئامانجی فێربوون:

- شوێنی جوگرافی کیشوەری ئوستراليا لەسەر نەخشەدیاری بكات.
- ڕوبەری کیشوەری ئوستراليا بزانێت.
- بەرزی ونزمی ڕوی زەوی ئوستراليا بناسێت.
- شیکردنەوە بكات بۆچالاكيە ئابوريەكانی ئوستراليا .
- ڕوبارو دەرياچەكانی ئوستراليا بزانێت.
- ڕوونکردنەوە بۆهەرێمەكانی ئاووهەواو ڕوەکی ئوستراليا بكات.
- گەشەی دانیشتوان و دابەشبوونيان شیبكاتەوە.

## وانەی یەكەم/

## كیشوەری ئوستراليا

### أ- شوێنی جوگرافی كیشوەرەكە:

كیشوەری ئوستراليا بچوكترین كیشوەری جیهانە، بە تەواوی كەوتۆتە نیوەی باشوری زەوی لە باشوری خۆرهەڵاتی كیشوەری ئاسیایە ڕوبەركەی دەگاتە( ٧,٦ )ملیۆن كم٢، حەوتەم كیشوەرە لەجیهاندا لەڕوی گەورەییەوە لە هەموو لایەك بە ئاو دەورە دراوە دەریای ئارفورا و دەریای تەیمور لە باكور و ئۆقیانووسی هێمن لە خۆرهەڵات و باكوری خۆرهەڵات، ئۆقیانووسی هیندی لە خۆرئاواو باكوری خۆرئاوا .

### ب- شوێنی ئەسترۆنۆمی كیشوەرەكە:

ئوستراليا كەوتۆتە نێوان بازنەكانی پانی ٩ - ٤٤ ٥ باشور ،وە هێڵی درێژی ١٢٢ - ١٥٤ خۆرهەڵات، ماوەی نێوان بەشی باكور و باشور دەگاتە ٣٨٦٢كم.




نەخشەی
کیشوەری ئوسترالیا
(ئۆقیانوسیا)

نەخشەی رامیاری ئوسترالیا

ئوستراليا لە ڕووی ئیدارییەوە دابەش دەکرێت بۆ:-

١- کەرتی باکور.

٢- ئوسترالیای باشور.

٣- ئوسترالیای خۆرئاوا.

٤- کوینزلاند.

٥- نیو ساوث ویلز.

٦- ڤیکتۆریا.

٧- تەسمانیا.

٨- کەرتی پایتەختی ئوسترالیا (کانبیرا).

**زانیاری:**

- هۆڵەندیەکان بۆ یەکەم جار لەسەدەی حەڤدەم ئەم کیشوەرەیان دۆزیەوە.
- کیشوەری ئوسترالیا لەڕووی کارگێڕیەوە لەشەش ولایەت و دوو کەرت پێك هاتووە .

**چالاکی:**

قوتابیان بەگرووپ پرسیار دروست بکەن و ئاڕاستەی یەکتری بکەن ،وەڵامەکان لەسەر تەختە(سەبورە) بنوسرێتەوە.

**هەڵسەنگاندن :**

مامۆستای چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان بکات :


١- کیشوەری ئوستراليا بەچی دەورە دراوە؟

٢- کام کیشوەر بچوکترین کیشوەرە لەجیهان؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی خۆشەویست بەبۆچونی تۆ پەیوەندی ئوستراليا بەجیهانی دەرەوە ئاسانە یاخود سەختە؟ بۆ چی؟ ئەمە لێکبدەرەوە بەچەند دێرێکی کورت.

## بەرزی و نزمی ڕوی زەوی ئوسترالیا



## وانەی دووەم/

### پێكهاتەكانی سەر ڕووی زەوی (بەرزی و نزمی)

لە ڕووی پێكهاتەكانی سەر ڕووی زەوی كیشوەری ئوستراليا دابەش دەكرێت بۆ سێ بەش كە ئەمانەن:

**١- بانی ڕۆژئاوا:**

نزیكەی ٤٥٪ ی ڕووبەری ئوستراليا داگیركردووە و دەكەوێتە بەشی خۆرئاوای ئوستراليا.

**٢- دەشتەكانی ناوەڕاست (زەوییە نزمەكان):**

ئەم بەشە دەكەوێتە نێوان بەرزاییەكانی خۆرهەڵات لەلایەك و بانی خۆرئاوا لەلایەكی دیكەوە سێ بەش دەگرێتەوە كە ئەمانەن:

أ- حەوزی كەنداوی كەربنتاريا لە باكور.

ب- حەوزی ئیرتوازی گەورە.

ج- حەوزی ڕوباری میری - دار لینگ.

**٣- بەرزاییەكانی خۆرهەڵات:**

ئەم بەشە كەوتۆتە خۆرهەڵاتی ئوستراليا، نزیكەی ١٤٪ی ڕووبەری ئوستراليا داگیردەكات.



هەرێمی ئاو و هوای بیابانی لە ئوسترالیا

## هەرێمەکانی ئاوو هەوای کیشوەری ئوسترالیا

کیشوەری ئوسترالیا لە ڕوی ئاوو هەواوە بەسەر چەند هەرێمێکدا دابەش دەبێت، ئەم هەرێمانەش بریتین لە:

**١- هەرێمی ئاوو هەوای دەریای ناوەڕاست :**

دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای ئوستراليا.

**٢- هەرێمی ئاوو هەوای بیابانی :**

دەکەوێتە ناوەڕاستی کیشوەری ئوستراليا.

**٣- هەرێمی ئاوو هەوای وەرزی :**

دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ویلایەتی کوینزلاند.

**٤- هەرێمی ئاوو هەوای مام ناوەندی شێدار:**

دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ویلایەتی نیو ساوپ وێڵز.

**٥- هەرێمی ئاوو هەوای خولگەیی نیمچە وشك :**

دەکەوێتە ناوچە بیابانەکانی ئوستراليا.



ڕوباری مێری دارلینگ لە ئوسترالیا

## وانەی سێیەم/

### (سامانی ئاو)

هەڵکەوتنی ئوسترالیا لە نێوان بازنەی پانی (١١ - ٥٤٤) باشور و نەبوونی زنجیرە چیای بەرز بۆتە مایەی کەمی رێژەی داباریـن لە کیشوەرەکە بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەرچی جۆرێ لە جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوان بەشە جیاجیاکانی کیشوەری ئوسترالیا، بۆ نموونە بە وردبوونەوەمان لە نەخشەی سروشتی کیشوەری ئوسترالیا کۆمەڵە ڕوبارێکی زۆر لە تەواوی ناوچە کەناریەکان بەدی دەکرێ، بەڵام رێژەی هەرە زۆری ڕوبارەکان دوای وەرزی باران بارین پڕ ئاو دەبن و دوای ماوەیەکی کەم توشی وشکی دەبن، نمونەی ئەمەش وەکو ڕوباری (فیتزۆری) و( ڤیکتۆریا) لە باکوری ئوسترالیا و ڕوباری (کلارنس) و( ریجموند) لە خۆرهەڵاتی ئوسترالیا.

ڕوباری( مێری - دار لینگ) بە گرنگترین ڕوباری ئوسترالیا دادەنرێت کە ڕوبەری حەوزەکەی دەگاتە ٧٠٠ هەزار کم٢ تاکە ڕوبارە کە بە درێژایی ساڵ ئاوی لێ نابرێت و لەلایەن دانیشتوانەوە پشتی پێ دەبەسترێت بۆ کاروباری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری.

بێجگە لە ئاوی سەر زەوی کیشوەرەکە، ئوسترالیا چەند حەوزێکی ئاوی ژێر زەوی تیادایە، کە لە هەموویان گرنگتر( حەوزی ئێرتوازی مەزنە) کە ڕوبەرەکەی دەگاتە زیاتر لە یەك ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشە ئاوەکەی تا ڕادەیەك سوێرە، بۆ هەموو چالاکییەك دەست نادات و بەکاردەهێنرێت بۆ ئاودانی مەڕو ماڵات.

## وانەی چوارەم:

### گەشەکردنی دانیشتوان لە ئوسترالیا و دابەش بوونیان:

ژمارەی دانیشتوانی ئوسترالیا لە سەرژمێری ساڵی ٢٠٢١ گەیشتە نزیکەی (٤٣)ملیۆن کەس، سپی پێستەکان لە ٩٢٪ و زەرد پێستەکان (ئاسیاییەکان) ڕەگەزەکانی دیکە ٨٪ی دانیشتوان پێك دێنن.

**ئەو بارودۆخە دەرەنجامی دوو هۆکارن:-**

١-دۆزینەوە و دەست بەسەرداگرتنی کیشوەرەکە لە لایەن بەریتانیاو نیشتەجێبوونی بەریتانیەکان بە تایبەتی و ئەوروپیەکان بەشێوەیەکی گشتی تیایدا.

٢-پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئوسترالیای سپی، ئەویش بە دەرگە واڵا کردن لەبەردەم سپی پێستەکان و دانانی ئاستەنگ لەبەردەم کۆمەڵەکانی تر.

ئوسترالیا بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوان و گەورەیی ڕوبەری چڕی دانیشتوانی نزمە، لەم بارەیەوە دەتوانین بڵێین چڕی دانیشتوان لەسەر ئاستی کیشوەرەکانی جیهاندا کەمترین چڕی تێدایە کە لە( ٥) کەس بۆ یەك کیلۆمەتر تێناپەڕێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:-

١- زیاتر لە (٨٧٪)ی ڕوبەری ئوسترالیا پێکدێت لە ناوچەی بیابان و نیمچە بیابانی کە بارانی زۆر کەم لێ دەبارێت و پلەی گەرما بەرزە، کە ئەمەش یارمەتیدەر نییە بۆ نیشتەجێکردن و کۆچکردن بۆی.

٢- کۆسپ خستنە بەر کۆچکردن بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بە ڕەچەڵەك سپی پێست نین بۆ ئەم کیشوەرە.

## شارەكانی ئوستراليا

**گرنگترين شارەكانی ئوستراليا ئەمانەن:**

١- **سدنی :** گەورەترين شاری ئوسترالیايە، ژمارەی دانیشتوانی (٥٣١٢٠٠٠) كەسە.

٢- **ملبۆرن:** دووەمین شاری ئوسترالیایە، ژمارەی دانیشتوانی نزیكەی( ٥٧٨٠٠٠) كەسە و بەندەرێكی گرنگی ئوسترالیايە.

٣- **بيرس :**دەكەوێتە خۆرئاوای كیشوەرەكە ژمارەی دانیشتوانی (٢،٣٠٨،٠٠٠) كەسە.

٤- **بريزبان :** سێیەم شاری گەورەی ئوسترالیایە ژمارەی دانیشتوانی (٢) كەسە.

٥- **ئەديلايد:** پايتەختی ئوسترالیای باشورە .

٦- **هوبارت :** دەكەوێتە باشوری ئوستراليا و شارێكی گەشت وگوزاریە .

٧- **كانبيرا:** هەرچەندە شارێكی بچوكە، بەڵام گرنگە چونكە پايتەختی يەكگرتووی ئوسترالیایە.

### چالاكی:

مامۆستا قوتابییان بەسەر چەندگروپێك دابەش بكات و هەرگروپێك، باسی (سامانی ئاو ، گەشەسەندنی دانیشتوان ، شارەكانی ئوستراليا) بكات هەريەكە باسی ،هەريەكە باسی بابەتەكەی خۆی بكات .

### هەڵسەنگاندن :

١-هەرێمی ئاووهەوای بیابانی لەئوستراليا دەكەوێتە كوێ؟

٢-گرنگترين ڕووبارەكانی ئەم كيشوەرە چين؟

٣-ناوی سێ شاری بەناوبانگی ئەم كيشوەرە دياری بكە؟

### چالاكی ماڵەوە:

ئەوەی دەربارەی كيشوەری ئوستراليا ئاشنا بوويت دەتوانی بەبۆچوونی خۆت بەچەند دێرێك پوختی بكەيتەوە.

# وانەی پێنجەم/

## چالاکی ئابووری

### کشتوکاڵ:

سەرباری ئەوەی کە ئەو ڕووبەرەی بە کەڵکی کشتوکاڵی کردن دێت زۆر کەمەو ناگاتە (١٥٪)ی کیشوەری ئوستراليا، بەڵام زۆر ژیرانە توانراوە ئەو ڕووبەرە بە جۆرەها دانەوێڵە بچێنرێت و کەرتی کشتوکاڵی ڕۆڵی خۆی ببینێت لە بەرەو پێش بردنی وڵاتەکە هەر لەم بوارەوە ئوستراليا پايەيەکی دياری هەيە لە نێو وڵاتانی جيهاندا لە ڕووی کشتوکاڵيەوە، هەروەها لە ناردنە دەرەوەی بەروبوومە کشتوکاڵيەکانی وەکو ((گەنم، گۆشت، دانەوێڵە، شەکر، خوری، بەرهەمەکانی شير....... هتد)). هەروەها بەرهەمی ئاژەڵی پلەی يەکەمی هەيە ڕێژەی (٦٠٪) لە بەهای بەرهەمی کشتوکاڵی ئوستراليا پێکدێنێ وە بەرهەمی ڕووەکی (٣٧٪) و پەلەوەر (٣٪).

### پيشەسازی

بە هاونرخی بەرهەمی پيشەسازی لەپێش بەهاونرخی بەرهەمی کشتوکاڵی دێت، کەرتی پيشەسازی زۆر پێشکەوتووە، ئەو پێشکەوتنەش دەرەنجامی بەکارهێنانی سەرمايەيە لە کەرتی پيشەسازيدا لە لايەن سەرمايەدارە ئوستراليەکان و بێگانەکان، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ دا نزيکەی لە (٢١٪) ی دەستی کارکردن لە پيشەسازی دا بوو.

### هۆکارەکانی پێشکەوتنی پيشەسازی لەکيشوەری ئوستراليا:-

١- بوونی مادە سەرەتاييەکانی ڕووەکی و ئاژاڵ و کانزای پێويست بۆ پيشەسازی هەمەجۆرەکان بە ئاستێکی باش و لەبار.

٢- هەبوونی دەستی کاری کارامە و لێهاتوو و زانا.

٣-هەبوونی سەرمايەی زۆر (چ سەرمايەی خۆماڵی بێ يان بيانی).

٤- هەبوونی وزەی پێويست، بە تايبەتيش وزەی خەڵوز.

٥- شوێنی جوگرافی ئوستراليا، کە تاڕادەيەك شوێنێکی دوورە پەرێزە، ئەم شوێنە يارمەتيدەر بووە بۆ گەشەکردنی پێك هاتە جياوازەکانی کەرتی پيشەسازی بۆ دابين کردنی پێويستە هەمە جۆرەکانی دانيشتوانی ئوستراليا دوور لە ڕکابەری بەرهەمە پيشەسازييەکان وڵاتانی ديکەی جيهان.

٦-ئاسانی ناردنە دەرەوەی بەرهەمە پيشەسازيەکانی ئوستراليا بۆ وڵاتانی کۆمنويلپ* کە ئوستراليا ئەندامە لەو کۆمەڵەيە.

* کومنويلث: بريتيە لە يەکگرتنێکی ڕاميارى کە ژمارەی وڵاتەکانی(٥٤) وڵاتەو ئەندامن تێيدا.

## چالاكی:

مامۆستا قوتابییان دابەش دەكات بەسەر چەند گروپێك، هەر گروپێك ئەركێكی پێ دەسپێردرێت، وەك (كشتوكاڵ ، پیشەسازی ،هۆكارەكانی پێشكەوتنی پیشەسازی لەكیشوەری ئوسترالیا) دواتر هەرگروپێك، باسی ئەركەكەی خۆی دەكات .

## هەڵسەنگاندن :

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابییان بكات

١- بەرهەمی ئاژەڵ پلەی چەندەمی هەیە لەئوسترالیا؟

٣- بۆچی پیشەسازی پێشكەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینی لە ئوسترالیا ؟

## چالاكی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست بەسود وەرگرتن بەسەرچاوەكانی تۆڕی ئینتەرنێت بەچەند دێرێك باسی سامانی ئاژەڵ لە ئوستراليا بكە.

## پرسیارەکانی بەندی شەشەم

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- سنوری خۆرهەڵاتی ئوسترالیایە : أ- زەریای ئەتڵەسی ب-زەریای هێمن

ج-زەریای هیندی د-دەریای ڕەش

٢- بانی خۆرئاوا .........٪ی ڕوبەری ئوسترالیاپێکدێنێت : أ- ١٥٪ ب- ٤٥٪

ج- ٣٥٪ د- ٤٠٪

٣- پایتەختی یەکگرتووی ئوسترالیایە: أ- ملبۆرن ب- سیدنی ج- کانبیرا د- هوبارت

٤- زیاتر لە (........٪)ی ڕوبەری ئوسترالیا پێکدێت لە ناوچەی بیابان و نیمچە بیابانی:

أ- ٧٨٪ ب- ٨٧٪ ج- ٩٨٪ د- ٧٧٪

٥-ئوسترالیا چەند حەوزێکی ئاوی ژێر زەوی تیادایە، کە لە هەموویان گرنگتر:

أ- حەوزی میسیسبی ب- حەوزی ڤیکتۆریا

ج- حەوزی ئیرتوازی مەزنە د- حەوزی مێری دارلینگ

٦- بەرهەمی ئاژەڵی پلەی یەکەمی هەیە ڕێژەی (....٠٪) لە بەهای بەرهەمی کشتوکاڵی ئوسترالیا پێکدێنێ:

أ- ٥٠٪ ب- ٦٠٪ ج- ٤٠٪ د- ٧٠٪

هۆی ئەمانەی خوارەوە ڕونبکەوە :

أ-کەمی چڕی دانیشتوان لەکیشوەری ئوسترالیا.

ب- پێشکەوتنی کیشوەری ئوسترالیا لەپیشەسازیدا.

# بەندی حەوتەم


## کیشوەری بەستەڵەکی باشور (ئەنتارکتیکا)

### ئامانجی فێربوون:

- شوێنی جوگرافی کیشوەری بەستەڵەکی باشور لەسەر نەخشە دیاربکات.
- ڕوبەری کیشوەری بەستەڵەکی باشور بزانێت .
- شیکردنەوە بۆ چالاکییە ئابوریەکانی کیشوەری بەستەڵەکی باشور بکات.
- هەرێمەکانی ئاووهەواو ڕووەکی کیشوەری بەستەڵەکی باشور بناسێت.

# وانەی یەکەم/

## سروشتی لەکیشوەری ئەنتارکتیکا



## شوێنی جوگرافی

کیشـوەری بەسـتەڵەکی باشـور(ئەنتارکتیکا) کیشـوەرێکە دەکەوێتـە ئەوپـەڕی باشـوری گـۆی زەوی ، دەوروبەریشـی بـە زەریـای باشـور گیـراوە، ڕوبەرەکـەی بریتیـە لـە(١٣،٢) ملیـۆن کیلۆمەتـر چوارگۆشـە بەمـەش پێنجـەم گەورەتریـن کیشـوەری جیهانـە.

## ئاوو هەوا

(ئەنتارکتیـکا ) بـە ساردترین و وشـکترین کیشـوەر دادەنرێت،نزمتریـن پلـەی گەرمـی کـە تۆمارکـراوە لەسـەر ڕووی ئـەم کیشـوەرە(-٨٩،٢) پلـە بـووە، بەگشـتی ئـەم کیشـوەرە بـە بیابانـی دادەنرێـت بـە جـۆرێ کەناوەنـدی بـاران بارینـ سـاڵانە تەنهـا (٢٠٠) ملمـە .

## دانیشتوان

لـەم کیشـوەرەدا مـرۆڤ نیـە کـە نیشـتەجێی هەمیشـەیی بێـت بـەڵام (١٠٠٠ تـا ٥٠٠٠) کـەس هەیـە کـە لەناوەندەکانـی توێژینـەوەی زانسـتین کـە بەپانتایـی کیشـوەرەکەدا بڵاوبوونەتـەوە .

## ڕوەك وگیاندار

هـەر لـەم کیشـوەرەدا کۆمەڵێـك ڕووەك وگیانـدار هـەن کـە لەگـەڵ سـەرمادا خۆیـان گونجانـدووە ، لەوانـەش ( پەنگویـن وسـەگی ئـاوی ) هەروەهـا کۆمەڵـێ ڕوەك وەك (ڕوەکەکانـی تەنـدرا ).

### زانیاری:

١-٩٨ ٪ڕووی زەوی کیشـوەری ئەنتارکتیـکا بەفـر داپۆشـیوە .

٢-پێنجەم کیشوەرەلەجیهاندا لە ڕوی ڕوبەرەوە.

٣-ژمـارەی وڵاتانـی ئەنـدام لـە پەیماننامـەی ئەنتارکتیـکا (٤٦) وڵاتـە.

(پەیماننامـەی ئەنتارکتیـکا) لـە سـاڵی ١٩٥٩لـە نێـوان (١٢) وڵات بەسـترا (ولایەتەیەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، ڕوسـیا، بەریتانیـا، فەرەنسـا، یابـان، ئوسـترالیا، باشـوری ئەفریقیـا، بەلجیـکا، نەرویـج، شـیلی، نیوزلەنـدا، ئەرجەنتیـن)

بـە گوێـرەی ئـەم پەیماننامەیـە بـۆ هیـچ وڵاتێـك نیـە هیـچ جۆرەچالاکیەکـی سـەربازی و یـا دەرهێنانـی کانـزاو دەرامەتـی سروشـتی لـەم کیشـوەرەدا ئەنجـام بـدات تەنهـا دەتوانـن توێژینـەوەی زانسـتی تێـدا ئەنجـام بـدەن.

### دورگەکانی ئەم کیشوەرە

کۆمەڵێـك دورگـە هـەن کـە بەشـێکن لـەم کیشـوەرە گەورەترینیـان دورگـەی (**ئەلکسـەندەری یەکـەم**) هەروەهـا دورگـەی (**بیرکنر**) و(**پورسـتۆن**)و(**کارنی**)

### چالاکی:

هەڵواسـینی نەخشـەی جیهـان لەلایـەن قوتابیـان بـە هـاوکاری مامۆسـتای بابـەت شـوێنی جوگرافی کیشـوەری بەسـتەڵەکی باشـور دیاربکرێـت.

### هەڵسەنگاندن :

مامۆستا چەند پرسیارێك ئاراستەی قوتابیان دەکات:

١- ئایا مرۆڤ لەم کیشوەرە نیشتەجێن؟

٢- ڕوبەری کیشوەری بەستەڵەکی باشور چەندە؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابـی خۆشەویسـت بەبۆچونـی تـۆ ئایـا ئاووهـەوا کاریگـەری هەیـە لەسـەر نیشـتەجێبون؟ چـۆن؟ ئەمە ڕوونبکەوە بەچەند دێرێك.

## پرسیارەکانی بەندی حەوتەم

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە تەواو بکە :

١-  کیشوەری بەستەڵەکی باشور (ئەنتارکتیکا ):کیشوەرێکە دەکەوێتە .................. گۆی زەوی.

٢-ڕوبەری کیشوەری ئەنتارکتیکا ............... ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

٣-ناوەندی باران بارین ساڵانە لەکیشوەری بەستەڵەکی باشور ................ملمە.

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

..................................................................................................................................................................................

## سەرچاوەی نەخشەکان

١-ئەتڵەسی (هەرێمی کوردستانی عێراق - عێراق و جیهان) وەزارەتی پەروەردە،
ئامادەکردنی: د.هاشم یاسین حداد و سردار محمد عبدالرحمن.
٢-ئەتڵەسی (هەرێمی کوردستانی عێراق - عێراق و جیهان) وەزارەتی پەروەردە،
ئامادەکردنی: د.هاشم یاسین حداد و سردار محمد عبدالرحمن و هۆشیار محمد امین خۆشناو - ٢٠٠٩.
٣- ئەتڵەسی مێژووی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان - بەرگی یەکەم - بەشی دووەم
ئامادەکردنی سردار محمد عبدالرحمن و هۆشیار محمد امین خۆشناو - ٢٠١٢.
٤- ئەتڵەسی سیاسی هەریمی کوردستان - فەرید ئەسەسەرد،
ئامادەکردنی: سردار محمد عبدالرحمن و هۆشیار محمد امین خۆشناو - ٢٠١٠.
٥- ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر
ئامادەکردن و دانانی: سردار محمد عبدالرحمن و هۆشیار محمد امین خۆشناو - ٢٠١٠.


"ئاو
سەرچاوەی
ژیانە."

گشت مافەکانی ئەم کتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە

ژمارەی سپاردن ( ٥٥١ ) ساڵی ٢٠٠٥

تیراژ (                    ) دانە

نرخ (                    ) دینار

چاپی شانزدەهەم          ٢٠٢٢ زایینی          ٢٧٢٢ کوردی          ١٤٤٣ کۆچی